WWW.RUDAW.NET

# ڕووداو RÛDAW

خوێنەری ڕووداو زۆرتر دەزانێت

ژمارە (372) دووشەممە 2015/8/24 2ی گەلاوێژی 2715 (750) دینار

## لە دهۆک پیاوێک و هەردوو ژنەکەی لەسێدارە دەدرێن


**ڕووداو- دهۆک**

دوای حەوت ساڵ لە ڕاگرتنی جێبەجێکردنی سزای لە سێدارەدان لە هەرێمی کوردستان، هەفتەی ڕابردوو سزای لە سێدارەدان بەسەر پیاوێک و دوو ژنەکەیدا لە شاری دهۆک جێبەجێ کرا.

ڕۆژی 2011/11/18 کچێک بەناوی ئاڤان حاجی، کە چووبووە پارکێکی زاخۆ، ون بوو. هەر لە زاخۆ ڕۆژی 2012/3/24 کچێکی دیکە بەناوی هاڤین حەسەن دیار نەما، تەمەنی هەردوو کچەکە 11 ساڵان بوو، دواتر دەرکەوت لەلایەن پیاوێکی دانیشتووی هەولێرەوە ڕفێندراون کە دوو ژنی هەبوو، یەکێکیان لە زاخۆ و ئەوی دیکەیان لە شارۆچکەی بنەسڵاوەی نزیک هەولێر نیشتەجێ بوو. تاوانی ڕفاندن و دەستدرێژی بۆ سەر ئەو مێرمنداڵانە و پاشان کوشتنیان، لەڕێی یەکێک لە ژنەکانی ئەو پیاوەوە ئاشکرا دەبێ کە بە ئاگاداریی ژنەکانی کراوە، هەربۆیە ڕۆژی 2014/4/24 دادگای باڵای تاوانی دهۆک سزای لە سێدارەدانی بۆ هەرسێکیان دەرکرد و سزاکە لە هەفتەی ڕابردوودا، پاش واژۆکردنی لەلایەن سەرۆکی هەرێمی کوردستانەوە، جێبەجێ کرا.

جێبەجێکردنی سزای لەسێدارەدان، لەساڵی 2008ەوە لە هەرێمی کوردستان ڕاگیرابوو.

« 2




پزیشکێک تەرمی 122 منداڵی کوردی لای خۆی هەڵگرتووە

2

ئەندامێکی مەکتەبی سیاسی یەکگرتوو:

ئەگەر کاک مەسعود گوتبای دەکشێمەوە ڕەنگە لێی قبوڵ نەکرایە

5



زارگەلی بەرماڵەکەی پوورە ئایش بۆ ئەردۆغان دەنێرێ

7

لەماوەی دوو مانگدا بە بەهای یەک ملیار دۆلار نەوتی کڕیوە

# "ئیسرائیل گەورەترین کڕیاری نەوتی کوردستانە"

« 3



پەرلەمانتارێکی یەکگرتوو دەبێتە پێشمەرگە

4

5 پیاو لەلایەن ژنەکانیانەوە دەکوژرێن

15

سەرۆکی نەمسا وێنەی خۆی و پەناخوازێکی کورد بڵاودەکاتەوە

9

ڕووداو
ڕاپۆرتە هەواڵ
ژمارە (372) دووشەممە 2015/8/24

## ورچێک لەسەر دزیکردن دەستگیردەکرێت



**ڕووداو– ئیلام**

لە گوندی چەمسوری شاری دێهلۆران، سەر بە پارێزگای ئیلامی ڕۆژهەڵاتی کوردستان، ورچێک لەسەر دزیکردن دەستگیردەکرێت. بە گوتەی شایەتحاڵان لە گوندی چەمسور، ماوەیەک بووە کە هەستیان بەوەکردووە، هەموو شەو کەسێک دەچێتە ناو کادێن و ڕێژەیەکی بەرچاو تفاقیان لێدەدزێت، دوای چەند ڕۆژ لە دووبارەبوونەوەی ئەو حاڵەتە ، هاووڵاتیان بڕیار دەدەن شەوێک پاسەوانی بکەن و دزەکە بدۆزنەوە. دوای چەند کاژێرێک چاوەڕوانی هاووڵاتیانی گوندەکە دەبینن کە دزەکە، مرۆڤ نەبووە ، بەڵکو ورچێکە.

### دوای حەوت ساڵ لە ڕاگرتنی سزاکە

# لە دهۆک پیاوێک و هەردوو ژنەکەی لەسێدارە دەدرێن

**ناسر عەلی**
**ڕووداو– دهۆک**

دوای حەوت ساڵ لە ڕاگرتنی جێبەجێکردنی سزای لە سێدارەدان لە هەرێمی کوردستان، هەفتەی ڕابردوو سزای لە سێدارەدان بەسەر پیاوێک و دوو ژنەکەیدا لە شاری دهۆک جێبەجێ کرا. دادوەرێکی دادگای تاوانی دهۆک دەڵێت "مەرسومی هەرێمی بۆ جێبەجێکردنی سزاکەیان دەرچوو، بۆیە سزاکەیان بەسەردا جێبەجێ کرا".

ڕۆژی 2011/11/18 کە یەکەم ڕۆژی جەژنی قوربان بوو، کچێک بەناوی ئاڤان حاجی، کە چووبووە پارکێکی زاخۆ، ون بوو. هەر لە زاخۆ ڕۆژی 2012/3/24 کچێکی دیکە بەناوی هاڤین حەسەن ون بوو، تەمەنی هەردوو کچەکە 11 ساڵان بوو، دواتر دەرکەوت لەلایەن پیاوێکی دانیشتووی هەولێرەوە ڕفێندراون.

نەقیب نەشئەت سلێمان، بەرپرسی ڕاگەیاندنی پۆلیسی قەزای زاخۆ، باسی هەوڵە سەرەتاییەکانی پۆلیس دەکات بۆ دۆزینەوەی ئەو دوو کچە و دەڵێت "گومانمان لە چەند کەسێک بوو، یەکێک لەوان (ف.ج) بوو، ئەو و ژنەکەیمان بانگ کرد بۆ لێکۆڵینەوە، بەڵام ئەوکات هیچیان لەسەر ئاشکرا نەبوو، هەتا مانگی شوباتی 2014".

(ف.ج) کە لە زاخۆ کاری لەبغی دیواری دەکرد، دوو ژنی هەبوو، یەکێکیان لە زاخۆ و ئەوی دیکەیان لە شارۆچکەی بنەسلاوە لە هەولێر نیشتەجێ بوو.

نەقیب نەشئەت دەڵێت "ڕۆژێک ژنەکەی (ف.ج)، ئەوەی لە زاخۆ دادەنیشت، سەردانی کردین و گوتی مێردەکەم لەگەڵم خراپە و زۆرم لێدەدات، چارەیەکم بکەن. ئێمەش پێمانگوت دەبێ بچیتە بەڕێوەبەرایەتی بەرەنگاربوونەوەی توندوتیژیی دژی ژنان. بەڵام ئەو گوتی ئەگەر ئێوە بتوانن من لە دەستی ئەو پیاوە ڕزگار بکەن، من شتێکی گرنگتان پێدەڵێم. ژنەکە گوتی: ئەو دوو کچەی لە زاخۆ ون بوون، مێردەکەی من ڕفاندوونی و هەردووکیشی کوشتوون".

(ف) لە ژنەکەی زاخۆ کچێکی هەیە و لە ژنەکەی هەولێریش پێنج منداڵی هەیە. کەسێکی نزیک لە (ف) بە (ڕووداو)ی گوت "(ف) هەردوو کچەکەی بردبوون بۆ ماڵی ژنە گەورەکەی لە هەولێر، هەر هەمان ڕۆژیش گەڕابووەوە زاخۆ، بۆ ئەوەی کەس هەستی پێنەکات. (ف) دەستدرێژی کردبووە سەر هەردوو کچەکە و پاشانیش هەردووکی کوشتبوون".




(ف.ج) بەتاوانی ڕفاندن و کوشتنی ئاڤان و هاڤین لەسێدارەدرا

دوای ئاشکرابوونی تاوانەکە، پۆلیس (ف) و هەردوو ژنەکەی (خ.ح) و (ب.ح)ی دەستگیر کرد. پرۆسەی دادگایی دەستی پێکرد. ڕۆژی 2014/4/24 دادگای باڵای تاوانی دهۆک سزای لە سێدارەدانی بۆ هەرسێکیان دەرکرد. بڕیارەکەی دادگا ڕەوانەی دادگای تەمیز کرا و دادگای تەمیزیش بڕیارەکەی پەسەند کرد. پاشان بڕیارەکە ڕەوانەی سەرۆکایەتی هەرێمی کوردستان کرا، بۆ ئەوەی مەسعود بارزانی واژۆی لەسەر بکات.

سەرۆکی هەرێمی کوردستان لە ساڵی 2008ەوە واژۆی لەسەر هیچ بڕیارێکی جێبەجێکردنی سزای لە سێدارەدان نەکردووە. بەمەش چەندین تاوانبار کە سزای لەسێدارەدانیان بۆ دەرچووە، چارەنووسیان بە هەڵواسراوی ماوەتەوە.

دادوەر د.عەبدولڕەحمان سلێمان زێباری، دادوەری دادگای تاوانی دهۆک- ژمارە دوو دەڵێت "دوای پەسەندکردنی ئەو بڕیارە لەلایەن دادگای تەمیز، بڕیارەکە دەچێتە وەزارەتی داد، لەوێش ڕەوانەی سەرۆکایەتی هەرێمی کوردستان کرا".

سەرچاوەیەک لە دادگای تاوانەکانی دهۆک کە نەیویست ناوی بڵاوبکرێتەوە، ڕایگەیاند "بەبێ بڕیاری سەرۆکی هەرێمی کوردستان هیچ کەسێک لە سێدارە نادرێت. حوکمی لەسێدارەدانی ئەو سێ کەسەش لەلایەن سەرۆکی هەرێمی کوردستانەوە واژۆی لەسەر کراوە".

ئەو سێ کەسە دووجار سزای لە سێدارەدانیان بۆ دەرچووە. دادوەر عەبدولڕەحمان سلێمان زێباری کە خۆی حوکمی لە سێدارەدانی بۆ ئەو سێ کەسە دەرکردووە، گوتی "ئەوان بەپێی ماددەی 422 لە یاسای سزادانی عێراقی دووجار سزای لە سێدارەدانیان بۆ دەرچوو، چونکە دوو کەسیان لە دوو کاتی جیاوازدا ڕفاندبوو، پاشانیش کوشتبوویانن". گوتیشی "گوشارێکی زۆری شەقام هەبوو بۆ لەسێدارەدانیان".

سزای ئەو سێ تاوانبارە هەفتەی ڕابردوو لە شاری دهۆک بە ئامادەبوونی چەند لایەنێک جێبەجێ کرا. د.عەبدولڕەحمان دەڵێت "سزاکە بە ئامادەبوونی دادوەرێک و نوێنەری زانایانی ئاینی و پارێزەرانی دوو کچەکە و کەسوکاریان جێبەجێ کرا".

حەجی کە بابی ئاڤانە، خۆشحاڵە بە جێبەجێکردنی سزای لەسێدارەدان بەسەر بکوژی کچەکەیدا و دەڵێت "لە سێدارەدانی ئەوان زۆر دڵخۆشی کردین، هەر هیچ نەبێت کەمێک لە برینەکانی ئێمە ساڕێژ بوون".

هەرچەندە ئەو دادوەرە دەڵێت کەسوکاری دوو قوربانییەکە ئامادەبوون، بەڵام حەجی دەڵێت "کەس ئێمەی ئاگادار نەکردەوە، بە ڕێگەی تایبەت زانیمان ئەوان لە سێدارە دراون".

# پزیشکێک تەرمی 122 منداڵی کوردی لای خۆی هەڵگرتووە



**کارزان حەیدەر**
**ڕووداو- هەولێر**

لە نهۆمی سەرەوەی نۆرینگەکەی، 122 منداڵی مردووی بۆ ماوەی زیاتر لە 35 ساڵە لە نێو شووشەدا پاراستووە.

دکتۆرە عەتیە لەپ زێڕین، ناسنامەی ئەو منداڵانە ئاشکرا دەکات و دەڵێت "ئەو منداڵانە لە سەردەمی ڕاگواستنی گوندەکانی کوردستاندا لەلایەن حیزبی بەعسەوە، بە مردوویی و ناکامی لەدایک بوون".

هەر منداڵێک لەو منداڵانە خراوەتە نێو شووشەیەک و شووشەکە پڕ کراوە لە ماددەی فۆرمالین بۆ ئەوەی جەستەی منداڵەکان لە تێکچوون بپارێزێ، لەسەر هەر شووشەیەکیش ناوی منداڵەکە و دایکی و هۆکاری مردنی منداڵەکە نووسراوە.

دکتۆرە عەتیە دەڵێت "پرۆسەی ئەنفال ڕۆڵێکی خراپی هەبوو بەسەر ئەو نەوەیەش کە هێشتا لەدایک نەبووبوون ، بۆیە دەمەوێ مۆزەخانەیەک بۆ ئەو منداڵانە لە نەخۆشخانەکەم بکەمەوە".

دکتۆرە عەتیە لەپ زێڕین کە لە ئینگلتەرا خوێندنی تەواو کردووە، ساڵی 1979 بەشی ئافرەتان و منداڵبوونی لە نەخۆشخانەی فێرکاریی هەولێر کردووەتەوە. لەپ زێڕین دەڵێت لەکاتی ڕاگواستنی خەڵکی گوندەکانی نزیک سنوور بۆ کۆمەڵگاکانی دەوروبەری هەولێر کە نزیکەی 18 کەمپ دەبوون، بەهۆی نەداری و خراپیی تەندروستی و حاڵی خراپیان، ئافرەتەکان منداڵیان زۆر لەبار دەچوو، چونکە خوێنیان زۆر کەم بوو، هەندێکیشیان منداڵی ناکامڵیان دەبوو".

لەبارەی هۆکاری مردنی ئەو منداڵە ناکامڵانە لەو سەردەمەدا، دکتۆرە عەتیە گوتی "پاش ئەوەی دیراسەی حاڵەتەکەمان کرد، بەتایبەت بۆ ئەوانەی منداڵەکانیان سەریان ناتەواو بوو، بۆمان دەرکەوت نەخۆشیی (تۆکسۆ پلازما) یان هەبوو، کە لەنێو کوردەواری ئێستاش پێیدەڵێن نەخۆشیی (پشیلە) و گوایە لە پشیلەوە نەخۆشییەکە دەگوازرێتەوە. ئەو (تۆکسۆ پلازما)یە بە سەوزەو میوەوە دەنووسێت و لە شوێنی پیس هەیە، ئەو کۆمەڵگایانەش شوێنەکەیان زۆر پیس بوو، ئاوەڕۆیان نەبوو بۆ فڕێدانی پاشەڕۆکانیشیان".

دکتۆرە عەتیە بە هاوکاریی پزیشکێکی دیکە دیراسەیەکی لەسەر 300 لەو ئافرەتانە کردووە کە منداڵیان لەبار دەچوو، یان منداڵی ناکامڵیان دەبوو. ئەو گوتی "پزیشکە هاوکارەکەم بەهۆی ئەو دیراسەیەوە پلەکەی بەرز کرایەوە، بەڵام من لەبەر ئەوەی بەعسی نەبووم، پلەکەم بەرز نەکرایەوە".

دکتۆرە عەتیە بە ڕەزامەندیی دایک و باوکی منداڵەکان، ئەو منداڵانەی وەرگرتووە و لەنێو مادەی فۆرمالین هەڵیگرتوون. ئەو تاوەکو ساڵی 1985 ئەو منداڵانەی وەرگرتووە کە ژمارەیان گەیشتووەتە 122 منداڵ.

دکتۆرە عەتیە ئەو منداڵانەی بۆ مەبەستی پزیشکی بەکارهێناوە و دەڵێت "قوتابییەکانم لەسەر ئەو منداڵانە خوێندوویانە، هەروەها پزیشکەکان و پەرستارەکانیش". گوتیشی "جگە لەو منداڵانە ئەو گرێیانەشم هەڵگرتوون کە لە سکی ژنانم دەرهێناون، گرێم هەڵگرتووە کێشی شەش کیلۆ بووە، لەو ماوەیە نەشتەرگەریم بۆ ژنێک کرد، گرێیەکی 14 کیلۆییم لە سکی دەرهێنا".

### پەرلەمانتارێکی لیژنەی ئەوقاف:

# 188 کەس لەسەر گیرفانی حاجیانی کوردستان دەچنە مەککە

**بەڕێوەبەری گشتیی حەج و عەمرە: ئەو قسەیە ڕاست نییە و پارەی حاجییان بەشی خۆیان ناکات**

**پەرلەمانتارێک : بەشێک لە پارەی حاجییان دەبێتە داهات بۆ ئەوقاف**



(فۆتۆ: سیروان عەزیز)

**پشتیوان جەمال**
**ڕووداو — سلێمانی**

دوو ئەندامی لیژنەی ئەوقاف لە پەرلەمانی کوردستان دەڵێن ستافی کارگێڕی و خاوەنی کۆمپانیاکانی حەج و تیمی تەندروستی کە یاوەریی حاجیانی کوردستان دەکەن، لەسەر حیسابی حاجیان دەچنە شاری مەککە. بەڵام بەڕێوەبەری گشتیی حەج و عەمرەی هەرێمی کوردستان ئەو قسانە ڕەتدەکاتەوە و دەڵێت "پارەی حاجیان بەشی خۆیان ناکات".

ڕۆژی 25/8/2015 یەکەم کاروانی حاجیانی کوردستان بەرەو شاری مەککە بەڕێدەکەوێت. بۆ ئەمساڵ 3656 کەس گەشت دەکەن و هەر حاجییەکیش بڕی چوار ملیۆن و 200 هەزار دیناری لێ وەرگیراوە. بەڵام لەو ژمارەیە 188 کەسیان پارە نادەن کە پێکهاتوون لە 81 بەڕێوەبەری کۆمپانیا، 17 کارمەندی تەندروستی، 30 مورشیدی دینی، پێنج سەرۆک و ئەندامی لیژنەی فەتوا، دوو نوێنەری ئەنجومەنی وەزیران و وەزارەتی دارایی و 31 فەرمانبەری بەڕێوەبەرایەتی گشتیی حەج و عەمرە و 22 فەرمانبەری بەڕێوەبەرایەتی گشتی ئەوقافەکانی پارێزگاکان و دیوانی وەزارەت.

د.هەورامان گەچێنەیی، ئەندامی لیژنەی ئەوقاف و کاروباری ئاینی لە پەرلەمانی کوردستان بە (ڕووداو)ی گوت، ساڵانە لە پارەی نەفەقاتی حاکیمە پارە بۆ دەستەی حەج و عەمرەی عێراق تەرخان دەکرێ و بڕە پارەیەکیش بۆ بەڕێوەبەرایەتی گشتی حەج و عەمرەی هەرێمی کوردستان دادەنرێت، دەبێت لەوە پارەی ئەو 188 کەسە خەرج بکرێ.

گەچێنەیی دەڵێت ئەمساڵ و ساڵی ڕابردوو بەهۆی قەیرانی داراییەوە، ئەو پارەیە نەهاتووە بۆ حەج و عەمرە، بۆیە لە پارەی حاجیان پارەی ئەو 188 کەسە خەرج دەکرێت "بەدڵنیاییەوە ئەمساڵ لە پارەی حاجییان پارەی ئەو وەفدە کارگێڕییانە خەرج دەکرێت و ئەوەش نایاساییە".

بەڵام شێخ قاسم بەرزنجی، بەڕێوەبەری گشتیی حەج و عەمرە لە وەزارەتی ئەوقاف و کاروباری ئاینی ڕەتیکردەوە، لەو پارەیەی لە حاجییان وەرگیراوە، پارەی ئەو وەفدانە خەرج بکرێت و گوتی "بەهیچ شێوەیەک ئەو قسەیە ڕاست نییە، چونکە ئەو پارەیەی لە حاجییان وەرگیراوە بەشی خۆیان ناکات، هەتا ئێمە بۆ ئەو وەفدانەشی خەرج بکەین".

سەبارەت بە پارەی ئەندامانی وەفدەکانیش گوتی "ئەوانیش تەنیا 4 ملیۆن و 200 هەزارەکە نادەن و دەبێت وەزارەتەکانی خۆیان ئیفادیان بۆ خەرج بکەن".

دەربارەی شوێنی حەوانەوەی وەفدەکانیش، بەرزنجی گوتی "ئێمە بە پارەی حاجییان باڵەخانەکان دەگرین و ئەو کەسانەش لە نێو ئەو باڵەخانانەدا دەمێننەوە، چونکە بۆ خزمەتکردنی ئەوان دێن".

بە گوتەی ناوبراو، ئیفاد 35 فەرمانبەر دەگرێتەوە لە بەڕێوەبەرایەتیی گشتی حەج و عەمرە و بەڕێوەبەرایەتی حەج و عەمرەی پارێزگاکان و نوێنەرەکانی ئەنجومەنی وەزیران و وەزارەتی دارایی و دوو فەرمانبەری وەزارەت کە 40%ی ئیفادیان هەیە و ئەگەر ئیفادەکەشیان زۆر بێت دەگاتە 2200 دۆلار، ئەو ئیفادەش لەسەر پارەی حاجییان نییە.

بەرزنجی ڕوونیکردەوە کە ساڵانە لەو پارەیەی بۆ گەشتی عەمرە وەریدەگرن، بڕی 50 دۆلار دەبێتە داهات، لەوەش 20 دۆلاری بۆ داهاتی بەڕێوەبەرایەتی گشتی حەج و عەمرە و 30 دۆلاریشی بۆ دەستەی حەج و عەمرەی عێراقە و گوتی "پارەی ئەو وەفدانەش لە پارەی نەفەقاتی حاکیمە و داهاتی عەمرەیە".

بەپێی ئەو زانیاریانەی دەست (ڕووداو) کەوتوون، نابێت هیچ فەرمانبەرێکی ئەوقاف "بەدەل حەج" بۆ هاووڵاتی دیکە بکات، واتە لە بری کەسانی کۆچکردوو حەج بکات و لە بەرامبەریدا پارە وەربگرێت، بەڵام شێخ قاسم ئەو کارەی بە "ئاسایی" ناوبرد و گوتی "بەدەل تەنیا بۆ خاوەن کۆمپانیاکان قەدەغەیە، ئەوەش بۆ ئەوەی بە کاری لاوەکییەوە سەرقاڵ نەبن".

بەڵام ئەنەس دۆسکی کە ئەندامێکی دیکەی لیژنەی ئەوقافی پەرلەمانە، زانیارییەکانی هەورامان گەچێنەیی تەئکید کردەوە و گوتی "هەموو ساڵێک و ئەمساڵیش مامۆستایانی ئاینی و پزیشک و کارگێڕییەکان و نوێنەری ئەنجومەنی وەزیرانیش لەسەر حسابی حاجییان سەفەر دەکەن". گوتیشی "لەو پارەیەی حاجیانیش هەمووی خەرج ناکرێت، بەڵکو بەشێکی دەبێتە داهات بۆ بەڕێوەبەرایەتیی گشتی حەج و عەمرە".

ڕووداو
ڕاپۆرت
ژمارە (372) دووشەممە 2015/8/24



## نێچیرڤان بارزانی: ئەگەر نەسازاین با ڕاپرسی بکرێ

**ڕووداو- هەولێر**

نێچیرڤان بارزانی، جێگری سەرۆکی پارتیی دیموکراتیی کوردستان، دوایین هەڵوێستی حیزبەکەی لەبارەی چۆنیەتی هەڵبژاردنی سەرۆکی هەرێمی کوردستان ڕاگەیاند، کە ئەگەر نەگەنە سازان، بەپێویستی دەزانن بابەتەکە بخرێتە ڕاپرسییەوە. بارزانی ئێوارەی ڕۆژی 2015/8/23 دوای کردنەوەی نووسینگەی یەکێتی ئەورووپا لە شاری هەولێر، لەبارەی کۆبوونەوە پێنج قۆڵییەکان ڕایگەیاند، کە هەموو هیوایەکیان ئەوەیە بگەنە ئەنجامێک. نێچیرڤان بارزانی لەبارەی پرسەکە بەتایبەت کە بەشێکی گرفتەکە چۆنیەتی هەڵبژاردنی سەرۆکی هەرێمی کوردستانە، گوتی "ئەگەر لایەنەکان نەگەنە سازان، پێویستە بابەتی سەرۆکی هەرێمی کوردستان بخرێتە ڕاپرسییەوە".

## لەماوەی دوو مانگدا بە بەهای یەک ملیار دۆلار نەوتی کڕیوە

# "ئیسرائیل گەورەترین کڕیاری نەوتی کوردستانە"

**دەریاز ساڵح**
**ڕووداو- هەولێر**

ڕۆژی یەکشەممە 2015/8/23، ڕۆژنامەی فاینانشیاڵ تایمزی بەریتانی ڕاپۆرتێکی لەبارەی فرۆشتنی نەوتی هەرێمی کوردستان بە ئیسرائیل و ژمارەیەک وڵاتی دیکە بڵاوکردەوە. بەپێی ڕاپۆرتەکە، ئیسرائیل ئێستا سێ لەسەر چواری پێداویستییەکانی لە نەوت لە ڕێگەی کڕینی نەوتی کوردستانەوە دابین دەکات و تەنیا لە ماوەی دوو مانگی ئەمساڵدا (ئایار و ئاب) بە بەهای یەک ملیار دۆلار نەوتی کوردستانی کڕیوە.

جگە لە دابینکردنی مووچە و فەراهەمکردنی خۆشگوزەرانی بۆ هاونیشتمانیان کە داهاتی هەرێمی کوردستان زیاد لە 95%ی لە پارەی نەوت بەدەستدێت، کورد نەوت بۆ پشتیوانی نێودەوڵەتی لە دۆزی کورد و پەیداکردنی هاوپەیمان دەفرۆشێت، بەڵام وەک ڕاپۆرتەکەی فاینانشیاڵ تایمز ڕوونی کردووەتەوە، پرۆسەی کڕین و فرۆشتنی نەوتی هەرێمی کوردستان بەشێوەیەکی نهێنی و لەڕێگەی کۆمپانیا گەورەکانی بواری فرۆشتنی نەوتەوە ئەنجام دەدرێت.

بەپێی داتا بەردەستەکان، ئیسرائیل ڕۆژانە پێویستی بە 240 هەزار بەرمیل نەوتە، وەک ڕۆژنامەکەش ئاشکرای کردووە، ئیسرائیل 77%ی ئەو پێداویستییەی لەڕێگەی کڕینی نەوتی کوردستانەوە دابین دەکات.

وڵاتە بە نەوت دەوڵەمەندەکانی کەنداوی عەرەبی، پەیوەندییەکی سیاسی و بازرگانیی ئەوتۆیان لەگەڵ ئیسرائیلدا نییە، ئەمەش وایکردووە ئیسرائیل زیاتر پێویستی بە نەوتی کوردستان بێت.

دڵشاد شەعبان، جێگری سەرۆکی لیژنەی پیشەسازی و وزە و سەرچاوە سروشتییەکان لە پەلەرمانی کوردستان، لە لێدوانێکدا بۆ تۆڕی میدیایی ڕووداو، ڕەتیکردەوە هەرێمی کوردستان هیچ جۆرە مامەڵەیەکی ڕاستەوخۆی ئابووری لەگەڵ ئیسرائیل هەبێت. پەیوەست بە نەوتیش گوتی " ئێمە وەک لیژنەکەمان لە پەرلەمانی کوردستان، لێکۆڵینەوەمان کردووە و ئاگاداری مامەڵەیەکی لەو جۆرە نین، پرۆسەی فرۆشتنی نەوتیش ڕوون و ئاشکرایە، ئێمە تەواوی نەوتەکە بە کۆمپانیایەک دەفرۆشین نەک وڵاتێک، کۆمپانیاکەش لەسەر ئاستی نێودەوڵەتی ناسراوە". دڵشاد شەعبان گوتیشی "ڕەنگە نەوتی کوردستان لەڕێگەی دەستی سێیەم و چوارەمەوە گەیشتبێتە ئیسرائیل، بەڵام ئێمە لێی ئاگادار نین".

سەرەڕای ئەمە، فاینانشیاڵ تایمز دەڵێت "دەنگۆی ئەوە هەیە کە حکومەتی هەرێمی کوردستان داشکاندنی نرخی بۆ حکومەتی ئیسرائیل کردبێت و تەلئەبیب بە نرخێکی هەرزانتر نەوت لە هەولێر بکڕێت". ڕۆژنامەکە لەسەر ئەو پرسە بەدواداچوونی کردووە و دەڵێت بەرپرسانی هەرێمی کوردستان ڕەتیدەکەنەوە کە بە ڕاستەوخۆ یان ناڕاستەوخۆ نەوتیان بە ئیسرائیل فرۆشتبێت، چجای ئەوەی داشکاندنیان بۆ کردبێت، هەرچەندە ڕۆژنامەکە ئاماژەی بە هیچ سەرچاوەیەکی دیار نەکردووە.

ڕووداو هەمان پرسیاری ڕووبەڕووی دڵشاد شەعبان، جێگری سەرۆکی لیژنەی پیشەسازی و وزە و سەرچاوە سروشتییەکانی پەرلەمانی کوردستان کردەوە، ئەو لە وەڵامدا گوتی "مەحاڵە ئێمە داشکاندنمان بۆ هیچ کۆمپانیا و وڵاتێک کردبێت، نەوتی کوردستان لە بازاڕە جیهانییەکاندا بە نرخی ڕۆژ دەفرۆشرێت، ئەو کاتەی ئێمە ڕێککەوتنمان لەگەڵ کرد، ڕۆژانە 525 هەزار بەرمیلمان پێدەفرۆشت بە



(فۆتۆ: سیروان عەزین)

55 دۆلار، کە دەیکردە نزیکەی 850 ملیۆن دۆلار، بەڵام ئێستا نرخی نەوت دابەزیوە".

مانگی ئایاری 2014 بە هەمانشێوەی ئێستا، ئاژانسی ڕۆیتەرز ڕاپۆرتێکی لەبارەی فرۆشتنی نەوتی هەرێمی کوردستان بە ئیسرائیل بڵاوکردەوە، ئەوکات هەواڵەکە کاردانەوەی توندی لەنێو بەرپرس و لایەنەکانی حکومەتی عێراق لێکەوتەوە، لەسەر ئەوەی حکومەتی عێراق بەفەرمی هیچ پەیوەندییەکی لەگەڵ ئیسرائیلدا نییە، کەچی کوردستان نەوتی پێدەفرۆشێت. لە بەرامبەریشدا وەزارەتی سامانە سروشتییەکانی هەرێمی کوردستان هەواڵەکەی بە هەموو شێوەیەک ڕەتکردەوە.

پەیوەست بەم پرسە، بەرپرسانی ئیسرائیلی قسەیان بۆ فاینانشیاڵ تایمزی بەریتانی نەکردووە و ڕەتیانکردووەتەوە سەرچاوەی بەدەستهێنانی نەوتی خۆیان ئاشکرا بکەن. ئیسرائیلییەکان ئەوەیان بە بابەتێکی پەیوەست بە ئاسایشی نەتەوەیی ناوبردووە. هەر لە ڕاپۆرتەکەدا ئەوە خراوەتەڕوو کە جگە لە ئیسرائیل، ئیتاڵیا و تورکیا و یۆنانیش ئەمساڵ نەوتی کوردستانیان کڕیوە.

بەرپرسانی هەرێمی کوردستان چەند جارێک ڕایانگەیاندووە کە ئەوان نەوتی کوردستان بە کۆمپانیایەک دەفرۆشن و بەرپرس نین لەوەی کۆمپانیاکە دواتر بە کێی دەفرۆشێ.

پرسی پەیوەندی لەگەڵ ئیسرائیل تەنیا بۆ لایەنێکی لاوازی وەکو کورد هەستیارە، ئەگەرنا لە ناوچەکەدا وڵاتانی وەک تورکیا، ئوردن، میسر و مەغریب نوێنەرایەتی دیپلۆماسییان لەگەڵ تەلئەبیب گۆڕیوەتەوە و لە پەیوەندییەکی ئاشکرادان لەگەڵ ئەو وڵاتە.

سەبارەت بە ئەگەری دروستبوونی پەیوەندی سیاسی و ئابووری لە نێوان هەولێر و تەلئەبیب، کە بەشێک لە وڵاتە عەرەبییەکان هەموو جۆرە پەیوەندییەک لەگەڵ ئیسرائیل ڕەتدەکەنەوە و لەڕووی نێودەوڵەتیش هەرێمی کوردستان لە چوارچێوەی عێراقدایە، دڵشاد شەعبان گوتی "هەر وڵاتێک ئاڵای لە نەتەوە یەکگرتووەکان هەبێت، بە ڕای من ئاساییە پەیوەندی لەگەڵ ببەستین، ئیسرائیل خاوەن خاک و ئاڵا و سەروەریی خۆیەتی". دڵشاد شەعبان پەرلەمانتاری سەر بە پارتی دیموکراتی کوردستانە.

دوای زیادبوونی ناکۆکی و قەیرانەکانی بەغدا و هەولێر و بڕینی بودجەی هەرێمی کوردستان، هەولێر سەرەڕای ئاستەنگەکانی بەردەمی، لە 2013/12/23 دەستی بە ڕەوانەکردنی نەوت کرد لەڕێگەی بۆڕیی نەوتی کوردستان- تورکیا. بەڵام پاش هاتنی داعش و بڕینی بودجە و مووچەی فەرمانبەرانی کوردستان لەلایەن بەغداوە و سەرهەڵدانی قەیرانی دارایی، دوای نزیکەی ساڵێک، لە ڕۆژی 2014/11/13 هەولێر و بەغدا ڕێککەوتنێکی نەوتییان واژۆکرد.

هەرچەندە ماوەیەک کار بە ڕێککەوتنەکە کرا، بەڵام بەهۆی ئەوەی هەردوولا یەکدییان بە پابەندنەبوون بە ڕێککەوتنەکە تۆمەتبار دەکرد و بەغدا بەپێی ڕێککەوتنەکە شایستە داراییەکانی بۆ کوردستان نەدەنارد، لە سەرەتای مانگی تەممووزەوە حکومەتی هەرێمی کوردستان سەربەخۆیی لە فرۆشتنی نەوت ڕاگەیاند.

بەپێی دوایین ڕاگەیێندراوی وەزارەتی سامانە سروشتییەکانیش کە ڕۆژی پێنجشەممە 2015/8/20 بڵاویکردەوە، ئێستا هەولێر بە نەوتی کەرکووکیشەوە ڕۆژانە نزیکەی 600 هەزار بەرمیل نەوت دەفرۆشێت و داهاتەکەشی مانگانە نزیکەی 800 ملیۆن دۆلارە.

# لە چاکسازییەکەی عەبادی پارتی و کۆمەڵ و یەکگرتوو زەرەرمەند بوون



**مەحموود یاسین کوردی**
**ڕووداو- هەولێر**

هەڵوەشاندنەوەی پۆستی جێگرانی سەرۆک کۆمار و سەرۆک وەیزان و کەمکردنەوەی پلەو پۆستەکان لەلایەن حەیدەر عەبادی سەرۆک وەزیرانی عێراقەوە، پاشان پەسەندکردنی پاکێجەکانی چاکسازی لەلایەن پەرلەمانەوە، هاوسەنگیی سیاسی لەنێوان پێکهاتەکانی عێراق لاسەنگ کرد و کوردیشی لە چەند پۆستێک بێبەش کرد. زەرەرمەندی ئەو گۆڕانکارییانەش لەسەر ئاستی کوردستان، بە پلەی یەکەم پارتی و کۆمەڵ و یەکگرتوو بوون.

کورد لە بەشی یەکەمی چاکسازییەکەی عەبادی چەندین پۆستی لەدەستدا، لەوانە: پۆستێکی باڵای وەکو پۆستی د.ڕۆژ نوری شاوێس کە جێگری سەرۆک وەزیران بوو بۆ کاروباری ئابووری. بەیان نوری، وەزیری دەوڵەت بۆ کاروباری ژنان لە پشکی یەکگرتوو، سامان عەبدوڵڵا، وەزیری دەوڵەت لە پشکی کۆمەڵ، فەرهاد نیعمەتوڵڵا، جێگری ئەمینداری گشتی ئەنجوومەنی وەزیران لە پشکی پارتی و لەگەڵ دەیان ڕاوێژکاری دیکە کە لە پۆستەکانیان دوورخرانەوە.

بەپێی زانیارییەکانی (ڕووداو)، سەرۆکایەتی کۆماری عێراق نزیکەی 80 ڕاوێژکاری هەیە کە زۆربەیان لە سەردەمی جەلال تاڵەبانی سەرۆک کۆماری پێشووی عێراق دامەزراون بۆ ڕاگرتنی هاوسەنگیی پێکهاتەکانی عێراق، بەڵام بەپێی بڕیارەکانی عەبادی، لەمەودوا هەر یەک لە سەرۆکایەتی کۆمار و پەرلەمان و حکومەت تەنیا 5 ڕاوێژکاریان دەبێت.

حکومەتی حەیدەر عەبادی، بە جێگرانییەوە لە 33 کەس پێکهاتبوو، دوای کەمکردنەوەی وەزارەت و وەزیرەکان، ژمارەی ئەندامانی کابینەکەی بووە 22 کەس. پێشبینی دەکرێت تەواوی دەسەڵاتی 8 وەزارەت بۆ ئەنجوومەنی پارێزگاکان شۆڕبکرێتەوە و لە ئایندەدا چاوەڕێ دەکرێ ببێتە 15 وەزارەت.

### یەکگرتوو: بەشێکی کودەتایە

د.موسەننا ئەمین، سەرۆکی فراکسیۆنی یەکگرتووی ئیسلامی لە پەرلەمانی عێراق بە (ڕووداو)ی ڕاگەیاند "ئێمە لەگەڵ چاکسازیی تەواو و ڕاستەقینەداین. لەگەڵ باشکردنی خزمەتگوزاری و ژیانی هاووڵاتیانی عێراقداین، بەڵام ترس هەیە حکومەتی عێراق بەرەو حکومەتی زۆرینە و حکومەتی یەک تایفە هەنگاو بنێت، چونکە دوورخستنەوەی کۆمەڵێک بەرپرس لە پۆستەکانیان پەیوەندی بە ئیستیحقاقی هەڵبژاردنەوە هەیە، ناکرێت حیسابی پێکهاتەی کورد و سوننە نەکرێت و بەبیانووی چاکسازی، ئەو دوو پێکهاتەیە پشتگوێ بخرێن".

بەبڕوای د.موسەننا ئەمین: "ئەوەی عەبادی دەیکات بەشێکی چاکسازییە، بەڵام بەشەکەی دیکەی کودەتایە. ئەو جێگرانی سەرۆک کۆماری لابردووە، بەڵام پرسی بە د.فوئاد مەعسووم، وەکو سەرۆک کۆمار نەکردووە. عەبادی ئیستیغلالی بارودۆخی هەرێمی کوردستان و ململانێی حیزبەکانی لەسەر پرسی سەرۆکایەتی کردووە، بۆیە لەو چاکسازییانە بە ناوی وەڵامدانەوەی داخوازییەکانی خۆپیشاندەران هەوڵی بچووککردنەوەی کوردی داوە و چەندین پۆستی لە کورد وەرگرتووەتەوە".

### پارتی: کاتەکە بە مەبەستە

حاکم تارق گەردی، پەرلەمانتاری فراکسیۆنی پارتی پێیوایە عەبادی زۆر لێزانانە لە کات و ساتێکی دیاریکراودا دەستی بۆ پۆستەکانی کورد لە بەغدا بردووە. گەردی بە (ڕووداو)ی گوت: "ئێمە لەگەڵ عەبادی حکومەتمان بە ڕێککەوتن و لەسەر بنەمای بەرنامە دروستکردووە، بۆیە هەر دەستبردنێک بۆ ئەو پلەو پۆستانە دەبێت بە ڕەچاوکردنی پشکی کورد بێت، ئەگەر ئەو ڕاست دەکات و ئەو پۆستانە بە کەسانی پیشەیی و لێهاتوو پڕ دەکاتەوە، بێگومان لە کورد و سوننە و مەسیحی و لایەنەکانی دیکەش هەیە".

سەبارەت بە دەربڕینی هەڵوێستیان بەرامبەر ئەو کارانەی عەبادی، حاکم تارق گوتی "جارێ ئێمە خەریکی نێومالّی خۆمانین، بزانین وەزعەکە بە کوێ دەگات، ئینجا دواتر دوو قسە لەگەڵ عەبادی دەکەین".

### کۆمەڵ: پۆستی کورد دراوە بە عەرەب

ئەحمەد حاجی ڕەشید، سەرۆکی فراکسیۆنی کۆمەڵی ئیسلامی لە پەرلەمانی عێراق دەڵێت حیزبەکەی یەک فەرمانبەری لە حکومەتی عێراقدا نییە، کەچی وەزیری دەوڵەت لە پشکی ئەوان بەر چاکسازییەکەی عەبادی کەوتووە.

ناوبراو گوتیشی "ئێمە بەشێوەیەکی مەبدەئی لەگەڵ چاکسازیداین، بەڵام نابێت چاکسازی لەسەر حیسابی لایەنێک بۆ بەرژەوەندی لایەن و تایفە و پێکهاتەیەکی دیکە بێت، بۆیە ئێمە چاوەڕێی ئەنجامی ئەو چاکسازییانە دەکەین، بزانین ئەنجامەکەی بە کوێ دەگات".

ئەحمەد حاجی ڕەشید داوا دەکات کورد لە بەغدا پێداچوونەوە بە پلە و پۆستەکانیدا بکات و بەپێی خاڵ و ئیستیحقاقی هەڵبژاردن داوای پشکی خۆی بکات "پۆستەکانی کورد لە بەغدا بە ناعەدالەتی دابەشکراون، ئێمە وەکو کۆمەڵ داوای دانیشتنێکمان لە لایەنە کوردستانییەکان کردووە بۆ ئەو پرسە، شتی وا ڕوویداوە لە بەغدا کە قابیلی قبوڵ نییە، بۆ نموونە عەرەب لەسەر پشکی کورد پۆستی وەرگرتووە".

### یەکێتی: ڕۆژی حەق و حیسابی عەبادی دێت

بەختیار شاوێس، پەرلەمانتاری فراکسیۆنی یەکێتی لە پەرلەمانی عێراق ڕەتیکردەوە کە چاکسازییەکانی عەبادی پەیوەندی بە پرسی سەرۆکایەتی هەرێمی کوردستانەوە هەبێت و بە (ڕووداو)ی گوت: "ئەو چاکسازییانە پەیوەندی بە قەیرانی دارایی و باردۆخی خراپی ژیان و گوزەرانی هاووڵاتیانی عێراقەوە هەیە، بۆیە بەشێک لە بڕیارەکانی عەبادی پێشێلکاری یاسایی و دەستووریی تێدایە، ئەمڕۆ ڕۆژی عەبادییە، چونکە شەقام و مەرجەعیەتی لەگەڵە، بەڵام عەبادیش ڕۆژی خۆی دێت، چونکە کورد و سوننە حەق و حیسابی خۆیانی لەگەڵ دەکەن".

بەختیار شاوێس هەروەها دەڵێ "هەر پێنج لایەنە کوردستانییەکە لە بەغدا لەسەر پرسی دابەشکردنی پۆستەکان کۆدەبنەوە، بێگومان هەندێک لایەن پۆستەکانیان لە حکومەتی عێراقی لە دەستداوە و پێویستە بە پۆستی دیکەی کورد لە بەغدا قەرەبوو بکرێنەوە، بۆیە ئەمە بە کێشەیەکی گەورە نابینم، بەڵام مەترسیم لەوەیە سبەی عەبادی ماددەی 140 و دەستووریش هەڵبوەشێنێتەوە و بڕیاری گەورە بەسەر هەرێمی کوردستاندا فەرز بکات".

### پەرلەمانتارێکی یەکگرتوو: بەشێکی چاکسازییەکانی عەبادی کودەتایە

### پەرلەمانتارێکی پارتی: عەبادی بە مەبەست ئەو کاتەی هەڵبژاردووە

رووداو
راپۆرت
ژمارە (372) دووشەممە 2015/8/24

## پەرلەمان میوانداری عەبادی دەکات



**رووداو- بەغدا**

لەپێناو روونکردنەوە و گفتوگۆکردن سەبارەت بەو پرۆژە چاکسازییەی کە دەستیپێکردووە، بڕیارە سێشەممەی داهاتوو پەرلەمانی عێراق میوانداری سەرۆکوەزیرانی عێراق بکات. نەوزاد رەسوڵ، ئەندامی پەرلەمانی عێراق لە فراکسیۆنی یەکێتیی، بە (رووداو)ی راگەیاند "هەفتەی رابردوو هەندێک لە ئەندامانی پەرلەمانی عێراق داوایانکرد حەیدەر عەبادی لە پێناو روونکردنەوەی چاکسیازییەکەی کە دەستیپێکردووە، بانگهێشتی پەرلەمان بکرێت". ناوبراو گوتیشی "تاوەکو ئێستا دەستەی سەرۆکایەتی پەرلەمان وەڵامی نەداونەتەوە ئاخۆ عەبادی بانگهێشتی پەرلەمان دەکرێت یاخود نا".

### پەرلەمانتارێکی یەکگرتوو دەبێتە پێشمەرگە

# "تاوەکو حیزبەکان نەسازێن ناگەڕێمەوە"



**عوبەید رەشاڤایی**
**رووداو- دهۆک**

ئەو پەرلەمانتارەی رۆژی 19 ئاب ئەندامێتی خۆی لە پەرلەمان و حیزبەکەی هەڵپەسارد، چووە ریزی پێشمەرگە لە بەرەکانی جەنگ و بڕیاری داوە تاوەکو حیزبەکان دەسازێن و دەگەنە رێککەوتن، لە بەرەکانی شەڕ بمێنێتەوە.

کۆبوونەوەی پێنج حیزبەکە لە شەوی 19ی مانگ بەوە کۆتایی هات کە داوا لە پەرلەمان بکرێ دانیشتنە نائاساییەکەی دوابخات بۆ رۆژی 23ی مانگ. سەرۆکی پەرلەمان لە کۆبوونەوەدا بوو لەگەڵ سەرۆکی فراکسیۆنەکان بۆ ئەوەی بڕیار لەبارەی چارەنووسی کۆبوونەوەکە بدەن. لەوکاتەدا عومەر کۆچەر، ئەندامی فراکسیۆنی یەکگرتووی ئیسلامی لە بەردەم مایکی رۆژنامەنووساندا قوت بووەوە و رەخنەی زۆری لە فراکسیۆنەکانی پەرلەمان و تەنانەت خودی حیزبەکەشی گرت، پاشان هەر لەوێ بڕیاری دا ئەندامێتی خۆی لە پەرلەمان و حیزبەکەشی هەڵپەسێرێت تاوەکو لایەنەکان لەسەر پرسی سەرۆکایەتی هەرێمی کوردستان دەگەنە رێککەوتن.

عومەر کۆچەر پەرلەمانتارێکی دیاری دەڤەری بادینانە و لە هەڵبژاردنی ئەم خولەی پەرلەمانی کوردستاندا لە نێو پەرلەمانتارانی پارێزگای دهۆک زۆرترین دەنگی هێنا کە لە سەرووی 40 هەزار دەنگ بوو.

عومەر کۆچەر کە بانگخوازیشە، سەرلەبەیانی رۆژی 2015/8/23 چووە سەنگەرەکانی پێشمەرگە لە ناوچەی زوممار و بڕیاری داوە تاوەکو حیزبەکان نەسازێن نەگەڕێتەوە.

کۆچەر کە ئێستا لەنێو سەنگەرەکانی پێشمەرگەیە، لە پەیوەندییەکی تەلەفۆنیدا بە (رووداو)ی گوت "من لە نێو هێزەکانی پێشمەرگە دەمێنمەوە، تا ئەوکاتەی حیزبەکان دەسازێن و دەگەنە رێککەوتن".

ئەی ئەگەر حیزبەکان نەسازان؟ عومەر کۆچەر لە وەڵامدا گوتی "پێم باشترە لێرە بم، نەک لە ژووری بەرپرسەکان و لەبەر هەوای سپلێت دابنیشم، تاوەکو ئەوان بڕیارێک لە بەرژەوەندیی خەڵکی کوردستان نەدەن، من هەر لەنێو پێشمەرگەدا دەمێنمەوە".

نان و تەماتە لەگەڵ پێشمەرگە دەخوات

عومەر کۆچەر بەرنامەی خۆی لە نێو هێزەکانی پێشمەرگەدا ئاشکرا کرد و گوتی "شەو و رۆژ لە نێویان دەبم، نان و تەماتەیان لەگەڵ دەخۆم. مووچەکەشم بەسەر ئەو پێشمەرگانەدا دابەش دەکەم کە دەستیان کورتە".

عومەر کۆچەر بڕیاری داوە هەر رۆژەو بچێتە میحوەرێکی شەڕ "بۆ ئەوەی ئەم هەڵوێستەی ئێمە ببێتە هاندەرێک بۆ زیاتر بەرزکردنەوەی وورەی پێشمەرگە، ئەو رەشبینییەی بۆ هەندێکیان دروستبووە نەمێنێ و بزانن هەندێک پەرلەمانتار و بەرپرس هەن دڵیان لەگەڵ میللەتە".

سەبارەت بە کاردانەوەی پێشمەرگەکان بەرامبەر ئەو هەڵوێستەی، عومەر کۆچەر دەڵێت "ئەوان زۆر دڵخۆشن کە من لە نێویانم و زۆر رێزم دەگرن". بەڵام ئەوەی کۆچەری نیگەران کردووە، ئەوەیە کە لە پێشمەرگەکانی بیستووە کۆچی خەڵکی کوردستان بۆ دەرەوەی وڵات پێشمەرگەشی گرتووەتەوە و چەندین پێشمەرگە رێگەی هەندەرانیان گرتووەتەبەر.

عومەر کۆچەر رووی لە پێشمەرگە کرد و گوتی "نابێت رەشبین بن، ئەم بارودۆخە کاتییە و تێدەپەڕێ. دەبێ حیزبەکانیش شەرم لە خۆیان بکەن، هەق وایە لەبەر ئەو پێشمەرگە دڵسۆزانەی لەبەرەکانی شەڕن، بەزووترین کات بگەنە رێککەوتن".

ئەندامێکی سەرکردایەتی یەکگرتوو پێیوابوو ئەم هەوڵەی یەکگرتوو کە هەندێک پەرلەمانتاری چوونە کۆبوونەوە نائاساییەکە و هەندێکیشیان بایکۆتیان کرد دەبێتە هۆی زیادبوونی دەنگەکانی ئەو حیزبە.

بەڵام عومەر کۆچەر دەڵێت "شەرمە حیزبەکان ئێستا باسی زیادکردن و کەمکردنی دەنگەکانیان بکەن، با لەگەڵ ئێش و ئازاری خەڵکدا بن و خزمەتیان بکەن، ئینجا باسی دەنگەکانیان بکەن".

### سەرپەرشتیاری بزووتنەوەی گۆڕان لە بادینان:

# پارتی لەژێر گوشاری ئەمریکا پرۆژەی پێشکەش کرد



**عوبەید رەشاڤایی**
**رووداو- دهۆک**

سەرپەرشتیاری بزووتنەوەی گۆڕان لە دەڤەری بادینان و ئەندامی جڤاتی نیشتمانیی ئەو بزووتنەوەیە، دەڵێت لە دوای دانیشتنە نائاساییەکەی پەرلەمانەوە لە 23ی حوزەیران، شەش ئەندامیان لە دەڤەری بادینان دەستگیر کراون و لێیاندراوە، بەڵام ئەوان بەردەوامن لەسەر کاری سیاسیی خۆیان.

هشیار عابد کە یەکێکە لە دامەزرێنەرانی گۆڕان و رۆژی 2015/8/23 لەگەڵ نەوشیروان مستەفا، رێکخەری گشتیی بزووتنەوەی گۆڕان کۆبووەتەوە، گەشبینە بەوەی پێنچ لایەنەکە بگەنە رێککەوتن لەسەر پرسی سەرۆکایەتی هەرێمی کوردستان. هەروەها دەڵێت تاوەکو ئێستا گۆڕان بیری لە کشانەوە لە حکومەت نەکردووەتەوە.

هشیار عابد باسی ئەو ساردییە دەکات کە بەهۆی پرسی سەرۆکایەتی هەرێمی کوردستانەوە کەوتووەتە نێوان ئەوان و پارتییەوە و دەڵێت "پارتی لە رۆژی دامەزراندنی بزووتنەوەی گۆڕان لە 7/25 سەردانی نەکردین، ئێمەش لە 16ی ئاب سەردانی ئەوانمان نەکرد کە ساڵرۆژی دامەزراندنیان بوو". گوتیشی "ئەوان رۆژی 15ی ئاب سووکایەتییان بە پەرلەمانتارانی ئێمە کرد لە بازگەی دێگەڵە، ئیدی چۆن ئێمە رۆژی دواتر بچینە لایان و پیرۆزباییان لێ بکەین".

ئەو بەرپرسەی گۆڕان باسی رووداوەکانی دوای 23ی حوزەیران دەکات و دەڵێت "بەڕاستی پەیوەندییەکانمان لەگەڵ پارتی زۆر لاواز بوون، بەڵام لە رووی ئەمنییەوە هەست بە مەترسییەکی گەورە ناکەین، کۆبوونەوەی خۆمان دەکەین، لە زاخۆ بارەگامان هەیە، زۆر ئاسایی دەوام دەکەین، ئەگەرچی تائێستا شەش لایەنگر و کادرمان تووشی گرتن و لێدان هاتوون".

ئەو سەرکردەیەی گۆڕان لە بادینان رەتیکردەوە کە ئاگاداری سیاسەتی بزووتنەوەی گۆڕان نەبن و بۆچوونیان وەرنەگرن بۆ پرسە سیاسییەکان. ئەو دەڵێت "لە هەموو کۆبوونەوەکان بەشدار دەبین، خۆم یەکێکم لە دامەزرێنەرانی گۆڕان، ئیدی چۆن بۆچوونی گۆڕانەکانی دهۆک وەرناگیرێت. دوێنێ یەکشەممە لەلای کاک نەوشیروان بووین، هەر کاتێک بچمە سلێمانی لەگەڵ کاک نەوشیروان دادەنیشین و باسی هەموو شتێک دەکەین".

هشیار عابد، باسی گەشبینیی رێکخەری گشتیی بزووتنەوەی گۆڕان دەکات و دەڵێت "زۆر گەشبینە بەوەی پێنچ لایەنەکە بگەنە رێککەوتن، بەڵام بەڕاستی تاوەکو ئێستا نازانین پارتی بۆ وا دەکات، پارتی ئێوارەی رۆژی 8/19 بە گوشاری ئەمریکا پرۆژەیەکی ئامادەکرد کە بەناو پرۆژە بوو".

ئەو بەرپرسەی گۆڕان دەڵێت "تاوەکو ئێستا گۆڕان بە درێژکردنەوە یان مانەوەی سەرۆکی هەرێمی کوردستان رازی نەبووە "چونکە پارتی هیچ شتێکی پێشکەش نەکردووە، تاوەکو دانوستاندنی لەسەر بکرێت".

کشانەوەی گۆڕان لە حکومەت هەندێکجار لێرەو لەوێ باس دەکرێت، بەڵام هشیار عابد دەڵێت "لە کۆبوونەوەی جڤاتی نیشتمانیدا لە رۆژی هەینی رابردوو باسی ئەدای وەزیرمان لە حکومەت کرد کە چۆن بووە و دەبێ چۆن بێت، بەڵام تاوەکو ئێستا باسی ئەگەری کشانەوەمان لە حکومەت نەکردووە".

# لە شێخان و ئاکرێ دۆسیە بۆ چوار بەرپرس دەکرێتەوە

### سەرۆکی دادگای تێهەڵچوونەوەی ناوچەی دهۆک:

## بە تۆمەتی گەندەڵی دۆسیە بۆ 10 بەرپرسی دهۆک کراوەتەوە

**ناسر عەلی**
**رووداو- دهۆک**

لە هەردوو شارۆچکەی ئاکرێ و شێخان، بە تۆمەتی گەندەڵی دۆسیە بۆ چوار بەرپرسی حکومی و چەند فەرمانبەرێک دەکرێتەوە. هەندێک لەو بەرپرسانە لە پۆستەکانیان دوورخراونەتەوە. سەرۆکی دادگای تێهەڵچوونی ناوچەی دهۆکیش دەڵێت تاوەکو ئێستا 10 بەرپرسی شاری دهۆک بە تۆمەتی گەندەڵی دۆسیەیان بۆ کراوەتەوە.

سەرچاوەیەکی ئاگادار لە دادگای دهۆک بە (رووداو)ی راگەیاند "هەر یەک لە بەڕێوەبەری دابەشکردنی کارەبای شێخان و دوو فەرمانبەری هەمان بەڕێوەبەرایەتی، سەرۆکی شارەوانیی شێخان، سەرۆکی شارەوانیی ئاکرێ و راگری کۆلیژێک لە ئاکرێ بە تۆمەتی گەندەڵی دوسیەیان بۆ کراوەتەوە".

ئەو سەرچاوەیە کە نەیویست ناوی بڵاوبکرێتەوە بەهۆی ئەوەی رێگەی پێنەدراوە بەناوی دادگاوە لێدوان بدات، زانیاریی زیاتری لەسەر ئەو کەسانە ئاشکرا کرد و گوتی "بەڕێوەبەری کارەبای شێخان لەگەڵ ژمێریار و ئەندازیارێکی کارەبای شێخان، جگە لەوەی تۆمەتی گەندەڵییان دراوەتە پاڵ، لە پۆستەکانیان دوورخراونەتەوە و گواستراونەتەوە بۆ سەنتەری شاری دهۆک". گوتیشی "زۆربەی ئەو بەرپرسانەی تۆمەتی گەندەڵییان دراوەتە پاڵ، لە پۆستەکانیان دوورخراونەتەوە".

دادوەر محەمەدئەمین شەرەفانی، سەرۆکی دادگای تێهەڵچوونەوەی ناوچەی دهۆک، دەڵێت دادگاییکردنی بەرپرسان بە تۆمەتی گەندەڵی شتێکی تازە نییە "چەند ساڵێکە دادگایی بەرپرسان و فەرمانبەران لەسەر گەندەڵی، لە سنووری شاری دهۆک دەستیپێکردووە، تاوەکو ئێستا بەدەیان بەرپرس و فەرمانبەری حکومی بە تۆمەتی گەندەڵی لە دادگاکانی دهۆک دۆسیەیان بۆ کراوەتەوە".

ئەو دادوەرە ژمارەی دۆسیەی ئەو بەرپرسانەی ئاشکرا کرد کە ئێستا لەبەردەستی دادوەرانی دادگاکانی دهۆکن و گوتی "ئێستا دۆسیەی 10 بەرپرس کە تۆمەتی گەندەڵییان دراوەتە پاڵ لە دادگاکانی دهۆکن، جگە لە فەرمانبەران و پۆستەکانی خوارەوە".

هەروەها ئاماژەی بە شوێنی کارکردنی ئەو بەرپرسانە دا و گوتی "زۆربەیان لە شارەوانییەکان و تاپۆی شارەکان دەوام دەکەن. هەندێکیان سزا دراون و لە پۆستەکانیان دوورخراونەتەوە، هەندێکیشیان هێشتا دۆسیەکانیان لەژێر لێکۆڵینەوەدایە".

سەبارەت بە دەستتێوەردانی حیزبیش بە تایبەتی بەرپرسانی پارتی لە دۆسیەی ئەو کەسانەدا، دادوەر شەرەفانی گوتی "ئێمە کاری یاسایی خۆمان دەکەین، هەتا ئێستا هیچ بەرپرسێک دەستی لە کاروباری دادگا وەرنەداوە".

کەمال محەممەد، بەڕێوەبەری گشتیی کارەبای دهۆک دوورخستنەوەی بەڕێوەبەری دابەشکردنی کارەبای شێخانی پشتڕاست کردەوە و بە (رووداو)ی گوت "هەر لەو رۆژەی لە دادگا دۆسیەیان بۆ کرایەوە، بەڕێوەبەری دابەشکردنی کارەبای شێخان و ژمێریارێک و ئەندازیارێکی کارەبامان لە شێخانەوە گواستنەوە بۆ سەنتەری شاری دهۆک، تاوەکو دۆسیەکەیان لە دادگا یەکلایی دەبێتەوە.



عومەر محەممەد، ئەندامی مەکتەبی سیاسی یەکگرتووی ئیسلامی بۆ (رووداو):

# پارتی بە پلەی یەکەم بەرپرسە لەم ئاڵۆزییە



**عومەر محەممەد، ئەندامی مەکتەبی سیاسی و سەرۆکی ئەنجوومەنی سەرکردایەتیی یەکگرتووی ئیسلامیی کوردستان لە دەڤەری سلێمانی لەم هەڤپەیڤینەدا لەگەڵ (رووداو) دەڵێت ئەگەر رۆژی 19ی ئاب نیسابی دانیشتنە نائاساییەکەی پەرلەمان تەواو بووایە، شەڕی ناوخۆ سەری هەڵدەدایەوە. ئەو دەڵێت کورسییەکانی یەکگرتوو بوونە سەنگی مەحەک و بارەکەی لە ترازانەوە بەلای سازاندا شکاندەوە. د.عومەر محەممەد هەروەها دەڵێت کۆبوونەوەی 19ی ئاب بۆ ئەوان "موفاجەئە" بوو، پێیوایە هەندێک لە پەرلەمانتاران تەنیا بۆ موزایەدە چوونە نێو هۆڵی پەرلەمان.**

هەڤپەیڤین: پشتیوان جەمال
رووداو - سلێمانی

**فەرماندەیەکی یەکێتی پێیگوتین خەریک بوو لە بەرەکانی شەڕ چەک بەرەورووی یەکتر بکەینەوە**

**لە کۆبوونەوەکەی پەرلەماندا، چەکداری داپۆشراو لە پەرلەماندا هەبوون**

**ئەمەریکییەکان گوتیان ئەگەر بترازێن پاساومان نامێنێ بەرگریتان لێبکەین**

**سەرۆکی پەرلەمان کارتێکی باشی لە دەستی پەرلەمان سووتاند**

**هەندێک لە پەرلەمانتارەکان بۆ موزایەدە چوونە هۆڵی پەرلەمانەوە**

**هەرگیز چاوەڕێی ئەو هەڵوێستە نەبووین لە برایانی کۆمەڵی ئیسلامی**

**لەکۆبوونەوەی داهاتووی پەرلەماندا، پەرلەمانتارەکانمان ئامادە دەبن**

**ئەگەر کاک مەسعود گوتبای دەکشێمەوە رەنگە لێی قبوڵ نەکرایە**

**19ی ئاب بەشێک لە پەرلەمانتارەکان خۆیان بۆ لێدان ئامادەکردبوو**

**نیساب تەواو بووایە شەڕی ناوخۆ دەقەوما**

**سەرۆکی پەرلەمان دەیزانی نیساب تەواو نابێ**

**رووداو: بەپێی گفتوگۆکانی ئەو چەند رۆژە، لە رێککەوتن و رێکنەکەوتن کامیان نزیکترن؟**

**عومەر محەممەد:** کۆبوونەوە پێنج قۆڵییەکان هەندێک لە جددیەتیان وەرگرتووە و بڕوا و ئومێدمان وایە لە رێککەوتن نزیکە، چونکە بارودۆخەکە پاڵی بە هەموانەوە ناوە کە لە رێککەوتن نزیک ببنەوە.

**رووداو: بەڵام ئەو ئومێدە کەی دێتە بەرهەم؟**

**عومەر محەممەد:** چاوەڕێی کۆبوونەوەکانین و پێشبینی بەردەوامبوونی دەکەین.

**رووداو: تاوەکو کەی؟**

**عومەر محەممەد:** ئەوە کۆبوونەوەکان دەیزانن.

**رووداو: بەڵام ئێستا بۆشاییەکی یاسایی لە هەرێمی کوردستان دروستبووە. بەپێی یاسا، مەسعود بارزانی لە رۆژی 19ی ئابەوە سەرۆکی هەرێمی کوردستان نییە، لایەنەکان کەی دەگەنە رێککەوتن؟**

**عومەر محەممەد:** ئاخر کێشەکەش ئەوەیە کە ئێستا دوو تەنگژە دروستبووە، هەم سیاسی لە نێوان لایەنەکان و هەمیش یاسایی. ئەوەی پارتی پەنای بۆ بردووە کە ئەنجوومەنی شوورایە، لە زۆر ناوەندی یاسایی و حیزبییەوە رەتدەکرێتەوە. لەهەمانکاتیشدا ئەوەی چاوەڕێ دەکرێت سەرۆکی پەرلەمان ئەرک و دەسەڵاتەکانی سەرۆکی هەرێمی کوردستان بەڕێوەببات، ئەویش زەحمەتە. چونکە مەسەلەی (خلوە)، ئایا مەبەست وجودە واتە نەمانی کاک مەسعودە، یان چۆڵبوونی یاساییە، ئەوانەی پێناسی خلوی یاسایی دەکەن دەڵێن لەبەرئەوەی کاک مەسعود شەرعیەتی یاسایی نەماوە و جێ چۆڵبوونی یاسایی بۆ پۆستی سەرۆکی هەرێم دروستبووە، سەرۆکی پەرلەمان ئەرکەکانی بۆ ماوەی 60 رۆژ رادەپەڕێنێ. ئەوەش دیسانەوە هەرێمی کوردستانی کردووە بە دوو بەشەوە.

**رووداو: واتە بەگشتی بارودۆخەکە ئاڵۆزە؟**

**عومەر محەممەد:** لەڕووی یاساییەوە ئاڵۆزییەکی یاسایی دروستبووە. ئۆباڵی ئەوەش بە پلەی یەکەم دەگەڕێتەوە بۆ پارتی.

**رووداو: ئێستا هەر پێنج حیزبەکە گەیشتوونەتە ئەو بڕوایەی کێشەکان بە سازان چارەسەر بکەن؟**

**عومەر محەممەد:** ئێستا بەرەو ئەوە دەڕوات، چونکە دیارە کە پەرلەمان بۆ دانیشتنە نائاساییەکە نیسابی یاسایی تەواو نەکرد. ئەو لیژنەیەش کە بڕیاریان دا بە ئامادەبوونی ئەمەریکا و نەتەوەیەکگرتووەکان بوو، بۆیە هەموو لایەنەکان ئەو باوەڕەیان لا دروستبووە کە بە سازان کێشەکان چارەسەر بکەن، بەڵام هێشتاش دەرگای پەرلەمان دانەخراوە، چونکە کۆبوونەوەکە بە کراوەیی هێڵدراوەتەوە. ئەگەر ئەم مەجالەش کە دراوەتەوە بە لایەنەکان بۆ سازان و نەسازێن. پەرلەمان ئیشی خۆی دەکات.

**رووداو: واتە هێشتا ئەگەری دانیشتنە نائاساییەکەی پەرلەمان ماوە؟**

**عومەر محەممەد:** بەڵێ.

**رووداو: باشە کە باسی ئەو ئەگەرەت کرد، پێشتر پێنج پەرلەمانتارتان دانیشتنەکەیان پەکخست، ئەمجارە ئامادە دەبنەوە؟**

**عومەر محەممەد:** بەڵێ لەو باوەڕەدام هەموویان ئامادەبن.

**رووداو: کشانەوەی ئەو 5 پەرلەمانتارەتان لەو رۆژەدا تاکتیک بوو یان خۆیان نەیانویست بچنە دانیشتنەکەی پەرلەمان؟**

**عومەر محەممەد:** لە ترسی بارودۆخەکە بوو، چونکە هێزی چەکدار لە پەرلەماندا هەبوو، نمایشی سەربازی لە هەولێر کرا و هێزەکان لەنێوان زۆنی سەوز و زەرد جووڵێندران. تەنانەت فەرماندەی سەربازیی یەکێتی هەبووە لە بەرەکانی شەڕەوە پەیوەندی پێوە کردووین و سوپاسی کردین کە ئێمە دەرگای گفتوگۆمان هێشتەوە، چونکە خەریک بووە تفەنگەکانیان رووبەڕووی یەکتر بکەنەوە و قسەکانیشی لامان پارێزراوە.

**رووداو: کەواتە خۆتان داواتان لەو 5 پەرلەمانتارە کرد نەڕۆنە ژوورەوە؟**

**عومەر محەممەد:** فراکسیۆنەکەمان زیندوو و سەرکەوتووە و جۆرێک لە ئازادییشمان پێدابوون چی بە بەرژەوەندی دەزانن ئەوە بکەن.

**رووداو: بەڵام مەبەستی پرسیارەکەم ئەوە بوو خۆتان بەو 5 پەرلەمانتارەتان گوتبوو نەچنە ژوورەوە؟**

**عومەر محەممەد:** لەوێ کەشوهەواکە نائاسایی بوو، بەشێک لە فراکسیۆنەکانیش فەرمانی مەکتەبی سیاسییەکانیان شکاند. بەشێکی دیکەشیان بۆ موزایەدە چوونە ژوورەوە.

**رووداو: هەتا پێش 19ی ئاب مەترسی دوو ئیدارەیی لە ئارادا بوو، ئێستاش ئەو مەترسییە ماوە؟**

**عومەر محەممەد:** دوو ئیدارەیی لە چیدا دیار نییە؟، بۆ نموونە سەرۆکی هەرێمی کوردستان لە دەڤەری سەوز دەسەڵاتی نییە. سەرۆکی حکومەتیش هەر لەم دەڤەرە (سلێمانی) دەسەڵاتێکی ئەوتۆی نییە. زۆربەی کارەکانی لە دەڤەرەکەی ئەولا زیاترە، تەنانەت لە بەرەکانی جەنگیشدا پێشمەرگەی حیزب ماوە، هەرچەندە لە خوارەوە هێزێکی یەکگرتووی نیشتمانی بەهێز دەبینی، بەڵام لە سەرەوە بەداخەوە جیاوازە. ئێستاش مەترسی ماوە، بۆیە دەمانەوێت بەو هەنگاوانە شوێنەواری دوو ئیدارەیی نەهێڵین و بگەینە سازانێکی سیاسی باش، چونکە ئەولەویەتی ئەمڕۆی کوردستان بۆ سەقامگیری سیاسییە.

**رووداو: کێشەی قووڵی ئێستای ئەو پێنج لایەنە چییە، تەنیا مانەوەی بارزانییە بۆ دوو ساڵی دیکە، یاخود کێشەی دیکەش هەن؟**

**عومەر محەممەد:** پارتی داوای بە رەهایی مانەوەی دوو ساڵی دیکە بۆ بارزانی دەکات، واتە وەک چۆن هەیە وا بمێنێتەوە. چوار لایەنەکەی دیکەش هەرچەندە تائێستا بەڕاشکاوی بەڵێیان بۆ ئەم داوایە نەکردووە، دەڵێن لە بەرامبەر چیدا؟، چونکە دەبێت سیستەمێک بچەسپێت و لە شەخسەنەت دەربچێت، پاشان سیستەمەکە پەرلەمانی بێت و سەرۆکیش لە پەرلەمان هەڵبژێردرێت، ئەگەر دەسەڵاتەکانیشی تەشریفاتی نەبوون ئەوکاتە دەبێت لە بەردەم پەرلەماندا بەرپرس بێت، لە هەمانکاتیشدا چاکسازی لە دۆسیەی نەوت و پەیوەندییەکانی هەولێر و بەغدا و دەرەوە و سڕینەوەی دوو ئیدارەیی و یەکخستنەوەی هێزەکانی پێشمەرگە بکرێن.

**رووداو: ئێوە کە جارێکی دیکە دەسەڵاتی سێ سەرۆکایەتییەکە دابەش دەکەنەوە، ئەوە لەگەڵ کاری لیژنەی نووسینەوەی دەستوور یەکدێتەوە؟**

**عومەر محەممەد:** دەتوانرێت ئەو چاکسازییەی لە یاسای سەرۆکایەتی هەرێمدا دەکرێت دواتر بخرێتە دەستوور و بچەسپێت، چونکە ئێستا لەنێو لیژنەی پێنج قۆڵییەکەشدا بەشێکی ئەندامانی دەستوور بەشدارن بۆ ئەوەی دارشتنەوەی رێککەوتننامەکە هەم یاسایی بکرێت بۆ ئەوەی سبەینێ لە دەستوورەکەدا و لەو ماددانەی باسی ئەو مەسەلەیە دەکات جێگیر بکرێت، بۆیە پێموانییە کێشە دروست ببێت و ئەگەریش دروست بێت دەتوانرێت چارەسەر بکرێت.

**رووداو: ئەو هەڵوێستەی 19ی ئاب بووە هۆی تووڕەبوونی شەقام لێتان و زۆر قسەتان پێکوترا، جەماوەر و دەنگدەری خۆتان چۆن لێتان تێدەگەن؟**

**عومەر محەممەد:** توانیمان لەڕێگەی راگەیاندن و بەرپرسەکانمانەوە لە رێکخستنەکان بە زووترین کات بەشێکی باش لەوکەم تێگەیشتنە بۆ ئەندامان روونبکەینەوە. هەروەها خەڵک بە گشتی رەنگە لە هەنگاوەکە تێنەگات، ئەگینا خەڵکێکی ئەکادیمی و بەئاگا باش تێدەگەن. بەشێکی زۆریان بەڕاشکاوانە پشتگیری و پشتیوانییان بۆ هەڵوێستی ئێمە راگەیاندووە.

**رووداو: واتە بە جەماوەر و دەنگدەری خۆتان گوت بۆچی ئەو هەنگاوەتان نا؟**

**عومەر محەممەد:** پێدەچێت نەخشەیەک لە پشتەوە بێت بۆ ناشرینکردنی یەکگرتوو، بەڵام ئەوە یەکەمجار نییە، چونکە پێشتریش کە بۆ یەکەمجار لە بادینان بە لیستی سەربەخۆ دابەزین گوتیان بۆ عەرەب لیستێکتان دروستکردووە و پشتیوانی لە سوننە دەکەن، بەڵام دوای چەند مانگێک لە پەرلەمان هەر ئەو هێزەی ئێمەی سووتاند، وەسفیان کردین، دواتر دابەزینی لایەنەکان بە لیستی سەربەخۆ بووە نەریت، بە هەمانشێوەی پارێزگای سلێمانیش کە گوتیان کوا هێزی خێرخواز هەیە، بەڵام دوو هێز کە لە ئان و ساتی تەقینەوە بوون بەرامبەر یەکتر توانیمان یەکیان بخەین.

**رووداو: بەڵام لەگەڵ ئەو قسەیەتدا، حاجی کاروان پەرلەمانتاری یەکگرتووش دەڵێت "بڕیاردان جورئەتی دەوێت"، هەست ناکەیت جورئەتی سیاسیتان نییە؟**

**عومەر محەممەد:** با دەقیق بین، ئەو پەرلەمانتارە دەڵێت "زۆر جار".

**رووداو: باشە منیش دەڵێم "زۆر جار"؟**

**عومەر محەممەد:** بۆ مەسەلەی جورئەتی سیاسی نموونەیەک بۆ ئەو حاڵەتە دەهێنمەوە. ئێستا کورد کە بڕیاری سەربەخۆیی نادات لە بێجورئەتی نییە، بەڵکو لەبەر ئەوەیە کە تا چەندێک دەتوانێت ئەو هەنگاوە بنێت، چونکە هونەری سیاسەت، هونەری مومکیناتە.

**رووداو: واتە ئێوە مامەڵە لەگەڵ واقیعدا دەکەن؟**

**عومەر محەممەد:** بەڵێ مامەڵەیەکی واقیعبینانە و لە روانگەی سبەینێش، بۆ نموونە ئەو رۆژەی پەرلەمان نیسابمان تەواو بکردایە، ئەنجامەکە یەکسان بوو بە تەقینەوە و شەڕی ناوخۆ، چونکە وەک گوتم لە بەرەکانی جەنگەوە پەیوەندییان پێوە کردووین. جگە لەوەش ئەو رۆژە چەندین چەکدار کە داپۆشراو بوون بە چەکەوە لەناو پەرلەماندا بوون بۆ ئەوەی بەرەنگاری فیزیکی پەرلەمانتارەکان ببنەوە.

**رووداو: دەکرێت بزانین ئەو چەکدارانە کێ بوون؟**

**عومەر محەممەد:** چەکدار بوون، هەرچەندە خۆم نەمبینیبوون، بەڵام بە قسەی پەرلەمانتارەکانی ئێمە و ئەوانەی دیکەش، تەنانەت بەشێک لە پەرلەمانتارەکانیش خۆیان بۆ لێدان ئامادەکردبوو، هی ئێمە و لایەنەکانی دیکەش.

**رووداو: سەرکردایەتی و پەرلەمانتارانی کۆمەڵی ئیسلامی سوور بوون لەسەر هەڵوێستی خۆیان، دوای دانیشتنە نائاساییەکە بڕواتان دەکرد سەرکردەکانیان بەو شێوەیە بکەونە وێزەی یەکگرتوو؟**

**عومەر محەممەد:** ئێمە هەرگیز چاوەڕێی ئەو هەڵوێستە نەبووین لە برایانی کۆمەڵی ئیسلامی. هیواداریت ئەوە تێڕوانینی کەسیی ئەو سەرکردانە بووبێت، دەتوانین بڵێین هەندێکیان نادروستانە مامەڵەیان لەگەڵ ئەو هەڵوێستەمان کرد.

**رووداو: پارتی دەیەوێت بارزانی بۆ دوو ساڵی دیکە ببێتەوە سەرۆک، بە رای ئێوە بارزانی ئەگەر بووەوە بە سەرۆک، چی گرنگە بیکات؟**

**عومەر محەممەد:** ئەگەر بووەوە بە سەرۆک کۆمەڵێک هەلی گەورە لەبەردەم هەرێمی کوردستاندایە، بتوانێت هێزی پێشمەرگە یەکبخاتەوە، جگە لەوەی سازانیش لەنێوان لایەنە سیاسییەکان بۆ پەیوەندییەکانی دەرەوە گرنگە، لەهەمانکاتیشدا بەشدارکردنی لایەنەکان لە چۆنیەتی بڕیاردانی سیاسیش گرنگە و چەندین شتی دیکەی ستراتیژی و زۆر گرنگ بەتایبەتی شەراکەتی حەقیقی لە بڕیاردانی سیاسی.

**رووداو: دوای 19ی ئاب، چۆنە لە پەرلەمان و حکومەت نەکشانەوە؟**

**عومەر محەممەد:** هەموو بژارەکان کراوەن، پێدەچێت بارودۆخەکە بەرەو قۆناغێکی دیکە بڕوات و دواجار سەرکردایەتیش ئەو بڕیارە دەدات بۆ هەر ئەگەرێک.

**رووداو: بە بڕوای تۆ هەر کام لەو سێ حیزبەی ئۆپۆزیسیۆنی پێشوو، ئەگەر بیەوێت لە حکومەت بکشێتەوە دەتوانێت ئۆپۆزیسیۆنە دەنگ دلێرەکەی ساڵانی رابردوو بێت؟**

**عومەر محەممەد:** بەبڕوای خۆم بارودۆخێک وایکرد بڕۆینە حکومەت، ویستمان بارودۆخێکی ئارام لە کوردستان دروست ببێت. دوای هاتنە پێشەوەی داعشیش، زیاتر ئەو بۆچوونانەمان هەبوو کە لەو قۆناغەدا لە نێوماڵی خۆماندا یەکڕیز بین و وەکو یەک، بەرگەی بەرپرسیارێتی بگرین، بۆیە ئێستا کە داعش لە بەر دەرگای ئێمەیە و باری ئابووریی ناوچەکە بە گشتی و کوردستانیش بەتایبەتی بەرەو جۆرێک لە دارمان دەڕوات، پێموایە ئۆپۆزیسیۆنبوون لەم کاتەدا سەرکەوتوو نابێت، بەڵام ئەوەش بژارەیە و دەکرێت تاوتوێ بکرێت.

**رووداو: دوای ئەو هەموو کۆبوونەوەیە، متمانە هەروا بە ئاسانی بۆ پێنج لایەنەکە دەگەڕێتەوە؟**

**عومەر محەممەد:** کورد لەو بوارەدا ئازایە و بەو پێیەی کێشەیەکی رەوامان هەیە و هەموانیش هەست بە بەرپرسیارێتی دەکەن، بۆیە ئەگەر بتوانن دەگەنە رێککەوتنێکی باش، چونکە لە سیاسەتیشدا دۆستایەتی و دژایەتی و ململانێ کاتین.

**رووداو: راستە سەرۆکایەتی هەرێمی کوردستان گرنگە، بەڵام پێتوایە ئەو هەموو کۆبوونەوەیەی بووێت؟**

**عومەر محەممەد:** ئەوە دەبێت لە برادەرانی پارتی بپرسیت، پێشتر هەموو لایەنەکان ئاگاداریان کردنەوە، سەرۆکی پەرلەمانی کوردستان پێشتر چووە لای سەرۆکی هەرێمی کوردستان و لایەنە سیاسییەکان، بەڵام تێنەگەیشتین بۆچی پارتی گەیاندیە ئەم حاڵەتە؟، چونکە هەم خۆی زەرەری کرد و هەمیش کاک مەسعود، لەبەرئەوەی خۆی کەسایەتییەکی گەورەیە لە هەرێمی کوردستان، پێموایە ئەگەر کاک مەسعوود بیگوتایە دەکشێمەوە و کەسێکی دیکە بێتە شوێنم، رەنگە خەڵکی قبووڵیان نەکردایە، بەڵام بەداخەوە ئەو خەباتە دوور و درێژەی پارتی و خۆیشی وا لێکرد کە گەنجی ئەو وڵاتە و بەشێکی زۆر لە هاونیشتمانیانی تووشی جۆرێک لە رەشبینی کردووە.

**رووداو: جگە لە چاودێرانی سیاسی، خەڵکی سەرشەقامیش دەڵێن بۆچی یەکگرتوو لە پەرلەماندا نەیتوانی بڕیاری سیاسی خۆی یەکبخات؟**

**عومەر محەممەد:** یەکگرتووی ئیسلامی بەپێی ژمارەی کورسییەکانی وا هاتووە کە دەتوانێت هەر لایەنێک سەربخات، واتە کورسییەکانی بوونەتە سەنگی مەحەک. بۆیە بەرپرسیارێتی گەورە کەوتووەتە ئەستۆی ئێمە و ئەگەر ئەولامان سەرخستایە دەرگای ترازان دەکرایەوە، بۆیە ئەملامان هەڵبژارد کە دەرگای سازان و گفتوگۆی کردەوە.

**رووداو: کەواتە ژمارەی کورسییەکانتان بووەتە جۆرێک لە نەگبەتی؟**

**عومەر محەممەد:** نا نەگبەتی نییە و دەبینە مایەی خێر، ئەگەر ئەمڕۆش خەڵک لێمان تێنەگەن، ئەوا سبەینێ دەستخۆشیمان لێدەکەن کە ئارامیمان پاراست.

**رووداو: پێنج حیزبەکە داوایان لە پەرلەمان کرد، کۆبوونەوەی 19ی ئاب نەکرێ، پێتوایە سەرۆکی پەرلەمانی کوردستان بۆ درزخستنە نێو یەکگرتوو کۆبوونەوەکەی کرد؟**

**عومەر محەممەد:** هیوادارین وا نەبێت، بەڵام زۆر تەکلیفی لێکرا و دەیتوانی دوای بخات، هەروەها دەیزانی نیساب تەواو نابێت، بەڵام هەر سوور بوو لەسەر بەستنی، هەندێک هەیە گومانی پێ دەبات کە سووربوونی لەسەر کۆبوونەوەکە مەبەستێکی باشی بەرامبەر یەکگرتوو نەبووبێت، بەڵام هیوادارین وا نەبێ. بەداخەوە کارتێکی باشیشی لەدەستی پەرلەمان سووتاند، چونکە دەیتوانی دوای بخات و دەبووە مەوقیفێکی باش لە سەرۆکی پەرلەمانەوە، چونکە هەموو ئەو مەترسییانەی باسمکردن لای روون و ئاشکرا بوو، دەیتوانی بە گوێی حیزبەکان بکات و نەکەوێتە ژێر کاریگەریی فراکسیۆنەکانەوە و لەگەڵ سەرۆکی فراکسیۆنەکان بڕیاری بدایە، چونکە هەندێک موزایەدە لەنێو فراکسیۆنەکاندا هەیە.

**رووداو: واتە کەوتە ژێر کاریگەری هەندێک لە فراکسیۆنەکان؟**

**عومەر محەممەد:** وا پێدەچێت.

**رووداو: ئەوەندەی ئاگاداری کۆبوونەوە پێنج قۆڵییەکان بیت، ئەمەریکی و بەریتانییەکان، لایەنگر یاخود بێلایەن بوون؟**

**عومەر محەممەد:** ئەوەی لێیان بینرا خۆشبەختانە بەرژەوەندییەکانی ئەمەریکا و هەرێمی کوردستان یەکیان گرتووە و ئەوەش قۆناغێکی تازەیە. ئەوان بە ئێمە دەڵێن داعش چاوەڕێی ترازانی ئێوە دەکات و هەوڵ بدەن نەترازێن، ئەوان بە ئێمە دەڵێن بارودۆخەکە مەترسیدارە و ئەگەر بترازێن پاساو بۆ ئێمە نامێنێتەوە بەرگریتان لێبکەین، لەبەر ئەوە بسازێن و ئەو کۆبوونەوەیەی پەرلەمان دوابخەن، چونکە پشتیوانییەکی باشی نێودەڵەتی بۆ کورد هەیە. شەڕی دژی داعش سەلماندوویەتی کە هێزی پێشمەرگە ئازایە و سەرکەوتنی گەورەی بەدەستهێناوە. ئەوە داوای ئەوان بوو. بەلامانەوە سەیر بوو هێزێک لە دوورەوە بێت و بەو شێوە روونە مەترسییەکان بخاتە بەردەمت، کەواتە بۆچی خۆمان بۆ خۆمان دڵسۆز نەبین.

**رووداو: ئەوان داوای مانەوەی بارزانییان بۆ دوو ساڵی دیکە کرد؟**

**عومەر محەممەد:** باوەڕناکەم، گوتبوویان ئەوانە مەکەنە کێشە بۆ خۆتان، بەڵکو سەقامگیری بۆ ئێوە ئەولەویەتە.

**رووداو: بۆ هەڵبژاردنی داهاتوو پێشبینی دابەزینی دەنگەکانتان لە سنووری پارێزگای سلێمانی ناکەن؟**

**عومەر محەممەد:** هەرچەندە زووە بۆ ئەو پێشبینییە، بەڵام راپرسییەکانی کەناڵەکان وا ناڵێن، جگە لەوەش ئەندامانمان کاری خۆیان دەکەن و ئەنجامەکەش گرنگە، تا ئەوکات خەڵکیش رایان دەگۆڕێت.

ڕووداو
کوردستانی
ژمارە (372) دووشەممە 2015/8/24





## والی قوربانی کرد

**ڕووداو- ئیغدر**

والی پارێزگای ئیغدر لە باکووری کوردستان قوربانی بۆ ئەو سەربازانە کرد کە لە هێرشێکی پەکەکە بۆ سەر سەربازگەکەیان ڕزگاریان بووبوو. ڕۆژی 12ی ئەم مانگە گەریلاکانی پەکەکە تانکەرێکیان لەنزیک سەربازگەیەکی شاری ئیغدر تەقاندەوە کە یەک تۆن تەقەمەنی تێدابوو، بەڵام تەقینەوەکە هیچ زیانێکی گیانی بەدواوە نەبوو. دوای ڕووداوەکە والی ئیغدر بڕیاری دا چەند سەر ئاژەڵێک بکاتە قوربانی. مەولود ئۆزمەن جێگری والی ئیغدر نێوچەوانی سەربازەکانی بەخوێنی ئاژەڵەکان سوور کرد و گوتی "بەگوێرەی نەریتەکانمان، بۆ ئەوەی دوور بن لە بەڵا، پێویستە خوێنی قوربانی لە نێوچەوانیان بدرێت".

### چاودێرانی سیاسی لە تورکیا:

# شەڕی ئەمجارەی پەکەکە و تورکیا کاتییە



**ڕووداو- هەولێر**

شرۆڤەکارانی سیاسی پێیانوایە شەڕی ئەمجارەی تورکیا شەڕی کورد و دەوڵەت نییە، بەڵکو شەڕی سیاسییەکانە. ئەوان دەڵێن "زەمینەی درێژەکێشانی شەڕ نەماوە" و پێشبینیش دەکەن بەم نزیکانە ئاگربەست ڕابگەیەندرێت و دەست بە پرۆسەی چارەسەری بکرێتەوە.

دوای دوو ساڵ لە بێدەنگکردنی چەک، ڕۆژی 23ی مانگی ڕابردوو جارێکی دیکە شەڕ لە نێوان سوپای تورکیا و گەریلاکانی پارتی کرێکارانی کوردستان هەڵگیرسایەوە. پریشکی شەڕی ئەمجارە سەنتەری شارەکانی تورکیا و باکووری کوردستانیشی گرتەوە. لە شارەکاندا شەڕەکە لەنێوان پۆلیس و دەزگای ئاسایشی تورکیا و بزووتنەوەی گەنجانی دیموکرات و وڵاتپارێز (YDG-H) بوو کە بە باڵی گەنجانی پەکەکە ناسراوە.

ئەمجارە شەڕی شاخ زۆر سنووردارە، تەنیا فڕۆکە جەنگییەکان بۆردومانی بارەگاکانی پەکەکە دەکەن و هێرشی زەمینی بۆ سەر پەکەکە تائێستا نەبووە.

بەڵام جگە لەوەی لە شارە گەورەکانی باکووری کوردستان هێرش کرایە سەر پۆلیس و دەزگاکانی ئاسایش، چەندین شارۆچکەش وەکو (سلۆپی، جەزیرە، شەمزینان، گەڤەر، فارقین، لیجە، وارتۆ) بوونە مەیدانی شەڕی قورس لەنێوان (YDG-H) و پۆلیسی تورکیا، کار گەیشتە ئەوەی والیی شارەکان لەو شارۆچکانە باری نائاسایی ڕابگەیەنن.

### "شەڕێکی کاتی و ئامانجدارە"

سەرەڕای ئەمە، چاودێرانی سیاسی پێیانوایە شەڕەکە "کاتی"یە و "ئامانجی سیاسی" لە پشتەوەیە. گونای ئەسڵان نووسەر و سیاسەتمەداری کورد دەڵێت "شەڕی ئێستا شەڕێکی کاتییە، بۆ گۆڕینی هاوسەنگییەکانە لەسەر مێزی گفتوگۆ. شەڕێکی ستراتیژی نییە. ڕاستە پەکەکە بەهێز بووە، بەڵام ئەو شەڕە بۆ سەودایە لەسەر مێزی گفتوگۆ. حکومەتی ئاکپارتی هەوڵدەدات بەو شەڕە کورد لە هێز بخات بۆ ئەوەی لەسەر مێزی گفتوگۆ کارتەکانی بسەپێنێ. لە داخوازییەکانی کورد کەمتر بدات. پەکەکەش دەخوازێ بەهێزتر لە جاران بچێتە سەر مێزی گفتوگۆ".

ڕۆژنامەنووس مەحمود ئۆڕال، نوێنەری ڕۆژنامەی جمهوریەت لە ئامەد کە لە کاتی ڕاگەیاندنی باری نائاسایی لە شارۆچکەی فارقین لە ڕۆژی 18ی ئەم مانگە، چووە ناو شارۆچکەی فارقین و ڕووداوەکانی ئەوێی بۆ ڕای گشتیی تورکیا گواستەوە، قسەکانی گونای پشتڕاست دەکاتەوە.

ئۆڕال بە (ڕووداو)ی گوت "پێموایە شەڕێکی تەکتیکیە، ژمارەی کەمی گەریلا لە ناوچەکانی شەڕ نیشانی دەدات کە ئەمە شەڕێکی ماوە درێژ نییە".

ئۆڕاڵ کە دەڵێت ئەم شەڕە تاکتیکیە، پشت بە لێدوانی بەرپرسانی ئاکەپە و پەکەکە دەبەستێ و دەڵێت "سەرۆک کۆمار بەر لە چەند ڕۆژێک لە لێدوانێکیدا گوتی پرۆسەی چارەسەری لەناو سەلاجەدایە. واتا پرۆسەی چارەسەری هەڵگیراوە، بەڵام تاوەکو هەڵبژاردنی داهاتوو کاتی کارپێکردنی دیار نییە".

لەبارەی پەکەکەشەوە دەڵێت "پەکەکە دەڵێ هێرش ناکەینە سەر سوپا، کێشەی ئێمە لەگەڵ پۆلیسە. کەواتە ئەوەش نیشانەیەکە بۆئەوەی کە ئەو شەڕە تەکتیکیە".

ئایا پەکەکە دەتوانێ بەشەڕ مەرجەکانی بەسەر تورکیادا بسەپێنێ؟ گونای ئەسڵان دەڵێت "ئەمە تەنیا بەچەک ناکرێت، لەلایەنی سیاسی و دیپلۆماسی پەکەکە بەهێزە. لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست و تورکیا پرۆسەیەکی نوێ لە ئارادایە. پەکەکە جێگای خۆی لەناو سیستەمی نێودەوڵەتی کردووەتەوە، بووەتە ئەکتەرێکی نێودەوڵەتی، ئیتر بەتەنیا پێویستی بە چەک نەماوە. زەمینەی سەرکەوتن سیاسەتە، پەکەکە باش لەوە تێگەیشتووە، بۆیە لەلایەک شەڕ دەکات و لەلایەکەی دیکەش داوای چارەسەری سیاسی و دیپلۆماسی دەکات".

### ڕای گشتیی تورکیا گۆڕاوە

بەگوێرەی ئامارە فەرمیەکانی سوپا و هێزەکانی ئاسایشی تورکیا، تاوەکو ئێستا 57 پۆلیس و سەرباز کوژراون، 169 کەسیش بریندار بوون. لەبەرامبەردا پەکەکە ژمارەی قوربانیەکانی بە کەمتر لە 30 کەس مەزەندە دەکات.

بەدرێژایی مێژووی شەڕی دەوڵەتی تورکیا و پەکەکە، ڕای گشتی تورکیا ئەو شەڕەی وەکو شەڕی دەوڵەت و دوژمن لە قەڵەم دەدا و بەچاوی دوژمن سەیری کوردی دەکرد، بەڵام لەم شەڕەدا ڕای گشتی وەکو جاران بیرناکاتەوە. گونای ئەسڵان دەڵێت "ڕای گشتی تورکیا شەڕی ناوێت، ئەو سێ ساڵەی دوایی تێگەیشتن ئەو شەڕە شەڕی نیشتمان نییە، شەڕی دەوڵەت و کورد نییە، دەزانن کە هێزە سیاسیەکان بۆ بەرژەوەندیی خۆیان ئەو شەڕە دەکەن. بۆیە وەکو ڕابردوو پشتگیری شەڕ ناکەن".

بۆ یەکەمجارە لەکاتی گەڕانەوەی تەرمی سەربازانی تورک بۆ لای کەسوکاریان، بەرپرسانی حکومی و سەربازی پرۆتەستۆ دەکرێن.

ڕۆژی 20ی ئەم مانگە کاتێک تەرمی ڕەجەب بەیجور لە ئەرزڕوم بە خاک دەسپێردرا کە والیی ئەرزڕوم و پەرلەمانتاران و گەورە ئەفسەرانی سوپاش ئامادە بوون، عومەر بیلیر ئامۆزای سەربازە کوژراوەکە گوتی "ئەی ڕۆژنامەنووسان بنووسن، سەرۆک کۆمار بەمە دڵخۆشە. برا بەدەستی برا بە کوشت دەدات".

ڕۆژی 16ی ئەم مانگەش لە مەراسیمی بەخاک سپاردنی تەرمی مووسا سایدم کە لە بینگۆل گیانی لەدەستدابوو، لە شاری کرکقەڵا، یاڵچین ئاکدۆغان جێگری سەرۆک وەزیرانی تورکیا بە فیکە لێدان پرۆتەستۆ کرا. هەموو ئەو دیمەنانە بۆ یەکەمجارە لە تورکیا دەبینرێن.

ڕۆژنامەنووسێکی دیاری تورکیا کە لەبەر ئەوەی دەزگاکەی ڕێگەی پێنەداوە لێدوان بدات، نەیویست ناوی بڵاوبکرێتەوە، گوتی "ئیدی تورک بە ئاشکرا دەڵێن شەڕ بەسە. لە کاتی گەڕانەوەی تەرمی سەربازان یاخی دەبن. کەس ناڵێت بژی نیشتمان".

ئەو ڕۆژنامەنووسە ئەو کاردانەوەیە بە گرنگ وەسف دەکات بۆ ئەوەی جارێکی دیکە پرۆسەی ئاشتی دەست پێبکاتەوە "دەورووبەری ئاکپارتی دەڵێت بەهۆی کاردانەوە لە مەراسیمی بەخاکسپاردنی ئەو سەربازانە دەنگەکانمان لە کورتی داوە. لەبەر ئەمەش لەم چەند ڕۆژەی دوایی ئۆپەراسیۆنەکان ڕاگیراون".

ئەو ڕۆژنامەنووسە کە ڕوومالی شەڕی شارەکانی کردووە، هەروەها دەڵێت "چەند ڕۆژە دەگەڕێم، پۆلیس و سەربازیش دوور لە چاوی کامێراکان دەڵێن با کۆتایی بەو شەڕە بێنن".

ئەو ڕۆژنامەنووسە گفتوگۆی پۆلیسێک و گولتان کیشاناک، هاوسەرۆکی هەدەپە لە کاتی چوونی بۆ شارۆچکەی فارقین بە نموونە دەهێنێتەوە کە پۆلیسەکە بە کیشاناکی گوتووە "بەڕێزەکەم باوەڕ بکە بەرقەراربوونی ئاشتی خواستی هەموومانە".

### والی 14 ناوچەی تایبەتی ڕاگەیاندووە

# دێرسیمییەکان گومانیان لە ڕاگەیاندنی "ناوچە تایبەتەکان" هەیە



**ڕووداو- هەولێر**

والیی دێرسیم بڕیاری داوە 14 شوێن بکرێنە "ناوچەی تایبەت"ی سەربازی، بەمەش دانیشتووانی گوندەکانی دێرسیم ترسیان لێ نیشتووە کە جارێکی دیکە ڕووبەڕووی کۆچکردن ببنەوە. کۆمەڵناسێکی شارەکەش دەڵێت حکومەت شەڕی پەکەکەی کردووەتە بیانوویەک بۆ گۆشەگیرکردنی ناوچەی عەلەوییەکان.

ڕۆژی سێی ئەم مانگە عوسمان کایماک، والیی دێرسیم، بەبیانووی هێرشی پەکەکە 14 ناوچەی پڕ دانیشتووانی وەکو "ناوچەی تایبەت" ڕاگەیاند، ئەمەش ناڕەزایەتی و خۆپیشاندانی جەماوەریی بەدوای خۆیدا هێنا.

دوای ناڕەزایی خەڵک، شاندێکی پەرلەمانتارانی جەهەپە بە سەرۆکایەتی لەوەند گۆک، جێگری سەرۆکی فراکسیۆنی جەهەپە لە پەرلەمانی تورکیا سەردانی ناوچەکەیان کرد و ڕاپۆرتێکیان ئامادە کرد.

بەگوێرەی ڕاپۆرتەکە کە ڕۆژی 16ی ئەم مانگە بڵاوکراوەتەوە، زۆربەی ئەو ناوچانەی وەکو ناوچەی ئەمنیی تایبەت لە قەڵەمدراون، پێچەوانەی یاسایە، چونکە شوێنی نیشتەجێبوونن، ئەمەش هەڕەشەیە بۆ سەر دانیشتووانی ئەو ناوچانە.

هەر بەپێی ڕاپۆرتەکە "درێژکردنەوەی ماوەی ناوچە سەربازییەکان هەر 15 ڕۆژ جارێک، ئامانجێکی سیاسی لەپشتە". لە ڕاپۆرتەکەدا ڕەخنە لە والیی دێرسیم گیراوە کە "باری نائاسایی لەو ناوچانەدا ڕاگەیاندووە و بەمەش سنووری دەسەڵاتەکانی تێپەڕاندووە کە یاسا و پەرلەمان بۆی دیاری کردووە".

نووسەر و کۆمەڵناس جەمال تاش لە دێرسیمەوە بە (ڕووداو)ی گوت "لە ساڵانی 1990 بەدواوە باری نائاسایی لەو ناوچەیە زۆر بەتوندی پەیڕەو کرا، بەڵام هێشتا وەکو ڕاگەیاندنی ناوچەی تایبەت نەبوو کە والی ڕایگەیاندووە".

بەگوێرەی یاسای ناوچە تایبەتەکان کە پەرلەمانی تورکیا لە ساڵی 1988 دەریکردووە، ئەو ناوچانە نابێت شوێنی نیشتەجێبوون بن. هەر بەپێی یاساکە ماوەی ڕاگەیاندنی ناوچەی تایبەت بۆ 15 ڕۆژە و والی بۆی نییە درێژی بکاتەوە، بەڵام لە ڕاپۆرتەکەی شاندی جەهەپەدا هاتووە کە ئەو ناوچانە ناوچەی نیشتەجێبوونن.

نورحەیات ئاڵتون، هاوسەرۆکی شارەوانیی دێرسیم کە سەر بە هەدەپەیە، بە (ڕووداو)ی گوت "ناوچە تایبەتەکان کە والی ڕایگەیاندوون، ئەو دێهاتانە دەگرێتەوە کە لە دوای ساڵی 2008 بە دەستپێشخەری دێهاتییەکان دوای هەڵگرتنی باری نائاسایی، ئاوەدان کراونەتەوە".

سەرۆکی شارەوانی دێرسیم دەڵێت بڕیارەکەی والیی دێرسیم بێ مەترسی نییە لەسەر خەڵک "چونکە ژیانیان لەسەر مێشەوانی و بەخێوکردنی ئاژەڵە، خەڵکەکە شوێنی خۆیان بەجێنەهێشتووە، ئێستا مەترسی لەسەر ژیانی دانیشتووانی ئەو گوندانە هەیە".

عوسمان کایماک، ڕۆژی سێی ئەم مانگەی وەکو یەکەم ڕۆژی ناوچەی تایبەت ڕاگەیاند کە دەبووایە لە ڕۆژی 17ی مانگ کۆتایی بێت، بەڵام کاتەکەی بۆ ڕۆژی چواری ئەیلول درێژکردەوە. ڕاپۆرتی شاندی جەهەپە و سەرۆکی شارەوانیی دێرسیمیش، والی بە پێشێلکردنی یاسا تاوانبار دەکەن.

گەڕانەوە بۆ نەوەتەکان

خەڵکی دێرسیم بەشاندەکەی جەهەپەیان گوتووە کە هێشتا شوێنەواری کۆچپێکردنی گوندییەکان لە ساڵانی نەوەتەکاندا ماوە. ئەو ڕێوشوێنانەی والی، ساڵانی نەوەتەکان بەبیر دێرسیمییەکان دێنێتەوە، چونکە باری ئابووریی دێرسیم بە بەراورد لەگەڵ ناوچەکانی دیکەی باکووری کوردستان زۆر خراپترە.

جەمال تاش پێیوایە "ڕاگەیاندنی ناوچەی تایبەت، لەو ساتەوەختەدا جوڵەی بازرگانی پەکدەخات و ڕێگا بۆ شەپۆلێکی دیکەی کۆچکردن خۆش دەکات". هەروەها دەڵێت "لە ساڵانی نەوەتەکاندا لەژێر ناوی باری نائاسایی، خەڵک لە ماڵەکانیان دەرکران و گوندەکانیان خاپوور کران. ئەمڕۆ دوای کۆتاییهێنان بە پرۆسەی ئاشتی لەژێر ناوی ناوچەی تایبەت، کردەوەکانی ساڵانی نەوەتەکان دووبارە دەکرێنەوە".

والیی دێرسیم لە ڕاگەیاندنی ئەو 14 ناوچەیە بە "ناوچەی تایبەت" دەڵێت "ئەو شوێنانە کەمپی پەکەکەی لێیە". بەڵام ڕاپۆرتەکەی جەهەپە ئەوە ڕەتدەکاتەوە.

نورحەیات ئاڵتون دەڵێت "لەگەڵ شاندی پەرلەمانتارانی جەهەپە، سەردانی ئەو 14 ناوچەیەمان کرد، هیچ بارەگا و کەمپێکی پەکەکەمان نەبینی".

جەمال تاش پێیوایە مەسەلەی ڕاگەیاندنی "ناوچەی تایبەت" تەنیا پەیوەست نییە بە تێکچوونی پرۆسەی ئاشتی. لەو بارەیەوە دەڵێت "لە تورکیا لە سەردەمی عوسمانییەکان و کۆماریش، سیاسەتێکی تایبەت بەرامبەر دێرسیم و ناوچەی عەلەوینشین پەیڕەو کراوە. ئامانجەکەشی دواکەوتنی ئەو ناوچەیە و چۆڵکردنیەتی. ئەگەرنا لەم ڕۆژانەی دوایی لە باشوور و باشووری ڕۆژهەڵات چەندین ناوچەی تایبەت ڕاگەیەندراون، بەڵام ماوەکەی لە 7 ڕۆژ تێنەپەڕیوە، بۆیە شەڕی پەکەکە تەنیا بیانووە".

### ناوچەی تایبەت:

بەپێی دەستووری کۆماری تورکیا لەساڵی 1982، لە ئەگەری ڕوودانی شەڕی ناوخۆدا، یان یاخیبوون و هەڵگەڕانەوە لە دەوڵەت، پێویستە باری نائاسایی ڕابگەیەندرێت. بۆ ئەم مەبەستە لە 1983/10/27 پەرلەمانی تورکیا یاسای "باری نائاسایی" دەرکرد. بە مەبەستی جێبەجێکردنیشی "فەرماندەی ئاسایشی جەندرمەی" دروستکرد. لەدوای دەستپێکردنی شەڕی پەکەکەش بۆ یەکەمجار ئەو یاسایە لە باکووری کوردستان، لە 1987/7/19 کاری پێکرا، سەرەتا لە هەشت شاری کوردستان و پاشانیش زۆربەی باکووری کوردستانی گرتەوە. لە 2002/11/30 یاساکە هەڵوەشایەوە.

بەڵام لە ساڵی 2011دا پەرلەمان یاسای "ناوچەی تایبەت"ی دەرکرد کە دەسەڵات بە والیی شارەکان دەدات لە کاتی پێویستدا ناوچەکانیان وەکو ناوچەی ئەمنی ڕابگەیەنن.

# زارگەلی بەرماڵەکەی پوورە ئایش بۆ ئەردۆغان دەنێرێ

**کوڕی پوورە ئایش:**
دایکم خەریکی نوێژی بەیانی بوو کە تەیارە لێی داین

**دانیشتوویەکی زارگەلی:**
پەیوەندیمان لەگەڵ پەکەکە زۆر خراپە

**پەکەکە:**
قەندیلمان بە خوێن بەدەستهێناوە

**دانیشتوویەکی زارگەلی:**
ئەگەر خوێنێک لێرە رژابێت، ئەوا خوێنی ئێمە بووە





**کورت ناگل و هەژیر شەریفی**
**رووداو- زارگەلی**

لەگەڵ هێرشی یەکەمی فڕۆکەکان، شێروان ئەحمەد یەکەمجار منداڵەکانی خۆی دەرباز کرد. دواتر بۆ رزگارکردنی دایک و باوکی، بە راکردن گەڕایەوە.

شێروان بە بریندارییەوە لەم سەر بۆ ئەوسەری ئەو گوندە رایدەکرد کە رۆژگارێک هەوێنی منداڵیی ئەو بوو. ئەو گوندەی لە چرکەیەکدا بە بەرچاوی شێروانەوە یەکپارچە بووە بڵێسەی ئاگر.

شێروان لە گەڕانەوەیدا تووشی جووتیاری مام ئەحمەدی خاڵۆزای دەبێت کە بەناو ئاسن و بلۆکی داڕووخاوی ماڵەکەیاندا، جەستەی خەڵتانی خوێنی باوکی شێروانی دەردەهێنا.

شێروان دەڵێت "هەموو خێزانەکەم بریندار بوون. فڕۆکەکان تەنانەت ئەو کەسانەشیان دەپێکا کە یارمەتیی بریندارەکانیان دەدا."

کاتێک دیسان گەڕانەوە بۆئەوەی دایکی شێروان رزگار بکەن، ئیدی شتێک بە ناوی خانوو نەمابوو "ئەوەی هەبوو بەسەر جەستەی لاواز و بەتەمەنداچووی دایکمدا داڕمابوو. دایکم خەریکی نوێژی بەیانی بوو کە تەیارە لێی داین."

زارگەلی، کە بە هۆی بۆردومانی دوو هەفتە لەمەوبەری فڕۆکەکانی تورکیاوە ئێستا وێردی سەر زمانی خەڵکی کوردستانە، گوندێکی ئارامی سەر سنوور و بناری قەندیلە. هەشت کەس لەو رۆژەدا گیانیان سپارد، لە ناویاندا بەرپرسێکی ئیداری و دوو ژنی بەتەمەن، هەروەها پۆلێک بریندار بە زامی سەخت و سووکەوە.

وەزارەتی بەرگریی تورکیا دواتر رایگەیاند، مەبەستی ئەوان گەریلاکانی پارتی کرێکارانی کوردستان (پەکەکە) بووە کە بەرزاییەکانی قەندیل بۆ هێرش لەناو خاکی تورکیا بەکاردەهێنن، بەڵام ئەو بەیانییەی فڕۆکەکان هاتن، گەریلای پەکەکە لەو شوێنانەدا نەبوون.

رێکخراوی ئەمنستی ئینتەرناشناڵ دوای لێکۆڵینەوەی مەیدانیی خۆی، رایگەیاند کە لەوکاتەدا هێزی پەکەکە لە زارگەلی نەبووە. بەگوێرەی راپۆرتەکەی ئەمنستی "نە بازگەی پشکنین، نە هیچ پێگەیەکی سەربازی لە گوندی زارگەلی نەبووە. ئەوەش قسەکانی خەڵکی ئاواییەکە پشتڕاست دەکاتەوە کە دەڵێن گەریلا لەناو گوندەکەدا نەبوون."

بەڵام ئەمە زۆر بە لای شێروان و گوندنشینانی دیکەوە گرنگ نییە کە سەرلەبەری ژیانیان ئێستا تێکچووە.



شێروان دەڵێت "گوندەکە ئێستا چۆڵە. ئەمە رێگەچارە نییە، ئەوە کۆمەڵکوژییە."

بە دەم جگەرەکێشانەوە، شێروان دەیەوێت بزانێت کە ئێستا چی روودەدات. دوای ئەوەی زارگەلی تێکدرا، بەرپرس و چالاکڤان هاتن و رەوشەکەیان لێکدایەوە، بەڵام تا ئێستا یارمەتی مرۆیی و لێپرسینەوەی یاسایی نەکراوە.

ئێستا جگە لە دەنگی چۆڕەی ئاوی ناو گوند و فڕۆکەی تورکی، گوێت لە شتێکی دیکە نابێت.

شێروان بە هەناسەساردییەوە دەڵێت "نازانین روو لە کوێ بکەین بۆ ئەوەی مافی خۆمان وەربگرین. هەموو لایەک هەر بێدەنگن. بێدەنگی نیشانەی رازیبوونە".

رێکخراوی ئەمنستی بە نیگەرانییەوە سەیری ئەو هێرشە ئاسمانییانە دەکات کە پێدەچێت مافەکانی مرۆڤی تێدا بە جیددی پێشێل کرابێت. تورکیا رایگەیاندووە کە بۆ کوژرانی خەڵکی سیڤیل خەمبارە.

لاما فەکیە، کە راوێژکارێکی رێکخراوی ئەمنستییە، لە راپۆرتەکەدا نووسیویەتی "هێرشەکانی ئەمدواییە بۆ سەر قەندیل، خەڵکی ناوچەکەی کوشتووە و لە شوێنی خۆیان ئاوارەی کردوون، لە کاتێکدا هیچ بنکەیەکی سەربازی پێناچێت لەو شوێنەدا هەبێت."

لێکۆڵینەوەکان وا نیشان دەدەن کە تەنانەت ئەوانەی بە هانای بریندارانەوە چوون، کراونەتە ئامانجی هێرشەکان و کوژراون. چەند پێشمەرگەیەکیش لەناو قوربانیاندا بوون.

فەکیە دەڵێت "حکومەتی تورکیا زۆر بێ بایەخانە سەیری ژیانی خەڵکی مەدەنی ئەو ناوچانەی کردووە."

حکومەتی هەرێمی کوردستان بەفەرمی سەرکۆنەی ئەم هێرشانەی کرد و داوای لە هەردوولا کرد بگەڕێنەوە سەر مێزی گفتوگۆ. حکومەت هەروەها ئامۆژگاری پەکەکەی کرد کە هێزەکانی لە ئاواییەکان دووربخاتەوە بۆ ئەوەی ژیانی خەڵکی مەدەنی نەکەوێتە مەترسییەوە.

سەرۆکی هەرێمی کوردستان مەسعود بارزانی لە بەیاننامەیەکدا رایگەیاند "ئێمە ئەو بۆردومانانە پرۆتستۆ دەکەین کە بوونەتە هۆی شەهیدبوونی هاووڵاتیانی هەرێمی کوردستان و داوا لە تورکیا دەکەین خەڵکی مەدەنی نەکەنە ئامانج."

هەر لەوبارەوە سەرۆک وەزیرانی عێراق حەیدەر عەبادی رایگەیاند کە هێرشی تورکیا جێگەی قبوڵکردن نییە و تورکیا بۆی نییە لە دەرەوەی سنووری خۆی هێرش بکات. وەزیری دەرەوەی عێراق ئیبراهیم جەعفەری سەرکۆنەی بۆردومانەکەی کرد و بە هەڵمەتی "تۆقاندن و ترساندن" ناوی هێنا.

بەڵام بەرپرسانی وەزارەتی دەرەوەی تورکیا دەڵێن "هێرشەکان فەرماندەی گەورەی پەکەکەی پێکاوە."

بەپێی بەیاننامەکەی وەزارەتی دەرەوە، "تورکیا نیگەرانە لەوەی کە خەڵکی مەدەنی بوونەتە قوربانیی ئەو هێرشانە و هەوڵ دەدەن لە هێرشەکانی داهاتوویاندا رێگە نەدەن هاووڵاتی سڤیل ببنە ئامانج."

## لەدەستدانی خۆشەویستان

باوکی شێروان لەسەر تەختێک لە ماڵێکی تەواونەکراوی دەرەوەی زارگەلیدا راکشاوە. پەتۆیەکی مەیلەو شین ئەو برینانەی داپۆشیون کە بە جەستەیەوەن. قاچێکی شکاوی بە تەختەکەوە بەرز راگیراوە.

شێروان دەڵێت پێنج خێزان ئێستا لەو ماڵەدا دەژین کە ناسیاوێکیان بۆی چۆڵ کردوون تا جێگەیەکی دیکە دەبیننەوە.


شێروان ئاگای لە باوکێتی و نیگەرانی دۆخی خوشکەکەیەتی کە لە ئەنجامی بۆردومانەکاندا رەنگە بینایی چاوێکی لە دەست بدات. خوشکی شێروان ئێستا لە تورکیایە بۆ چارەسەری.

شێروان دەڵێت: "سەیر نییە؟ لەلایەکەوە بۆردومانمان دەکەن و لە لایەکی دیکەوە چارەسەرمان دەکەن."

خزمێکی شێروان، بەناوی زەریا ئەحمەد، سەیری ئەو وێنانە دەکات کە رێک دوای بۆردومانەکە بە مۆبایلەکەی گرتوونی. زەریا وێنەی پیاوێکم نیشان دەدات کە کونێک کەوتووەتە نێو چاوانی. ئەمە وێنەی مامێتی، محەممەد ئەمین کە ئەویش ئێستا بۆ چارەسەری پزیشکی لە تورکیایە.

شێروان بە دەنگێکی نزمەوە دەڵێت "پێمانوانییە تورکیا بەبێ رەزامەندیی وڵاتانی دیکە هێرشی وا بکات."

قوربانیانی هێرشەکە توانیویانە لە نزیکەوە سەرۆک بارزانی ببینن، بەڵام شێروان دەڵێت جگە لە تێچووی پزیشکی و کۆمەڵێک بەڵێن هیچی دیکەیان وەرنەگرتووە.



ئەو دەڵێت: "حکومەتی هەرێمی کوردستان ناتوانێت ئەمە رابگرێت. داوایان لە تورکیا کرد هێرشەکان رابگرێت، بەڵام کاریگەریی نەبوو. داوایان لە پەکەکەش کرد کە بڕوات، نەڕۆیشت."

## پەکەکە لە قەندیل

چەند کیلۆمەترێک لەولای زارگەلییەوە، دوو گەریلای پەکەکە لەسەر رێگە وەستاون. بوونی ئەوان لەو شوێنە و نزیک لەو گوندە کاولبووە، نیشانی دەدات کە پرسی قەندیل چەند ئاڵۆزە.

وتەبێژێکی پەکەکە بە ئەمنستی ئینتەرناسیۆنالی گوتووە "بۆ ئەوەی ئاسایشی ئەو گوندنشینانە نەکەوێتە مەترسییەوە گەریلاکانی پەکەکە هەمیشە پێنج کیلۆمەتر دوور بوون لە ئاوایی و لەگەڵ خەڵکی ناوچەکە تێکەڵ نەبوون".

لەگەڵ ئەمەشدا، رێک لە سەرووی گەریلاکانەوە، ئاڵایەکی سووری پەکەکە دەشەکێتەوە. هەر لە نزیکی ئەوێ وێنەیەکی گەورەی عەبدوڵڵا ئۆجەلان هەڵواسراوە.

زاگرۆس هیوا، گوتەبێژی پەکەکە دەڵێت "پەکەکە لەناو گونددا نییە، بەڵام ئێمە بە هانای قوربانیانەوە چووین". هیوا هەروەها دەڵێت، سەدان گەریلای پەکەکە لە ناوچەکەدا بوون، بەڵام لەناو زارگەلی تەنیا پێشمەرگە هەبوون.

پەکەکە و خەڵکی گوندەکە پێش هێرشەکان پێوەندییەکی ناجێگیریان لەگەڵ یەکدا هەبووە. بەڵام ئێستا هەر بە جارێک خەڵک نارازییە و نایانەوێت پەکەکە لەوێ بمێنێ. خەڵکەکە دەڵێن مانەوەی پەکەکە لە ناوچەکە کێشە بۆ ئاسایشی ئەوان دروست دەکات.

یەکێک لە گوندنشینەکان کە نەیویست ناوی بڵاوبکرێتەوە، گوتی "پێوەندی ئێمە لەگەڵیان زۆر خراپە. مامەڵەیان لەگەڵ خەڵک باش نییە".

یەکێکی دیکە دەیگوت "پەکەکە دەڵێن ئەم شوێنەیان بە خوێن بەدەست هێناوە، بەڵام ئەگەر خوێنێک رژابێت ئەوە خوێنی کچ و کوڕانی ئێمەیە".

شێروان لە خەمی خانەوادەکەیەتی کە پەکەکە دەیانخاتە مەترسییەوە. ئەو دەڵێت: "دەمێکە داوا لە پەکەکە دەکەین لێرە دووربکەونەوە. ئێمە رێزمان بۆیان هەیە و رێز لەوەش دەگرین کە دەیکەن، بەڵام نزیککەوتنەوە لە گوندی ئێمە قابیلی قەبووڵ نییە".

شێروان دەڵێت هەر جۆرە پەیوەندییەکیان لەگەڵ پەکەکە هەبێت ئەوە لەسەر بنەمای کوردبوون بووە. ئەو دەڵێت "سڵاو لە یەکتر دەکەین. بەڵام پێوەندیمان توندوتۆڵ نییە."

هیوا دەڵێت تورکیا هۆکاری خوێنڕشتنە و "ئەردۆغان دەیەوێت کورد لەناو ببات". ئەو دەڵێت "ئێمە بە هێرشکردنە سەر سەربازەکانی تورکیا تۆڵە دەکەینەوە. ئەمە دەبێ بکرێت. ئێمە هێچ رێگەیەکی دیکەمان نییە. هیچ لایەنێکی نێودەوڵەتی سەرکۆنەی تورکیای نەکردووە. ئێمە دەبێ پشت بە تواناکانی خۆمان ببەستین."

## بەرماڵەکەی پوورە ئایش

زەریا ئەحمەد هەروا بە دوای وێنەکانی ناو مۆبایلەکەیدا دەگەڕێت و بۆردومانەکە سەرلەنوێ دێنێتەوە بەرچاوی.

برازا چوار ساڵانەکەی، سەرکەوت، بە کۆڵیدا هەڵدەگەڕێت و لەوێوە هەوڵ دەدات وێنەکان ببینێ.

مامی رێگە نادات منداڵەکە وێنەکان ببینێ و وێنەی سووتاوی تەرمێک کە بە پەتوویەک داپۆشراوە نیشان دەدات. دەست و پێی تەرمەکە سووتاون. پرچی لە خوێن لوول دراوە.

ئەمە وێنەی دایکی شێروانە، پوورە ئایش. ئەوان پوورە ئایشیان لەژێر خانووە رووخاوەکەیانەوە دەرهێنا و خێرا هەستیان کرد کە گیان لە لەشیدا نەماوە. کوڕەکانی دەڵێن هیوادارن کە بە خێرایی گیانی سپاردبێت و ئازاری نەدیبێت.

پوورە ئایشی تەمەن 69 ساڵ، خۆشەویستی ئاوایی بوو، حەوت کوڕی لە دوای خۆی بە جێهێشتووە کە هەموویان پێشمەرگەن و لە شەڕی دژ بە داعشدا بەشدارن.

کوڕەکانی دەگێڕنەوە کە چۆن دایکیان ماڵ بە ماڵ گەڕاوە و لە رەمەزاندا دوعای بۆ دراوسێکانی کردووە.

ئەحمەد کە کوڕێکی دیکەی پوورە ئایشە، دەڵێت "زۆر دڵی گەورە بوو، نەک هەر بۆ ئێمە، بۆ هەموو خەڵکی گوند. بۆمان دەگریا کە دەچووینە سەر کار و زۆر بە پەرۆش بوو تا دەگەڕاینەوە".

تەرمی پوورە ئایشیان لە نزیکی گوندەکە ناشتووە لەگەڵ هەموو ئەوانەی کە یەکی ئاب لە هێرشەکەدا گیانیان سپارد. خێزانەکەی دەڵێن نەدەکرا پرسەی بۆ دابنێن و خەڵک بێت، چونکە لەوە دەترسان دیسان فڕۆکەکەن بێنەوە.



شێروان و خەڵکی گوند ئێستا چاوەڕێی بەدیهاتنی دادپەروەرین. هیوادارن، بەڵام گومانیان هەیە داد پێیان بگات. شێروان دەڵێت "من بەرماڵەکەی دایکمم بۆ ئەردۆغان نارد و پەیامێکم بۆ تورکیا رەوانە کرد".

## عێراق 90 تۆن ئاڵتوونی یەدەگی هەیە



**ڕووداو- هەولێر**

ئەحمەد حاجی ڕەشید، بڕیاردەری لیژنەی دارایی پەرلەمانی عێراق، یەدەگی عێراقی لە دۆلار و ئاڵتوون ئاشکرا کرد و گوتی "یەدەگی سامانی عێراق 59 ملیار دۆلار و نزیکەی90تۆن ئاڵتوونە". بەگوتەی ناوبراو ساڵ لەدوای ساڵ ئەو یەدەگە کەمدەبێتەوە، هۆکاری سەرەکیش دابەزینی نرخی نەوتە "کە ئێستا نرخی یەک بەرمیلی لەخوار 40 دۆلارەوەیە". ئەحمەد حاجی ڕەشید ئاشکرای کرد لە 2013دا یەدەگی دۆلار لەبانکی ناوەندی عێراقی 84 ملیار دۆلار بووە، ساڵی رابردوو بووەتە 77 ملیار دۆلار، ئەمساڵیش بۆ 59 ملیار دۆلار دابەزیوە.

# بەرهەمی ئەمساڵی گەنم ژمارەی پێوانەیی تۆمار دەكات



داهاتی گەنمی ئەمساڵی جوتیارانی کوردستان 700 ملیار دینارە ■ (فۆتۆ: فەرزین حەسەن)

## بەرپرسێکی وەزارەتی کشتوکاڵ: لە 50 ساڵی رابردوودا وێنەی نەبووە

**ڕەوا عەبدوڵڵا**
**ڕووداو – هەولێر**

بەرپرسێکی وەزارەتی کشتوکاڵ و سەرچاوەکانی ئاو لە هەرێمی کوردستان رایگەیاند کە بەرهەمی گەنمی ئەمساڵی جوتیاران لە هەرێمی کوردستان ژمارەی پێوانەیی تۆمارکردووە و لە ماوەی 50 ساڵی رابردوودا وێنەی نەبووە.

پرۆسەی بەبازاڕکردنی گەنم ساڵانە لە یەکی حوزەیرانەوە دەستپێدەکات و دوو مانگ بەردەوام دەبێت، بەڵام ئەمساڵ بەهۆی مەترسیی ئاگرکەوتنەوە و هێرشەکانی داعش، لە ناوەڕاستی مانگی ئایارەوە دەستپێکرد.

بەپێی ئاماری وەزارەتی بازرگانی و پیشەسازیی هەرێمی کوردستان، ئەمساڵ 912 هەزار و 626 تۆن گەنم لە جوتیاران وەرگیراوە کە بەراورد بە ساڵی رابردوو 18% زیادی کردووە.

د.ئەنوەر عومەر، بەڕێوەبەری گشتیی پلان و بەدواداچوون لە وەزارەتی کشتوکاڵ بە (ڕووداو)ی گوت "بەرهەمی گەنمی ئەمساڵی جوتیارانی هەرێمی کوردستان ژمارەی پێوانەیی تۆمارکردووە کە لەماوەی 50 ساڵی رابردوودا وێنەی نەبووە".

د.ئەنوەر، هۆکاری زیادبوونی ساڵ بەساڵی بەرهەمی گەنمی جوتیارانی کوردستانی بۆ سەرکەوتوویی پلانی وەزارەتەکەی و مسۆگەریی بەبازاڕکردنی گەنم گەڕاندەوە و گوتی "هۆکارەکان زۆرن، بەڵام سەرەکیترینیان بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە کە ئێمە لە پلانی ستراتیژیی وەزارەتمان گەشەپێدانی بەرهەمی گەنممان لە لوتکە داناوە و زۆرترین پارەمان بۆ تەرخان کردووە، بۆ نموونە چوار کارگەی پاککردنەوەی تۆومان داناوە کە کاریگەر بوو بۆ دابینکردنی بنەتۆی باوەڕپێکراو بۆ جوتیاران، هەموو ساڵێکیش دەرمانی کورکمان بۆ بنبڕکردنی نەخۆشییەکان بۆ جوتیاران دابینکردووە".

بەپێی ئاماری وەزارەتی کشتوکاڵ و سەرچاوەکانی ئاو، لە حەوت ساڵی رابردوودا رووبەری چێندراو لە ملیۆنێک و 937 هەزار دۆنمەوە بۆ 3 ملیۆن و 568 هەزار دۆنم زەوی زیاد بووە. زۆرترین رووبەری چێنراویش لە هەولێرە کە 491 هەزار دۆنمە.

### داهاتی ئەمساڵ 705 ملیار دینار بوو

بەپێی ئاماری وەزارەتی بازرگانی و پیشەسازی، ئەمساڵ 802 هەزار و 82 تۆن گەنم بە "پلە یەک" و هەر تۆنێکی بە 792 هەزار دینار لە جوتیاران وەرگیراوە کە پارەکەی دەکاتە 635 ملیار و 249 ملیۆن دینار. بایی 70 ملیار دیناریش گەنمی پلە دوو و پلە سێ وەرگیراوە. بەمەش تێکڕای داهاتی ئەمساڵی جوتیارانی کوردستان دەکاتە نزیکەی 705 ملیار و 249 ملیۆن دینار. ئەمە لەکاتێکدایە داهاتی گەنمی ساڵی رابردوو 513 ملیار و 883 ملیۆن دینار بوو.

### شوێن بۆ 259 هەزار تۆن گەنم نییە

لە کوردستان حەوت سایلۆی کۆگاکردنی دانەوێڵە هەیە کە توانای کۆگاکردنی 385 هەزار تۆن دانەوێڵەیان هەیە، بەڵام ئەم توانایە لەگەڵ بەرهەمی گەنمی جوتیاران یەکناگرێتەوە، بۆیە ساڵانە گرفتی کۆگاکردنی دانەوێڵە لە کوردستان هەیە. هەر بەو هۆیەوە ساڵی رابردوو 1500 تۆن گەنم لە پارێزگای سلێمانی و هەولێر تەڕبوون.

سەباح ئیبراهیم ئەحمەد، جێگری بەڕێوەبەری گشتیی دیوانی وەزارەتی بازرگانی و پیشەسازی، دەڵێت "بۆ رزگاربوون لە تەڕبوونی ئەو گەنمەی لە دەرەوەی سایلۆکان دەمێنێتەوە، ئەمساڵ بڕیاری دروستکردنی 32 پەنکەرمان لە پارێزگاکان داوە کە توانای هەڵگرتنی 100 هەزار تۆن گەنمیان هەیە، لەگەڵ ئەو دوو پەنکەرەی لەسایلۆی مەخموور و شێخانیش هەیە دەتوانرێت 225 تۆن گەنمی دیکە کۆگا بکرێت".

بەپێی بەدواداچوونی (ڕووداو)، ئەگەر تەواوی پەنکەر و سایلۆکان بەتوانای 100% پڕ بکرێن لە گەنم، هێشتا نزیکەی 259 هەزار تۆن گەنم (158 هەزار تۆن لە هەولێر، 61 هەزار لەسلێمانی و 40 هەزار تۆن لەدهۆک) لە دەرەوەی پلان دەمێننەوە.

بۆ چارەسەری ئەو گرفتە، سەباح ئیبراهیم گوتی "بڕیارمانداوە گەنمی دوو بەشە ئارد بۆ ئاشەکان بنێرین، بەشێکیشی رەوانەی خواروو و ناوەڕاستی عێراق بکەین، ئەوەی دەشمێنێتەوە پێش باران بارین شوێنی بۆ دەکەینەوە".

### سلێمانی لۆرییەکانی بەغدا سزا دەدات

بەرهەمی گەنمی ئەمساڵی جوتیارانی سنووری پارێزگای سلێمانی 157 .261 هەزار تۆن بوو.

ئەندازیار ئەمین محەممەد، بەڕێوەبەری کۆمپانیای گشتی بازرگانیی دانەوێڵە- لقی سلێمانی دەڵێت "یەکەمجارە لەمێژووی پارێزگای سلێمانیدا بڕی بەرهەمی گەنم بگاتە ئەو ئاستە و گەنمی تەواوی جوتیارانیش وەربگیرێت".

ئەو ئەندازیارە گوتیشی "هەردوو سایلۆی پرەمەگروون و سەیدسادق پڕن لە گەنم، 141 هەزار تۆن گەنمیشمان لە گۆڕەپانەکاندایە، چونکە هێشتا پەنکەرەکانی سلێمانی کە ژمارەیان 11 پەنکەرە، تەواو نەکراون کە توانای کۆگاکردنی نزیکەی 55 هەزار تۆن گەنمیان هەیە. ڕەزامەندیشم وەرگرتووە 40 هەزار تۆن گەنمی دیکە لەکۆگاکانی کارگەی شەکر جێ بکەمەوە، بەڵام هێشتا بۆ زیاتر لە 60 هەزار تۆن گەنم گرفتی شوێنمان هەیە، بەغداش پێیانگوتووین کە چادری داپۆشینیان نییە".

ئەو بەڕێوەبەرە رەخنەی زۆری لە بەرپرسانی پارێزگا و ڕێگاوبانی سلێمانی گرت چونکە وەک پێویست هاوکار نین بۆ گواستنەوەی گەنم و گوتی "بۆ گواستنەوەی گەنم لە بنکەکانەوە بۆ کۆگاکان، بەغدا 16 ترێلەی بۆ ناردووین کە بەخۆڕایی گەنمەکانمان بۆ دەگوازنەوە، بەڵام هاتوچۆی سلێمانی لەجیاتی کارئاسانی، سزای خاوەن لۆرییەکانیان داوە گوایە باری زیادیان بارکردووە".

**بڕی گەنمی وەرگیراو لە جوتیارانی کوردستان لە ساڵی 2009 - 2015**

| جۆر | پارێزگا | یەکە | ساڵ 2009 | 2010 | 2011 | 2012 | 2013 | 2014 | 2015 |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| گەنم | هەولێر | تۆن | 73.897 | 179.319 | 112.700 | 59.829 | 210.887 | 284.495 | 373.282 |
| | سلێمانی | تۆن | 62.177 | 116.008 | 120.549 | 97.386 | 140.344 | 219.054 | 261.157 |
| | دهۆک | تۆن | 82.570 | 208.521 | 165.521 | 69.678 | 212.191 | 238.855 | 278.187 |
| | گشتی | تۆن | 218.644 | 503.778 | 398.770 | 226.902 | 563.422 | 742.404 | 912.626 |

# بەرهەمی نیسک و نۆک لە کوردستان 80%دادەبەزێ

**ڕەوا عەبدوڵڵا**
**ڕووداو- هەولێر**

بەڕێوەبەری توێژینەوەی کشتوکاڵ لە وەزارەتی کشتوکاڵ و سەرچاوەکانی ئاو دەڵێ چوار ساڵە سەرقاڵی توێژینەوەن لەسەر 100 جۆر تۆوی نیسک و نۆک، تا ئێستا توانیویانە 6 جۆر نیسک و 5 جۆر نۆک هەڵبژێرن کە توانای بەرگرییان بۆ نەخۆشییەکان یەکجار زۆرەو بەرهەمیشیان زۆر باشە.

بەپێی ئاماری وەزارەتی کشوکاڵ و سەرچاوەکانی ئاو، ساڵ بەساڵ چاندن و بەرهەمی نیسک و نۆک لەکەمبوونەوەدایە، بەرهەمی سێ ساڵی رابردووی جوتیاران تەنیا 26 هەزار و 220 تۆن بووە (18.690 تۆن نۆک و 7.530 تۆن نیسک)، ئەمە لەکاتێکدایە بەپێی پلانی 5 ساڵەی ستراتیژیی وەزارەتی کشتوکاڵ، دەبووایە ئاستی ئەم دوو بەرهەمە لە ساڵی 2013دا بگاتە 60 هەزار تۆن (50 هەزار تۆن نۆک و 10 هەزار تۆن نیسک).

ئازوز ئەحمەد، بەڕێوەبەری توێژینەوەی کشتوکاڵ لە وەزارەتی کشتوکاڵ و سەرچاوەکانی ئاو، دەڵێت "لەرێگەی راپۆرتی بنکە کشتوکاڵییەکانی پارێزگاکانەوە بۆمان دەرکەوت، بەهۆی بڵاوبوونەوەی هەردوو نەخۆشیی ئەسکۆکایتا و فیوزاریۆم ئاستی بەرهەمی نیسک و نۆکی جوتیاران 80% دابەزیوە و چاندنیشیان لەلایەن جوتیارانەوە فەرامۆش کراوە، بۆیە بڕیارماندا توێژینەوەی لەسەر بکەین".

توێژینەوەکە لە ڕێگەی هەردوو بەڕێوەبەرایەتی توێژینەوەی هەولێر و سلێمانی بە هاوکاری ڕێکخراوێکی نێودەوڵەتی بەنێوی ICARDA بۆ بەرهەمهێنانی تۆو، لەسەر نزیکەی 100 جۆر تۆوی باوەڕپێکراوی نیسک و نۆک کراوە. دوای 4 ساڵ توێژینەوە، 5 جۆر تۆوی نۆک و 6 جۆر تۆوی نیسکی گونجاو بۆ چاندن هەڵبژێردراوە.

لەساڵی 1991دا وەزارەتی کشتوکاڵی عێراق لیژنەیەکی باڵای بۆ پەسەندکردنی توێژینەوەی پارێزگاکان بەناوی (لیژنەی نیشتمانی بۆ تۆمارکردن و پەسەندکردنی تەرزە کشتوکاڵییەکان) دامەزراند، ئەرکی ئەم لیژنەیە هەڵسەنگاندن و پەسەندکردنی سەرجەم ئەو توێژینەوانەیە کە لە بەڕێوەبەرایەتی توێژینەوەی پارێزگاکان ساڵانە ئەنجامدەدرێن.

ئازوز ئەحمەد دەڵێت "بۆ پەسەندکردنی ئەو 11 جۆرەی نیسک و نۆک کە توێژینەوەمان لەسەر کرد، ئەمساڵ نموونەی تۆوەکانمان بۆ لیژنەکەی بەغدا نارد، ئەوانیش دووبارە توێژینەوەی لەسەر دەکەن و ئینجا بڕیاری پەسەندکردن یان نەکردنی دەدەن، بەڵام دڵنیاین پەسەندیان دەکەن، چونکە سەرجەمیان بەرگرییان بۆ نەخۆشییەکان یەکجار زۆرە و بەرهەمیشیان زۆر باشە".

لەو 11 نموونەیەی بۆ بەغدا نێردراون، 6 جۆریان (4 جۆر نیسک و 2 جۆر نۆک) لەلایەن بەڕێوەبەرایەتی توێژینەوەی هەولێرەوە توێژینەوەیان لەسەرکراوە.

مەقسود خالد، بەڕێوەبەری توێژینەوەی کشتوکاڵی هەولێر، دەڵێت "ئەو دوو جۆری نۆکەی هەڵمانبژاردوون بەرگرییان بۆ هەردوو نەخۆشی ئەسکۆکایتا و فیوزاریۆم یەکجار زۆرە، بەرهەمیشیان دوو بەرامبەری ئەو نۆکەیە کە ئێستا جوتیاران دەیچێنن، باڵاشیان بەرزە، بۆیە دەتوانرێت لەرێگەی ئامێری دروێنەوە بدروێنەوە، ئەمەش تێچووی بەرهەمهێنان زۆر کەم دەکاتەوە".

جگە لە ئامانجی باشترکردنی جۆر و کوالێتی بەرهەمی نیسک و نۆک، زانا محەممەد، بەڕێوەبەری توێژینەوەی کشتوکاڵی پارێزگای سلێمانی، باسی ئامانجی دیکەی توێژینەوەکانی کرد و گوتی "دەمانەوێ جارێکی دیکە جوتیاران رابهێنین لەسەر پەیڕەوکردنی سیستەمی جووت وەرزی. واتە ئەو رووبەرانەی ساڵانە بەئامانجی بووژانەوەی خاکەکە بە بەیاری بەجێیدەهێڵن و نایچێنن، لەجیاتی بەیار نۆکی لێبچێنن، چونکە چاندنی نۆک هەم خاکەکە دەبووژێنێتەوە بۆ ساڵی ئایندە و پەیینی پێویست نییە، هەمیش دەستکەوتێکی باش دەبێت بۆ جوتیار و بووژانەوەی ئابووریی وڵات".

سەبارەت بە جیاوازیی بڕی بەرهەمی ئەو نۆکەی هەڵیانبژاردووە لەگەڵ نۆکی دیکە، زانا محەممەد گوتی "بڕی بەرهەمی یەک دۆنمی چاندراوی ئەو نۆکە 450 تاوەکو 600 تۆنە، بەڵام بەرهەمی نۆکی ئاسایی لە هەمان رووبەر، بڕەکەی نیوەی ئەو نۆکەیە".

ئازوز ئەحمەد، گەشبینە بەوەی لە رێگەی ئەو 11 جۆر تۆوی نیسک و نۆکەی کە هەڵیانبژاردووە جارێکی دیکە جوتیاران روو لەچاندنی نیسک و نۆک بکەنەوە، بە مەرجێک حکومەت پلانی بۆ بەبازاڕکردنی بەرهەمی جوتیاران هەبێت و بەنرخی پاڵپشت ساڵانە لە جوتیارانی بکڕێتەوە.



**رووبەری چێندراو بە (دۆنم) و بەرهەمی نۆک و نیسک بە (تۆن) لە ساڵی 2012 تاوەکو 2014**

| پارێزگا | جۆر | 2012 رووبەر | 2012 بەرهەم | 2013 رووبەر | 2013 بەرهەم | 2014 رووبەر | 2014 بەرهەم | کۆی گشتی رووبەر | کۆی گشتی بەرهەم |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| هەولێر | نۆک | 11.018 | 1.353 | 9.774 | 1759 | 8.380 | 1.600 | 29.172 | 4.712 |
| | نیسک | 111 | 1.467 | 1.161 | 192 | 1.037 | 2.000 | 2.309 | 3.659 |
| سلێمانی | نۆک | 12.579 | 1.310 | 8.028 | 1.478 | 5.117 | 1.877 | 25.724 | 4.665 |
| | نیسک | 249 | 1.818 | 779 | 141 | 960 | 210 | 1.988 | 2.169 |
| دهۆک | نۆک | 19.630 | 1.719 | 16.225 | 4056 | 14.153 | 3.538 | 50.008 | 9.313 |
| | نیسک | 214 | 1.589 | 306 | 61 | 258 | 52 | 778 | 1.702 |
| گشتی | نۆک | 43.227 | 4.382 | 34.027 | 7.293 | 27.650 | 7.015 | 104.902 | 18.690 |
| | نیسک | 574 | 4.874 | 2.246 | 394 | 2.255 | 2.262 | 5.071 | 7.530 |

## نازییەکان هێرش دەکەنە سەر پەناخوازان



**ڕووداو- درێسن**

بەرەبەیانی ڕۆژی 2015/8/23 نازییەکانی ئەڵمانیا لە شارۆچکەی هویدناوی سەر بە شاری درێسدن، ڕێگای سەرەکی کەمپێکی حەوانەوەیان لەو شارە داخست، دواتر بە دار و بەرد و شوشەو مۆلۆتۆف ڕووبەڕووی هێزەکانی پۆلیس بوونەوەو 31 پۆلیسیان بریندارکرد. پشێوییەکانی شارۆچکەی هویدناو کاتێک ڕوویدا کە پۆلیس سەرقاڵی ئابلۆقەدانی کەمپەکە بوو بەمەبەستی پاراستنیان لەو 600 نازییەی کە دەیانویست ڕێگە لەگەیشتنی 93 پەنابەری تازە بگرن بۆ نێو کەمپەکە. مارکوس ئولبیگ، وەزیری ناوخۆی هەرێمەکە ڕایگەیاند: "ئەو تاوانبارانە لەدەست یاسا ڕزگاریان نابێت".

### کچانی منداڵکار لە سوێد دێننەوە کوردستان و بە زۆر مارەیان دەکەن

# کورد لە سوێد بۆ ژنهێنان پەنا بۆ سامبۆ دەبەن

## 70%ی کچانی منداڵکاری بیانی لە سوێد هەڕەشەی بە زۆر بەشوودانیان لەسەرە



**ڕووداو- ستۆکهۆڵم**

حکومەتی سوێد هێشتا ئەو یاسایەی کارا نەکردووە کە ڕێگرە لەبەردەم بەشوودانی منداڵانی خوار تەمەن 18 ساڵان. یاساکە ڕێگری لەو تاراوگەنشینانە دەکات کە لە دەرەوەی دادگاکانی سوێد منداڵی خوار تەمەن 18 ساڵ مارە دەکەن و ئەو کارەی بە "ڕفاندنی منداڵان" ناوبردووە.

### یاساکە چۆن هات؟

بەشێکی زۆر لە سوێدییە کۆنسێرڤاتیڤەکان و بەتایبەتیش نەژادپەرستەکان، ڕەخنە لە تاراوگەنشینانی وڵاتەکەیان دەگرن کە کاریگەریی نەرێنییان لەسەر نەریتە کۆمەڵایەتییەکانیان هەبووە و بەشوودانی کچانی منداڵکاریش یەکێکە لەو نەریتانە. بۆ ئەو مەبەستە دامەزراوە دادوەرییەکان بەهەوڵی چەند چالاکڤانێکی سڤیل، لەساڵی 2012دا یاسایەکیان دەرکرد، بەڵام یاساکە تاوەکو ئێستا کاری پێنەکراوە و پرۆسەی بەشوودانی کچانی خوار تەمەن 18 ساڵ لەلایەن تاراوگەنشینانی ئەو وڵاتەوە، بەردەوامە.

### کورد لە پلەی سێیەمدایە

یاساکانی سوێد ڕێگە بە شووکردنی منداڵانی خوار تەمەن 18 ساڵ نادەن، بۆیە تاراوگەنشینان بۆ مارەکردنی ئەو منداڵانە سوود لە یاسای وڵاتی خۆیان وەردەگرن، بەڵام بەپێی یاساکەی سوێد کە لە ساڵی 2012 دەرچووە، بردنی هەر کوڕ و کچێک بۆ وڵاتی یەکەمیان بەو نیازە، دەچێتە خانەی ڕفاندنەوە.

بەپێی ڕاپرسییەکی ئەنجوومەنی گەنجانی سوید کە دامەزراوەیەکی فەرمیی ئەو وڵاتەیە "70%ی گەنج و منداڵانی تاراوگەنشین، هەڕەشەی بەزۆر بەشوودانیان لەسەرە". لە ڕاپرسییەکەدا دەرکەوتووە کە "لە دوای عەرەب و سۆماڵی، کورد لەو ڕووەوە لە پلەی سێیەمە".

لە ڕووی قوربانیدانیش بەهۆی قبوڵنەکردن و ڕەتکردنەوە، کە زۆرجار کەوتوونەتە بەر هەڕەشە و کوشتن "کورد و عەرەب لە پێشەوەن". هێلین سافان لەو ئەنجوومەنە گوتی "بکوژی دۆسیەی ماری بارین بەهۆی بەزۆر بەشوودان، تا ئێستا لە کوردستانە".

بەیان ناسیح، کارمەندی کۆمۆنی ستۆکهۆڵم و چالاکڤانی ئەو بوارە، پشتڕاستی کردەوە کە زۆر لە تاوانبارانی ئەو کەیسە هاتوونەتەوە عێراق و گوتیشی "دوای تێکچوونی ڕەوشی ناوەڕاست و خوارووی عێراق، هاتنیان بۆ کوردستان ئەگەرێکی بەهێزە".

### هاوینە ترسناکەکە

گەشتکردن بەرەو دەرەوەی وڵات، نەریتێکی زۆر دیاری هاوینی وڵاتانی ئەوروپا و بەتایبەت ئەسکەندەناڤیایە، بەڵام هێلین دەڵێت بۆ بیانییەکانی سوید، بەتایبەت بۆ گەنجەکانیان زۆر ترسناکە چونکە "بەمەبەستی بە زۆر بەشوودانیان دەیانهێننەوە وڵات".

ماری بارین کە دوای هاتنەوەی بۆ سوید کوژرا و پێلا ئەترووشی کە بەناوی گەشت هێنرایەوە کوردستان و پاشان کوژرا، دوو کەیسی زیندووی ئەو بوارەن.

سارا حەسەن، ژنە چالاکڤانی کورد کە پێشتر هاوکاریی پۆلیسی سوێدی کردووە بۆ گەڕاندنەوەی ئەو کچانەی بە مەبەستی گەشت هێنرابوونەوە کوردستان و پاشان بەزۆر بەشوودراون، گوتی "هەموویانم لە فڕۆکەخانەی هەولێرەوە گەیاندەوە سوید". باسی ئەوەشی کرد کە "بەشێکیان عەرەب بوون، بەڵام زۆربەیان کورد بوون".

زۆرترین ڕێژەی بەزۆربەشوودانی منداڵی خوار تەمەن 18 ساڵ لە سوێد لەو چەند ساڵەی دواییدا، لە ساڵی 2011 تۆمارکراوە کە 11 حاڵەت بوون. ئەگەرچی وەزارەتی دەرەوەی سوید بڵاوی کردووەتەوە کە تەنیا لەنێوان ساڵانی 2005 تاوەکو 2007 زیاتر لە 8500 حاڵەت هەبووە.

سۆران عەزیز، یاساناسێکی کوردستانە دەڵێت "ئێستا شتی لەو شێوەیە لە کوردستان ناکرێ. پێشتر سوود لە کەرکووک و ناوچەکانی دەرەوەی دەسەڵاتی حکومەتی هەرێمی کوردستان وەرگیراوە".

### بەرپرسیشیان تێدایە

هێنانەوەی ئەو کچانە بۆ کوردستان و پاشان بە شوودانیان، یان گوشار لەسەرکردنیان بۆ شووکردن، بەپێی یاساکەی سوید دەچێتە خانەی تاوانەوە. بەپێی لێدوانی چالاکڤانێکی سویدی بۆ (ڕووداو) "بەرپرسانی کوردیش ئەم کارەیان کردووە".

هانس ڕیتۆر پێشتر کارمەندی حکومی بووە و ئێستا لە ڕێکخراوێکی ژنان ڕاوێژکارە، گوتی "هەندێ لەو کچە قوربانیانە کەسوکاری بەرپرس و کەسانی دەسەڵاتدار بوون".

ئەرکان ئەسعەد، نووسەری کوردی تاراوگەنشین، یەکێکە لەو گەنجانەی لە کاتی نووسینی یاساکەدا ڕاوێژی پێکراوە. ئەو بە (ڕووداو)ی گوت "کورد یەکێکە لەو نەتەوانەی کە ئەو کارانە دەکەن، بەڵام هەر بەتەنیا کورد نییە". گوتیشی "ئەوە ئازایەتیی گەنجانی کورد بوو لە وەستانەوەیان بەرامبەر بەم نەریتە کە ئەم بابەتەی زەقکردەوە".

### کورد پەنا بۆ سامبۆ دەبەن


دامەزراوە دەوڵەتی و ڕێکخراوە ناحکومییەکان، بۆ مەبەستی نەهێشتنی ئەم نەریتە سوودیان لە ناوەندە کۆمەڵایەتی و پیرۆزەکان وەرگرت، لە نێویاندا کڵێسا و مزگەوتەکان. مەلای سەرەکیی مزگەوتی میدبۆریانپلاتسن بە (ڕووداو)ی گوت: "هیچ کاتێک کەسانی خوار 18 ساڵمان مارە نەکردووە، ئەمە کارێکی نایاساییە".

بەڵام هەریەک لە هانس و چالاکڤانە کوردەکەش دەڵێن لەژێر ناوی سامبۆ (هاوڕێیەتی نیمچە هاوژین) و لەلایەن مزگەوتەکانەوە مارە دەکرێن.

هانس گوتیشی "لە کولتووری سوید بۆ کەسانی خوار 18 ساڵ ئاساییە بەیەکەوە بژین. ئەمە سامبۆی پێدەڵێن. بەڵام زۆر حاڵەت هەبووە کە بە نهێنی مارە کراون".

# سەرۆکی نەمسا وێنەی خۆی و پەناخوازێکی کورد بڵاودەکاتەوە

## پەناخوازە کوردەکە: نەمزانی سەرۆکە، ئەگەرنا داخی دڵی خۆم بۆ هەڵدەڕشت



**دەریاز یونس**
**ڕووداو- هەولێر**

سەرۆکی نەمسا سەردانی کەمپێکی پەناخوازانی وڵاتەکەی دەکات و دواتریش وێنەیەکی خۆی و یەکێک لەو پەناخوازانە کە کوردە، لە تۆڕی کۆمەڵایەتیی فەیسبوک بڵاودەکاتەوە. پەناخوازە کوردەکە دەڵێت نەمزانی سەرۆکی نەمسایە، ئەگەرنا کۆڵی دڵی خۆم بۆ هەڵدەڕشت.

ڕۆژی 2015/8/19 هاینز فیشەر، سەرۆکی نەمسا، سەردانی کەمپی پەناخوازانی ترایسکیرخنی کرد کە گەورەترین کەمپی پەناخوازانی وڵاتەکەیە و هەزاران پەناخواز کە زۆرینەیان عێراقی و سوورین تێیدا نیشتەجێن.

دوای دابەزینی لە ئۆتۆمبێلەکەی، سەرۆکی نەمسا گفتوگۆی لەگەڵ پەناخوازێکی کوردی باشووری کوردستان کرد کە ماوەی دوو مانگە لەو کەمپەدایە و داوای مافی پەنابەریی لە نەمسا کردووە. دواتر وێنەیەکی خۆی لەگەڵ ئەو پەناخوازە کوردە لە فەیسبوک بڵاوکردەوە.

ئیدریس، ئەو پەناخوازە 17 ساڵەیە کە وێنەی لەگەڵ سەرۆکی نەمسا بڵاوبووەتەوە، بە (ڕووداو)ی گوت "دوو مانگە لە نەمسا، داوای مافی پەنابەرێتیم کردووە، بارودۆخمان زۆر خراپە و لە باخچەی کەمپەکەدا دەخەوین".

لە بارەی دیداری خۆی لەگەڵ سەرۆکی نەمسا، ئیدریس گوتی "پیاوێک لە ئۆتۆمبێلەکە هاتە خوارەوە، ڕاستەوخۆ بە پێکەنینەوە بەرەورووم هات و تەوقەی لەگەڵ کردم، پرسیاری لێکردم کە خەڵکی کوێم، منیش گوتم کوردی عێراقم. ئەویش گوتی: ئەها جەلال تاڵەبانی!".

ئیدریس دەمێک بوو چاوەڕێی هاتنی بەرپرسێکی وڵاتەکەی دەکرد بۆ ئەوەی کێشەی خۆیانی بۆ باس بکات، بەڵام ئەو نەیزانیبوو ئەو پیاوەی تەوقەی لەگەڵ کرد و دواتریش وێنەکەی بڵاوکردەوە، سەرۆکی نەمسایە.

ئیدریس گوتی "نەمزانی ئەو پیاوە سەرۆکی نەمسایە، ئەگەرنا داخی دڵی خۆم بۆ هەڵدەڕشت و پێمدەگوت بارودۆخمان لە کەمپەکەدا چەند خراپە، هیچ کەسێک پێی نەگوتم کە ئەو پیاوە سەرۆکی نەمسایە، دواتر خەڵکی نەمسا و کەسە نزیکەکانی نێو کەمپ پێیانگوتم کە وێنەم لەگەڵ سەرۆکی نەمسا لە فەیسبووک و ماڵپەڕەکاندا بڵاوبووەتەوە".

د.فیشەر، سەرۆکی نەمسا سەدان وێنە لە کەمپەکە دەگرێت، بەڵام تەنیا وێنەی خۆی و پەناخوازە کوردەکە لە لاپەڕەی تایبەتی خۆی لە تۆڕی کۆمەڵایەتیی فەیسبووک بڵاودەکاتەوە و دەنووسێت "ئێمە تەنیا وێنەکان لە دوورەوە لە میدیا دەبینین و کاریگەری لەسەرمان هەیە، بەڵام من سەردانی شوێنەکەم کرد و بارودۆخی پەناخوازانم لە نزیکەوە بینی، من دڵنیام کە حکومەتی نەمسا و تەواوی هەرێمەکان باشترین کار بۆ بارودۆخی پەناخوازان دەکەن".

کەمپی پەناخوازانی ترایکستیرخن، بەناوبانگترین و گەورەترین کەمپی پەناخوازانی نەمسایە و زیاتر لە پێنج هەزار کەسی تێدایە، کەمپەکە 15 کیلۆمەتر لە ڤیەننای پایتەختەوە دوورە.

# ئەوروپییەکان لە ئینتەرنێتدا وێڵی خواردنی کوردین

**ئەلەینا ئێلمس**
**ڕووداو- کۆڵن**

10 ساڵ لەمەوبەر کاتێک ئەو پیاوە کوردەی ناسی کە بووە هاوژینی، لۆندۆنە ڕەشدی ویستی خواردنێکی بۆ دروست بکات کە منداڵی وەبیر بهێنێتەوە، بەڵام کاتێک نەیتوانی ئەو ڕێنماییانە بدۆزێتەوە کە لە کتێبێکدا یان لە ئینتەرنێتدا هەن، بڕیاری دا خۆی ئەو کارە بکات.





ڕەشدی کە دایکی بەریتانییە و باوکی بەنگلادیشییە، تەمەنی منداڵی لەو چێشتخانە هیندییەدا بەسەر بردووە کە براکەی لە بەریتانیا بەڕێوەی دەبرد. ئەو هەمیشە حەزی بە دروستکردنی خواردن بووە و بە ئاسانی توانیویەتی تەکنیکی نوێ بۆ خواردن دروستکردن بدۆزێتەوە. پاش دوو گەشتی بۆ کوردستان لە ساڵی 2008 و 2011دا، ڕەشدی بڕیار دەدات خۆی مژوڵی دروستکردنی خواردنی کوردی بکات.

ڕەشدی کاتێک بووە هاوژینی پیاوێکی کورد، لاپەڕەیەکی فەیسبووکی کردەوە بەناوی "ڕێنماییەکانی دروستکردنی خواردنی کوردی."

ئەمڕۆ، ئەو لاپەڕەیە سەدان ڕێنمایی جیاوازی بە وێنەوە تێدایە لەبارەی دروستکردنی خواردنی کوردی، هەروەها لە پێگەی تویتەر و ئینستاگرام لاپەڕەی خۆی هەیە.

لۆندۆنە بۆ خێزانەکەی خواردنی کلاسیکی کوردی و ئەو خواردنانە دروست دەکات کە ستایلی تێکەڵیان هەیە.

دروستکردنی خواردن لە ماڵەکانی کوردستاندا گۆڕانکاریی زۆری بەسەردا هاتووە، چونکە ئێستا کەرەستەی زیاتر هەیە لە دروستکردنی خواردندا بەکاربهێنرێ. هەروەها چەندین بەرنامەی دروستکردنی خواردن لە کەناڵەکان پەخش دەکرێن. ئەوانەی لە دەرەوە دەژین کەرەستەی دیکە بۆ خواردنە کلاسیکییە کوردییەکان زیاد دەکەن.

ڕەشدی بەبیری دێت کە مێردەکەی لەکاتی گەشتەکانیدا بۆ کوردستان بە جانتایەکی پڕ لە بەهارات و خواردنی تایبەت لە کوردستانەوە دەگەڕایەوە بەریتانیا "بەڵام ئێستا زۆر لەو کەرەستانە لە دوکانی هیندییەکان یان لە سوپەرمارکێتە بچووکە کوردییەکان لە بەریتانیا دەستدەکەون".

زۆر لە کچانی کورد لە دایک یان داپیرەیانەوە فێری دروستکردنی خواردن دەبن. بەڵام ڕەشدی دەیەوێت یارمەتی ئەو کەسانە بدات لە فێربوونی دروستکردنی خواردن کە ئەو هەلەیان نییە.

"زۆر لەوانەی بەردەوام سەردانی ماڵپەڕەکەم دەکەن، هەر کورد نین. هەندێکیان چێشتلێنەری زۆر بە توانان لە خواردنە ناوخۆییەکانی خۆیاندا، تەنیا دەیانەوێ شتێکی نوێ زیاد بکەن بۆ خواردنەکانیان".

زۆر کەس دەستخۆشی لە لۆندۆنە دەکات، بەڵام هەندێک کەس تێبینییان لەسەر ڕێنماییەکانی هەیە. ئەو دەڵێت "هەندێکجار ئەو کوردانەی لە ماڵەوە خواردن دروست دەکەن بە کوێرانە پێمدەڵێن خواردنەکانم کوردی نین".

جگە لە پێگەکەی ڕەشدی، چەندین پێگەی دیکەی تایبەت بە دروستکردنی خواردنی کوردی بە زمانەکانی ئینگلیزی، ئەڵمانی و سوێدی کراونەتەوە بۆ ئەو کوردانەی لە تاراوگەن و شەیدای خواردنی کوردین.

ئازاد عفرینی کە قوتابییەکی کوردە و لە بەرلین دەژی، مانگی شوباتی ڕابردوو لاپەڕەیەکی فەیسبووکی بە زمانی ئەڵمانی دروستکرد بەناوی "خواردنێن کوردی". هەرچەندە ئەو زۆر حەزی بە دروستکردنی خواردنە، بەڵام ئامانجی سەرەکی ئەو لە دروستکردنی ئەو لاپەڕەیە تەنیا خواردن نەبوو.

"بۆم دەرکەوت تەنانەت لەگەڵ هەرەمەکیترین گرووپ، هێشتا سیاسەت ڕۆڵی سەرەکی دەبینێ. تەواو بێزار بووم لە شەڕ و پڕوپاگەندەی بەردەوام لە کاتێکدا هەموو ئەوەی دەمویست دۆزینەوەی ڕێنماییەک بوو، بابڵێین، بۆ دروستکردنی پەنیرێکی خۆماڵیی."

لە گرووپەکەی خۆیدا کە ئازاد لەگەڵ دوو کەسی دیکە بەڕێوەی دەبات، هەوڵدەدات هەموو شتەکان پەیوەست بکات تەنیا بە خواردنەوە و بەهیچ شێوەیەک ڕێگە نادات بە بڵاوکردنەوەی پۆستی سیاسی.

ئەندامانی ئەو گرووپانە زۆر بەخێرایی دەگەنە هەزاران کەس کە تێکەڵن لە کوردی هەموو پارچەکانی کوردستان و ئەڵمانەکان. تەنانەت دایکی ئازاد خۆی یەکێکە لە بەشداران: ئازاد گوتی "هەندێکجار تەماشا دەکەم بزانم چ خواردنێکی دروستکردووە بەر لەوەی بچمە ماڵی باوکم."

ئەندامانی ئەو لاپەڕانە زۆربەیان بریتین لەو قوتابیانەی کە بیری خواردنەکانی دایکیان دەکەن، یان ئەوانەی تازە شوویان کردووە و دەیانەوێ خواردنی نوێ فێرببن، هەروەها بۆ ئەو ئەڵمانیانەی کە لەلایەن هاوسێ کوردەکانیانەوە خواردنی کوردییان پێ ناسێنراوە.

کۆنی فریدلی کە شێفێکی پرۆفیشناڵە لە سویسرا، تەماشای کاری ئەو گرووپانە دەکات بۆ فێربوونی شتی زیاتر دەربارەی خواردنی کوردی بۆ مەبەستی تایبەتی خۆی "دەستگیرانەکەم کوردە و ئەو گرووپە بەکاردەهێنم بۆ کۆکردنەوەی بیرۆکە."

لۆیەس وێرکە ئێستا خەریکی بەدەستهێنانی بڕوانامەی ماستەرە لەسەر خۆرهەڵاتی ناوەڕاست لە زانکۆی بۆنی ئەڵمانیا، گوتی "هەموو کەس چانسی ئەوەی نییە دایکێک یان هاوڕێیەک یان خەسوویەکی کوردی هەبێت، بۆیە ئەو پێگانە بە دڵنیاییەوە یارمەتیدەری باشن بۆ ئاشنابوون بە خواردنی کوردی."

## کەمال محەممەد بۆ کێ گریاوە؟



**ڕێکەوت سەلام / ڕووداو- هەولێر**

گۆرانیبێژ کەمال محەممەد لە ڕێگای کارێکی هونەرییەوە پەیامی خۆی دەنێرێ و ئەو دەنگۆیانەش ڕەتدەکاتەوە کە دەڵێن باری تەندروستیی خراپە.
کەمال محەممەد بە (ڕووداو)ی گوت "ساڵی ڕابردوو گۆرانییەکم بەناوی نیشتیمانی پڕ لە خەم تۆمارکرد، بەڵام کلیپم بۆ نەکردبوو، ئێستا بە پێویستم زانی ئەم بەرهەمە بە شێوەی کلیپ بڵاوبکەمەوە". گۆرانییەکە لە تێکستی شاعیر ئیسماعیل محەممەدە و لە ئاوازی کەمال محەممەد خۆیەتی و لەلایەن دەرهێنەر و وێنەگر بڕیار فەتاح کلیپی بۆ کراوە.
سەبارەت بە ناوەڕۆکی بەرهەمەکە کەمال محەممەد دەڵێت "ئەم گۆرانییە پەیامێکە بۆ نیشتمانێک کە ئەنفالی تێدا کراوە، پێشکەشە بە خاکێک کە شەهیدی لەپێناو دراوە، من هەمیشە گریاوم بۆ نیشتمانە بێنازەکەم".

---

### کچە کوردێک بەشداری پێشبڕکێی هەڵبژاردنی شاجوانی مەزنی جیهان دەکات

### لەیلا چوپانی بۆ (ڕووداو):

# باوکم ڕێگەی داوم بە ڕووتی دەربکەوم



**یەکەم کچی کوردم کە لە دوبەی وەک مۆدێل ناوم تۆمارکراوە**

**دەریاز یونس**
**ڕووداو- هەولێر**

لە دوو مانگی داهاتوودا دەچێتە تایلەند تاوەکو بەشداری لە پێشبڕکێی هەڵبژاردنی شاجوانی مەزنی جیهانی Miss Grand International دا بکات کە لە 7ی ئۆکتۆبەر لە شاری بانکۆک بەڕێوەدەچێت. یەکێ لە مەرجەکانی ئەم پێشبڕکێیە بۆ وەرگرتنی کچان لە پێشبڕکێیەکە دەرکەوتنیانە بە جلی ژێرەوە و بە جلی سەر دەریا. لەیلا چوپانی خەڵکی ڕۆژهەڵاتی کوردستانە و کەمتر لە دوو مانگی لە بەردەستە بۆ ئەوەی بەرەو تایلەند بەڕێبکەوێت، چوپانی دەڵێت "سەرەتا خێزانەکەم ڕازی نەبوون بە جلی ژێرەوە دەربکەوم، بەڵام دواتر باوکم ڕازی بوو".

شاجوانی مەزنی جیهان، لە دوای شاجوانی جیهان و شاجوانی گەردوون و شاجوانی زەوی، بە یەکێک لە گرنگترین پێشبڕکێکانی هەڵبژاردنی شاجوان لە جیهاندا دادەنرێت. ئەم کێبڕکێیە لە 7ی مانگی ئۆکتۆبەر لە بانکۆکی پایتەختی تایلاند بەڕێوەدەچێت و لەیلا چوپانی وەک نوێنەری کوردستان و بەناوی کوردستانەوە بەشداری لەو پێشبڕکێیەدا دەکات. لەدوای دالیا حەسەن کە ساڵی ڕابردوو بەشداری لەو پێشبڕکێیەدا کردبوو، لەیلا چوپانی دەبێتە دووەم کچی کورد کە بەشداری لەو پێشبڕکێ جیهانییەدا بۆ هەڵبژاردنی شاجوان دەکات.

### بەناوی کوردستانەوە بەشداری دەکات

چوپانی لە بارەی بەشداریکردنی لەو پێشبڕکێیە بە (ڕووداو)ی ڕاگەیاند "خۆشحاڵم کە نوێنەرایەتی کوردستان دەکەم لە ڕێوڕەسمی هەڵبژاردنی شاجوانی مەزنی جیهان، ئەو پێشبڕکێیە تاکە پێشبڕکێیە کە ڕێگە دەدات کچان بەناوی کوردستانەوە بەشداری بکەن، ئەمە بۆ خۆی دەستکەوتێکی گەورەیە".

بۆ خولێکی نوێی ئەو پێشبڕکێیە 97 کچ لە چەندین وڵات و هەرێمەوە ناوی خۆیان تۆمار کردووە کە لەیلا چوپانی یەکێکیانە. هەرچەندە نزیکەی مانگ و نیوێک ماوە بۆ دەستپێکردنی کێبڕکێیەکە، بەڵام چوپانی لە ئێستاوە سەرقاڵی ئامادەکارییە و دەڵێت "ئەوپەڕی هەوڵی خۆم دەدەم و دەمەوێ بە جوانترین شێوە دەربکەوم تاوەکو بتوانم نازناوەکە ببەمەوە". دەشڵێت "باوەڕی زۆرم بە سەرکەوتن و بەدەستهێنانی ناسناوەکە هەیە".

> بەجلی ژێرەوە لەسەر شانۆی شاجوانی مەزنی جیهان دەردەکەوم

### یەکەم کچە مۆدێلی کوردە لە دوبەی

چوپانی خەڵکی ڕۆژهەڵاتی کوردستانە، بەڵام بەهۆی کارەکەیەوە ئێستا لە دوبەی دادەنیشێ. چوپانی وەکو مۆدێلێک بۆ چەند کۆمپانیایەکی جلوبەرگ کار دەکات. جگە لەوەش ڕوخساری بازرگانیی چەند پرۆگرامێکی تایبەت بە جوانکارییە لە کەناڵە عەرەبییەکان. لەیلا دەڵێت "من یەکەم کچی کوردم کە بە فەرمی ناوم وەک مۆدێل لە دوبەی تۆمارکراوە".

### باوکی چی پێگوت؟

یەکێک لە مەرجەکانی وەرگرتنی کچان و بەشداریکردنیان لە پێشبڕکێی شاجوانی مەزنی جیهانی، بەبێ گوێدانە کولتووری جیاوازی میللەتان، دەرکەوتنی کچانە بە جلی ژێرەوە یاخود جلی سەر دەریا لەسەر شانۆی پێشبڕکێکە.

چوپانی ئەو مەرجەی پێ ئاساییە و دەڵێت "هیچ ڕێگەیەک بۆ دەربازبوون لە دەرکەوتن بە جلی ژێرەوە نییە، من بڕیاری خۆم داوە بۆ بەشداریکردن لە پێشبڕکێکە".

ئایا کەسوکارەکەی ڕازی دەبن بە جلی ژێرەوە دەربکەوێ؟ چوپانی دەڵێت "کە لەگەڵ ماڵەوە قسەم کرد، سەرەتا ڕێگر بوون و دەیانگوت نابێت، بەڵام دواتر باوکم پێیگوتم ئەگەر بە ڕووتیش دەربکەویت من متمانەم بە تۆ هەیە". لەیلا پێیوایە چیدی کۆت و بەندەکانی کولتوور ناتوانن ڕێگر بن لەبەردەم دەرکەوتنی کچانی کورد.

### نیوەی پارەکە دەبەخشێت

هەر کەسێک ناسناوی شاجوانی مەزنی جیهانی بباتەوە، بە بڕی 40 هەزار دۆلار خەڵات دەکرێت. ئەگەر چوپانی ناسناوەکە بباتەوە چی لەو پارەیە دەکات؟ چوپانی دەڵێت "ئەگەر ناسناوەکەم بردەوە، نیوەی پارەکە بۆ پرۆژەکانی خۆم دەبێت و نیوەکەی دیکەش دەبەخشمە کەسوکاری شەهیدان".

### لەیلا چوپانی

تەمەنی 23 ساڵە و بەرزی باڵای 168 سانتیمەترە و کێشیشی 55 کیلۆگرامە.

چوپانی لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان لەدایک بووە، بەڵام منداڵ بووە کە لەگەڵ خێزانەکەی ڕۆژهەڵاتی کوردستانیان جێهێشتووە و چوونەتە سوێد.

بەشی پەرستاریی تەواو کردووە و ماوەی 5 ساڵ وەکو پەرستار لە سوێد کاری کردووە، بەڵام دواتر ڕووی لە کاری مۆدێل کردووە و ئێستا لە دوبەی کار دەکات.

لەماڵپەڕی فەرمیی شاجوانی مەزنی جیهانی، ناوی چوپانی بەناوی کوردستانەوە تۆمارکراوە.

> نیوەی پارەکەم دەبەخشمە کەسوکاری شەهیدان

> چیدی کۆت و بەندەکانی کولتوور ڕێگر نابن لە پێشکەوتنی کچانی کورد

---

### کۆمیدیکاری کورد شلۆڤان بۆ (ڕووداو):

# کچێکم دەوێت وەکو خۆم قۆز بێت



شلۆڤان جەلال، یان وەکو خۆی دەڵێت "شیلەقۆز" گەنجێکی کوردی باشووری کوردستانە. بەڵام لە تەمەنی 4 ساڵییەوە لە دەرەوەی وڵات دەژیت.
ئەو گەنجە کوردە لە ڕێگەی گرتە ڤیدیۆییە کۆمێدییەکانییەوە ناوبانگی زۆری لە تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان و بەتایبەت لە تۆڕی کۆمەڵایەتی ئەنستاگرام و فەیسبووک پەیدا کردووە. بەجۆرێک کەم کەس هەیە لە باشووری کوردستان کە ئەژماری ئەنستاگرام و فەیسبووکی هەبێت و ڤیدیۆیەکی کۆمێدی ئەوی نەبینیبێ.
شلۆڤان لەدوای کۆچی خێزانەکەی بۆ دەرەوە، تەنیا یەکجار و لە ساڵی 2004 دا گەڕاوەتەوە کوردستان. بەڵام بەنیازە دوو هەفتەی دیکە سەردانی کوردستان بکاتەوە. ئەو لە هەڤپەیڤینێکدا لەگەڵ (ڕووداو) باسی کارەکانی، پرۆژە، ژیانی تایبەتی خۆی و ڤیدیۆکانی دەکات.
هەڤپەیڤین: هەڵات ڕێبوار
ڕووداو - هەولێر

**ڕووداو: تۆ لە گرتە ڤیدیۆییەکانتدا بەخۆت دەڵێیت شیلەقۆز، ئەو ناسناوەت لە کوێ هێناوە و مانای چییە؟**

**شلۆڤان:** شیلە کورتکراوەی ناوی شلۆڤانە و قۆزیش لەبەر قۆزییەکەمە. ڕۆژێکیان کەسێک پێیگوتم شیلەقۆز، ئیدی لە ماڵەوە و هاوڕێکانم و کچانیش هەموویان بە شیلەقۆز بانگم دەکەن، هەر کەسێکیش بمبینێ دەزانێت بۆچی ناوم شیلەقۆزە.

**ڕووداو: چۆن بوو بیرت لە تۆمارکردنی ئەو گرتە ڤیدیۆییانە کردەوە؟**

**شلۆڤان:** پێشتر ڤیدیۆی لەو جۆرەم بە زمانەکانی ئینگلیزی، عەرەبی و ئیسپانی بینیبوو، منیش ڤیدیۆییەکی 15 چرکەییم بۆ خۆشی تۆمارکرد. دوای ئەوەی بڵاومکردەوە خەڵکی زۆر کۆمێنتیان نووسی و هاوڕێکانیان تاگکرد. هەرگیز بڕوام نەدەکرد ڤیدیۆکە وا بڵاوببێتەوە، ئەمە بووە سەرەتایەک بۆ تۆمارکردنی ڤیدیۆی دیکە کە ئێستا کورد لە هەموو دونیا سەیریان دەکات.

**ڕووداو: ڤیدیۆکانت هیچ خزمەتێک بە کۆمیدیای کوردی دەکەن؟**

**شلۆڤان:** عەیبە پیاو خۆی هەڵکێشێ، بەڵام سەد دەر سەد پێموایە خزمەتم کردووە، چونکە کوردی هەر چوار پارچەی کوردستان سەیری بەرهەمە کۆمیدییەکانی من دەکەن.

**ڕووداو: زۆر کەسی دیکە ئێستا ئەو کارەی تۆ دەکەن، تۆ ئەوان بە ڕکابەری خۆت دەزانی؟**

**شلۆڤان:** ڕاستە زۆر کەسی دیکە لەدوای ئێمەوە دەستیان بە تۆمارکردنی ڤیدیۆی هاوشێوە کرد، من ئەمەم زۆر پێخۆشە چونکە ئیشەکە گەورەتر بووە و پاڵەپەستۆ لەسەر ئێمە کەم دەبێتەوە. من سەیری بەرهەمەکانیان دەکەم و پێشیان پێدەکەنم، چونکە هەر یەکەیان بەجۆرێک کۆمیدین. هەندێکیان قسەیان خۆشە و هەندێکیان جوڵەیان پێکەنیناویە، بۆیە باشترە کە شتی جیاواز هەیە.

> کچ دڵی من ناشکێنن، من دڵیان دەشکێنم

**ڕووداو: هەندێک لە گرتە ڤیدیۆییەکانت وشەی نەشیاویان تێدایە، لەسەر ئەمە ڕەخنەت لێ نەگیراوە؟**

> گرێبەستێکی دوو ساڵیم ڕەتکردەوە

**شلۆڤان:** ڕاستە لە گرتە ڤیدیۆییەکانی مندا شتی وا هەیە، بەڵام من پێموایە ئەمە بەشێکە لە سەرکەوتنی کارەکەی من، چونکە ئەمە شتێکی تازەیە لە نێو کۆمیدیای کوردی. ئەو شتانەی من دەیانکەم هەموو کەسێک لە ژیانی ئاسایی خۆی دەیانکات. ئەو شتانەی دەیڵێم لەلای من ئاساییە، چونکە دەمەوێت شتێک بکەم کەس نەیکردبێ.

**ڕووداو: ئەو ڤیدیۆیانە هیچ خێرێکیان بۆ تۆ هەبووە؟**

**شلۆڤان:** نەخێر، لەوەتەی ئەو گرتە ڤیدیۆییانە تۆمار دەکەم تاوەکو ئێستا نیو سەنتیشم وەرنەگرتووە. کارەکەی منیش وەکو مووچەی خەڵکی کوردستان وایە بەهۆی ڤیدیۆکانمەوە پارە نابینم. ئەو گرتە ڤیدیۆییانەی من پارەی زۆریان تێناچێت، بۆ نموونە بۆ گرتەیەکی ڤیدیۆیی پێویستە بچمە شوێنێکی دیکە، یان جلوبەرگێکی تایبەت بپۆشم ئەمانە لەسەر حیسابی خۆمن، بەڵام کاتێک دەبینم کەسێک ڤیدیۆکەی منی پێخۆشە وا هەست دەکەم هەموو سامانی دونیام بەدەست هێناوە.

**ڕووداو: دەڵێن یاری ئاسنیش دەکەی؟**

**شلۆڤان:** بەڵێ. من زۆر حەز لە یاری ئاسن دەکەم، هەموو ڕۆژێک ئەو یارییە دەکەم.

**ڕووداو: تا ئێستا هیچ کۆمپانیایەک داوای لێنەکردووی ڕیکلامی بۆ بکەیت؟**

**شلۆڤان:** کۆمپانیایەکی تایبەت بە پرۆتین داوای لێکردم کە سپۆنسەری کارەکانم بکات، بەڵام بەهۆی ئەوەی کارەکە زۆر گەورە نەبوو، ئەوان دەیانویست بۆ ماوەی ساڵێک یان دوو ساڵ گرێبەستیان لەگەڵ واژۆبکەم، نەمکرد.

**ڕووداو: دەگوترێت ئەوانەی کاری کۆمیدی دەکەن لەناخەوە ئازاریان هەیە و ناتوانن دەریببڕن، تۆش وای؟**

**شلۆڤان:** (بە کۆپلەیەک گۆرانی وەڵامی ئەم پرسیارەی دایەوە) ژیان پەندێکی وای داومەتێ کافریش حاڵم نەبینێ. هەرچەندە تاوەکو ئێستا بەتەواوەتی بیرم لەوە نەکردووەتەوە، بەڵام گوتەکەت جوانە و ناڵێم کە من ناخۆشی زۆرم بینیوە، بەڵام ڕەنگە من هەموو شتێک دەرنەبڕم و ناهێڵم هیچ شتێک وام لێبکات کە دڵخۆش دیار نەبم.

**ڕووداو: مادام ئەوەندە قۆزی، هیچ کچێک دڵی شکاندووی؟**

**شلۆڤان:** هەرگیز ئەوەندە نەچوومەتە نێو خۆشەویستییەوە تاوەکو کچێک دڵم بشکێنێ، هەرچەندە ئەو گوتەیە زۆر جوان نییە، بەڵام ڕاستییەکەی ئەوەیە کە کچ دڵی من ناشکێنێ، بەڵکو شلۆڤان دڵی کچ دەشکێنێ.

**ڕووداو: ژنت نەهێناوە، حەزدەکەی سوارچاکی خەونەکانت چ سیفەتێکی هەبێ؟**

**شلۆڤان:** ئەو کەسەی دەبێتە هاوژینم، پێش هەموو شتێک دەبێت کورد بێت، کچێکی ڕێکوپێک و خانەوادەکەی خانەدان بن، دەشبێت بزانێت خواردنی کوردی لێبنێت و قۆز بێت وەکو خۆم، بۆ نموونە کچە کوردێکی ڕۆژهەڵاتی کوردستان بێت.

**ڕووداو: بۆ دیارە کچی پارچەکانی دیکەی کوردستان جوان نین؟**

**شلۆڤان:** مەبەستم ئەوە نەبوو، بەڵام کوردی ڕۆژهەڵات بەلای منەوە زۆر جوانن.

> حەز دەکەم کچێکی ڕۆژهەڵاتی کوردستان ببێتە هاوژینم

**ڕووداو: زۆر جار لە تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان جنێوت بۆ دێت، ئەوانە هیچ کاریگەرییان لەسەرت نەبووە؟**

**شلۆڤان:** سەرەتا زۆر جنێوم بۆ دەهات، بەڵام من بە گوتەی خەڵک تێکناچم، خەڵکی وا هەیە کۆمێنتی ناشیرین دەنووسێت وا هەست دەکات لە کارەکانم ساردم دەکاتەوە، بەڵام بە پێچەوانەوە من زیاتر هان دەدات.

> نیو سەنتیشم لە ڤیدیۆ کۆمیدییەکانم دەستناکەوێت

> هەر کەسێک بمبینێ دەزانێت بۆ پێمدەڵێن شیلەقۆز



■ هیڤیدار ئەحمەد

# چیم بینی؟

کەس هێندەی فوئاد حوسێن، سەرۆکی دیوانی سەرۆکایەتی هەرێمی کوردستان قەلەق نەبوو. نیو کاژێر پێش کۆبوونەوەکە دەموچاوی تەواو گۆڕابوو، چونکە دیار نەبوو یەکێتی بەشداری کۆبوونەوەکە دەکات یان نا. یەکگرتوو و کۆمەڵیش نەهاتبوون.

چوومە لای د.فوئاد گوتم: یەکێتی دێت؟ چونکە نێچیرڤان بارزانی کە سەرۆکی تیمی دانوستاندنکاری پارتی بوو، هەر لەسەر خەت بوو کە کێ هاتووەو کێ نەهاتووە. د.فوئاد گوتی دەزانم چی ڕوودەدات، بەس پێت ناڵێم، چونکە بڵاوی دەکەیەوە. گوتم دکتۆر زۆر قەلەقم پێم بڵێ.. گوتی وەڵلاهی نایڵێم. هەر بۆ پێکەنین گوتم "دکتۆر تۆش وەکو من قەلەقی". ئەویش پێکەنی.

دواجار یەکێتی هات، یەکگرتوو و کۆمەڵیش هاتن، گۆڕان بایکۆتی کرد، بریت ماکگورک، نوێنەری تایبەتی سەرۆکی ئەمریکاش هات. کۆبوونەوەکە دەستیپێکرد.

محەممەد فەرەج لەگەڵ نێچیرڤان بارزانی لەسەر خەت بوو کە کۆبوونەوەی پێنج قۆڵی بکرێ، هەر لەو ڕۆژەدا شەش جار تەلەفۆنی بۆ نێچیرڤان بارزانی کرد. دواجار پارتی ڕازی بوو، بەڵام گۆڕان هێشتا ڕازی نەببوو. عومەری سەید عەلی، هەڵسوڕاوی گۆڕان کاژێر 8ی ئێوارەی 2015/8/18 سەردانی نەوشیروان مستەفای کرد بۆ ئەوەی ڕازیی بکات بەوەی بەشداربن لە کۆبوونەوەکە.

دوای کۆبوونەوەی 17 لایەنی سیاسی، شاندی گۆڕان هاتە هەولێر. لەسەر داوای نێچیرڤان بارزانی کۆبوونەوەی چوار قۆڵی لەنێوان گۆڕان، یەکێتی، کۆمەڵ و یەکگرتوو کرا، بۆ ئەوەی کۆدەنگییەک لەسەر پرۆژەی پارتی دروست بکەن، ئینجا بێن بۆ کۆبوونەوەی 5 قۆڵی.

کۆبوونەوەی 5 قۆڵی کاژێر 12ی شەو دەستیپێکرد. دوای 40 خولەک، ئەندامانی گۆڕان و یەکێتی وردە وردە دەهاتنە دەرێ و قسەیان لەگەڵ یەکدی دەکرد.

نێچیرڤان بارزانیش لە کۆبوونەوەکە هاتە دەرەوە و لەگەڵ دڵشاد شەهاب پیاسەیەکی کرد. نێچیرڤان بارزانی ویستی کەمێک دوور بکەوێتەوە، تاوەکو قسەی خۆیان بکەن، چوون بۆ شوێنی ڕاگەیاندن، نەیزانی یەک دنیا کامێرا لەوێن. یەکسەر گەڕایەوە. پاسەوانێک گوتی "ئێستا کامێراکان لە موشەکی میلانۆ ترسناکترن بۆ بەرپرسەکان".

مەلا بەختیار لە کۆبوونەوەکەدا بە شاندی پارتی گوت "ئەوەی پارتی پێشکەشی کردووە پرۆژە نییە، بەڵکو وەرەقەیە". فازڵ میرانی، کە قسەکەی مەلا بەختیاری پێ ناخۆش بوو، گوتی "تۆ دەڵێی ئەمەی پارتی وەرەقۆکەیە پێشکەشی کردووە!".

کاژێر 2:00ی شەوە، پشوویەک درا بە کۆبوونەوەکە. جگە لە هۆڵی سەرەکیی کۆبوونەوەکە، سێ هۆڵی دیکەش کۆبوونەوەیان تێدا دەکرا. هۆڵێک پارتی تێدابوو، هۆڵێک نوێنەری ئەمریکا و هۆڵی سێیەمیش گۆڕان و یەکێتی و کۆمەڵی تێدابوو. یەکگرتووش هەر لە هۆڵە سەرەکییەکە مابوونەوە.

گۆڕان و یەکێتی و کۆمەڵ لە گفتوگۆدا بوون، چونکە پارتی داوایان لێکردن کۆبوونەوەی نائاسایی پەرلەمان نەکرێ.

بریت مەکگورک زوو زوو سەردانی ژووری کۆمەڵ و یەکێتی و گۆڕانی دەکرد، چونکە نەدەگەیشتنە ڕێککەوتن، تەنیا یەکجار سەردانی ژووری پارتی کرد.

عومەری سەید عەلی هاتە دەرەوە و پەیوەندی بە نەوشیروان مستەفاوە کرد و گوتی "کاک نەوشیروان لە کۆبوونەوەی سبەینێی پەرلەماندا نیساب تەواو نابێ، برادەران داوا دەکەن با کۆبوونەوەکە نەکرێ..." بەڵام دیاربوو OK وەرنەگرت.

کاژێر 4:00ی بەرەبەیان بوو، عەلی باپیر پێشنوێژیی بۆ عەبدولستار مەجید و پاسەوانە تایبەتەکەی کرد. مەلا بەختیار بەدووری چەند مەترێک لەوان لەسەر کورسییەک دانیشتبوو، بە خەندەوە سەیری دەکردن.

کاژێر 4:30 خولەک کۆبوونەوە دەستیپێکردەوە، بەڵام دیاربوو نەگەیشتنە هیچ ئەنجامێک.. کاژێر 5:00 دیسان هاتنە دەرەوە، یەکێتی و گۆڕان و عەلی باپیر چوونە ژووری خۆیان.

فوئاد حوسێن ئەم ژوور و ئەو ژووری دەکرد. لێمپرسی دکتۆر چی هەیە؟ وەڵامی نەدایەوەو تێپەڕی. یەکسەر گەڕایەوە و بە پێکەنینەوە گوتی "هێشتا لەدایک نەبووە".

عومەری سەید عەلی هەر زوو گوتی "کاک نەوشیروانم بۆ وەربگرن". دوای 25 خولەک تەلەفۆنەکە حاسڵ بوو. لە ژوورەوە عەلی باپیر لەگەڵ نەوشیروان مستەفا قسەی کرد. برێت مەکگۆرکیش لەوێ بوو.

کاژێر 5:50 خولەک کۆبوونەوەکە دەستیپێکرد. مەلا بەختیار قۆڵی لە قۆڵی عەلی باپیر هەڵکێشابوو، پێکەوە دەچوونە ژووری کۆبوونەوەکە. لە ڕێگادا گوتی "چی بکەین، ناچارین بچینە سەر ڕای ئەوان".

دیاربوو تەلەفۆنەکەی ئەمجارەی نەوشیروان مستەفا OKی تێدابوو کە کۆبوونەوەکە دوابخرێ. چونکە 20 خولەکی نەخایاند کۆبوونەوەکە کۆتایی هات. زانیاریم وەرگرت کە داواکراوە کۆبوونەوەی نائاسایی پەرلەمان بۆ ڕۆژی یەکشەممە دوابخرێ.

قوباد تاڵەبانی دەستی گرتم و گوتی "توخوا هیچ شتی ئیستیفزازی نەڵێن، نەڵێن ئەمە بردییەوەو ئەوەی دیکە دۆڕا، چونکە دۆخەکە ئەوەندە ناسکە بە یەک وشە تێکدەچێ".

---

## دڵدار هەرکی، بێژەری هەواڵ لە تەلەڤزیۆنی ڕووداو:

# دەیانجار لەنێو ستۆدیۆ گریاوم و نەمهێشتووە بینەر بزانێت



گەنجێکی هەستیار و هەست ناسکە. بچووکترین دیمەنی غەمگین دەیخاتە گریان. ئەگەر ڕووبەڕوو لەگەڵی دابنیشیت زۆر بە ئاسانی هەست بەو سیفەتەی دەکەی. دڵدار هەرکی بەشی یاسای لە زانکۆی مووسڵ تەواوکردووە، بەڵام قەت پارێزەریی نەکردووە. ئەو ئێستا بێژەری هەواڵی سیاسییە لە تەلەڤزیۆنی ڕووداو. جار جار بە چاوی گریانەوە لەنێو ستۆدیۆ دەبینرێت. دڵدار نهێنیی ئەو ئامادەییەی بۆ گریان لەم هەڤپەیڤینە کورتەدا لەگەڵ هەفتەنامەی (ڕووداو) ئاشکرا دەکات.

دەرباز یونس

ڕووداو - هەولێر

**ڕووداو: بە بێژەرێکی هەست ناسک ناسراوی؟ بە منداڵییش هەر وا بوویت؟**

**دڵدار هەرکی:** بە منداڵی زۆر هاروهاج بووم، زۆر زیرەک بووم لە قوتابخانە، تاوەکو قۆناغی ناوەندی هەر یەکەم دەبووم، بەڵام مامۆستاکان زۆرجار خۆشیان نەدەویستم، دەیانگوت تۆ زۆر زیرەکی، بەڵام دانانیشی. باوکم بەڵێندەر بوو، هاوکاریم دەکرد، هەر بۆیە هەموو کارێکم کردووە، زۆرجار کرێکاریم دەکرد و چیمەنتۆم دەهێنایە خوارەوە. جگە لەوەش ئێمە لە ئاغای هەرکیانین، ئاژەڵمان هەبوو، شوانمان هەبوو، زۆر جار لەگەڵ شوانەکەمان دەچووم بۆ ئەوەی سواری پشتی کەر بم.

**ڕووداو: لە زۆربەی دێهاتەکانی کوردستان منداڵ دەنێردران بۆ مزگەوت بۆ خوێندن، تۆشیان ناردووە؟**

**دڵدار هەرکی:** بەڵێ، من چەندینجار خەتمی قورئانم کردووە، وانەی ئاینیم لە مزگەوت گوتووەتەوە و چەندین فەقێم هەبوون و فێری خوێندنی قورئانم کردوون. زۆر هاوڕێی پیرەمێردەکانی مزگەوت بووم، هەموو جارێک پێیاندەگوتم تۆ بڕۆ بانگ بدە.

**ڕووداو: تۆ زانکۆت لە مووسڵ تەواو کردووە، ژیانت چۆن بوو لەوێ؟**

**دڵدار هەرکی:** ژیانم لەوێ قورس بوو، من ئەو کاتە بێژەری ڕادیۆیەکی کوردی بووم، مووسڵ چەند ساڵێک بەر لە داعشیش 100% لەژێر کۆنترۆڵی حکومەت و پۆلیسی عێراقیدا نەبوو. ساڵی 2008 کە من لەوێ بووم، بەتایبەتی کورد و ڕۆژنامەنووس زۆر دەکوژران، کەسیش نەیدەزانی کێ دەیکا، بۆیە ژیانێکی قورسم هەبوو.

## گریان و هەست ناسکیم لە باوکمەوە بۆ ماوەتەوە

**ڕووداو: تۆ لە نێو هەوادارانت بە بێژەرە دڵناسکەکە ناسراوی، چەند جارێک کۆنترۆڵی فرمێسکەکانی خۆت لەسەر شاشە نەکردووە، ئەمە بۆچی؟**

**دڵدار هەرکی:** ڕەنگە ئەمە شتێکی بۆماوەیی بێت، دڵناسکی و گریانم لە باوکمەوە بۆ ماوەتەوە، باوکیشم هەروایە. من تەنیا دوو جار گریانم لەسەر شاشەی ڕووداو دەرکەوتووە، بەڵام چەندین جاری دیکە لەنێو ستۆدیۆ گریاوم و نەمهێشتووە بینەر ببینێت.

## لە مزگەوت فەقێم هەبوون و بانگیشم دەدا

**ڕووداو: پێشتر لە ئێن ئارتی کارت دەکرد، بۆچی وازت هێنا؟**

**دڵدار هەرکی:** خەڵک پێیانوابوو کە من وازم لە ئێن ئار تی هێناوە بۆ ئەوەی بێمە ڕووداو. بابەتەکە بەم شێوەیە نەبوو، من کێشەم لەگەڵ بەڕێوەبەرایەتیی ئەو کەناڵە هەبوو، بۆیە وازمهێنا، لەوێ نەتدەزانی کێ بەڕێوەبەرە و کێ بڕیاردەرە، بەڕێوەبەری بەش هەبوو، بەڵام کە دەچوویتە لای بەڕێوەبەری گەورەتر، دەیتوانی بڕیارەکانی بەڕێوەبەری بەشەکە پێشێل بکات.

## سێ برام لە بەرەکانی جەنگن

**ڕووداو: تۆ هەرکیت، دەڵێن هەرکییەکان زۆر تووڕەو توندن، ئەمە ڕاستە؟**

**دڵدار هەرکی:** (بەپێکەنینەوە)، بەڵێ ڕاستە، من کەسێکی تووڕەم، کە تووڕەش دەبم کارەسات ڕوودەدات، بەڵام زوو هێور دەبمەوە، هەرکییەکانیش تووڕەو توندن، بەڵام یەکگرن، بەداخەوە لە سەردەمی بەعس هەرکییەکان زۆر کەسی جاشیان تێدا پەیدابوو، بەڵام ئێستا زۆرینەی پێشمەرگەکانی ناوچەی بادینان کە لە دژی داعش دەجەنگن هەرکین، هەرکییەکان قەرەبووی ئەوەیان بە پێشمەرگایەتی کردەوە، ئێستا سێ برای من پێشمەرگەن و لە بەرەکانی جەنگن.

**ڕووداو: چۆن ژنت هێنا، بە ڕێکەوت یان بە خۆشەویستی، چەند منداڵت هەیە؟**

**دڵدار هەرکی:** من بەشێوەیەکی تەقلیدی لە تەمەنی 18 ساڵی ژنم هێنا. 3 منداڵم هەن، دوو کچ و کوڕێک.


**ڕووداو: ئەگەر واز لە بێژەری بهێنی، چ کارێک دەکەی؟**

**دڵدار هەریکی:** دەچمە گوندەکەی باوکم و دادەنیشم.

**ڕووداو: دەڵێن یادگارییەکی خۆشت لەگەڵ شاهۆ ئەمیندا هەیە؟**

**دڵدار هەرکی:** (بەپێکەنینەوە) بەڵێ تازە هاتبوومە ڕووداو، شاهۆ ئەمین لێی پرسیم دڵدار هەرکی تۆ زێباریت؟!

## شاهۆ ئەمین لێیپرسیم دڵدار هەرکی تۆ زێباریت؟



### دڵدار هەرکی:

دڵدار باویل دەروێش (دڵدار هەرکی) لەساڵی 1986 لە ناحیەی گردەسێنی سەر بە ئاکرێ لەدایک بووە. دەرچووی بەشی یاسایە لە زانکۆی مووسڵ. هەر لە منداڵییەوە لە ڕادیۆ بچووکەکەی باوکییەوە گوێی لە بێژەرەکانی هەواڵ گرتووە و حەزی بێژەریی تێدا دروستبووە. دواتریش لە ڕادیۆی زاگرۆس یەکەم ئەزموونی هەواڵ خوێندنەوەی تاقیکردووەتەوە. لە دوای ئەوەش لە چەندین دەزگای ڕاگەیاندنی دیکە کاری کردووە. ئێستاش یەکێکە لە بێژەرە دیارەکانی تەلەڤزیۆنی ڕووداو.

---

# پرۆگرامەکانی ئەم هەفتەیەی تەلەڤزیۆنی ڕووداو

### وەرزین:

بەرنامەی ئەمجارەی وەرزین لە جۆرجیا تۆمارکراوە، بەشێوەیەکی مەیدانی چیرۆکی چرکەساتەکانی دوا یاری پاڵەوانێتی جامی سوپەری ئەوروپا لە نێوان هەردوو یانەی بەرسیلۆنا و سیڤیە دەگێڕێتەوە.

کاتی پێشکەشکردن: دووشەممە، کاژێر 22:05
پێشکەشکار: ڕێبوار محەممەد

### هەڤپەیڤین:

هەڤپەیڤینێکی تایبەتە لەگەڵ ئەدیب چەلکی، شاعیر و خاوەنی هەردوو تێکستی سیمفۆنیای شەنگال و پێشمەرگە.

کاتی پێشکەشکردن: چوارشەممە، کاژێر 23:30
پێشکەشکار: دلبخوین دارا

### مێد ئین کوردستان:

بەرنامەی ئەم هەفتەیە باسی کەرتی کشتوکاڵی هەرێمی کوردستان و بایەخە ستراتیژییەکانی ئەم کەرتە دەکات.

کاتی پێشکەشکردن: دووشەممە، کاژێر 23:30
پێشکەشکار: هێدی کەریم

### پەنجەمۆر:

بەشی یەکەمی گفتوگۆیەکە لەگەڵ موحسین دزەیی، سیاسەتمەداری باشووری کوردستان، کە کەسێکی نزیک بووە لە مەلا مستەفا بارزانی.

کاتی پێشکەشکردن: پێنجشەممە، کاژێر 22:05
پێشکەشکار: کاوە ئەمین.

### فیچەر:

دوو فیچەر پەخش دەکرێن. یەکەمیان لەبارەی کۆڵبەرانی نێوان باشوور و ڕۆژهەڵاتی کوردستان. فیچەری دووەمیش دەربارەی ئەو گەشتیارانەیە کە سەردانی وڵاتی گوڵ (هۆڵەندا) دەکەن

کاتی پێشکەشکردن: سێشەممە، کاژێر 23:30

### دۆکیومێنتاری:

لە دۆکیومێنتاریی (ئێمە ڕۆژنامەڤانین)دا چەندین کێشەی گرنگ سەبارەت بە کار و پیشەی ڕۆژنامەوانی لە ئێران دەخرێتەروو. ئەو ڕاستیانە بەشێوەیەکی مەیدانی نیشان دەدرێ کە ڕۆژنامەوانی لە ئێران بەکارێکی زۆر ئەستەم لە قەڵەم دەدرێ.

کاتی پێشکەشکردن: هەینی، کاژێر 22:05
دەرهێنانی: ئەحمەد جەلالی فەراهانی

### چوار قۆڵی:

گفتوگۆیەکی ڕۆژنامەڤانییە لە نێوان بەشداربووانی بەرنامەکەدا لەسەر گەرمترین مژارەکانی ڕۆژ لە باشووری کوردستان و ناوچەکە، هەر جارەو میوانداری کەسایەتییەکی تایبەت دەکرێ.

کاتی پێشکەشکردن: چوارشەممە، کاژێر 22:05
پێشکەشکار: ڕێبوار کەریم وەلی

### چاوی ڕووداو:

لە هەر ئەڵقەیەکی چاوی ڕووداودا چوار فیچەر پێشکەش دەکرێن.

کاتی پێشکەشکردن: هەینی، کاژێر 23:30
پێشکەشکار: گوڵستان محەممەد ئەمین

تێبینی: ئەم خشتەیە جێگیر نییە، ڕەنگە بەهۆی ڕوومال و ڕاستەوخۆکانی کەناڵی ڕووداو، گۆڕانکاری بەسەردا بێت.


برنجی محمود
خۆش تام و بەسود
١١٢١
100%
MAHMOOD RICE®


شیری ئاڵتونسا
100%
سروشتی یە
altunsa
MILK
powder
حليب


بۆ ڕێکلام کردن لە تۆڕی میدیایی
RÛDAW
RÛDAW
FM & MUSIC
پەیوەندی بکە بە:
SIDAR
AGENCY
for advertisement and media production
agency@sidarholding.com
www.sidarholding.com
+964 750 833 22 33
+964 750 833 44 33
+964 770 252 11 11


جیهان ستی...
جیهانی شادی و دڵنیایی
★ ئەپارتمانەکانمان لەسەر تازەترین شێواز دروست کراوە.
★ کەرستەی بەکار هاتوو لە باڵەخانەکان و لە دروستکردنی ئەپارتمانەکان لە باشترین براندەکانی جیهانە.
★ چوار ئەسانسور (مەسعەد)، پرسگەی تایبەت لەهەر باڵەخانەیەکدا.
★ کاتژمێر چاودێری.
★ قوتابخانە.
★ مزگەوت.
★ نورینگەی پزیشکی.
★ سەنتەری وەرزشی و مەلەوانگەی کراوە و داخراو.
★ رووبەرێکی فروانی سەوز.
★ مۆلی بازرگانی.
CIHAN CITY
www.cihancity.com
CIHAN CITY
جیهان ستی..
بەخێلێ لە پرۆژەکانی جیهان گروپ
CABA
هەولێر - رێگای کەرکوك - پشت بەرێوەبەرایەتی هاتووچۆی هەولێر
ژمارەی مۆبیل: 07502324343 / 07707043131


شاری دایك
بەشداربە لە بەرزترین و ناوازەترین شوێنی
گەشتیاری و نیشتەجێبون
شاری دایك
SHARI DAIK
bareaz
GROUP COMPANY
ڤێلاکانی شاری دایك
شوقەکانی شاری دایك
ناونیشان
سلێمانی | بناری گۆیژە
0750 112 0090
0770 365 0090
www.Bareazgroup.com
/bareaz Group

ڕووداو
ژنان
ژمارە (372)  دووشەممە  2015/8/24

## پڕۆژە بەرامبەر خەتەنە نەکردنی مێینە

**ڕووداو-سلێمانی**

ڕێکخراوی وادی ئەڵمانی بەهاوکاری ڕێکخراوی یونیسێف پڕۆژەیەک بۆ گوندێک جێبەجێ دەکەن بەو مەرجەی کچەکانیان خەتەنە نەکەن. بوار قادر، ئەندامی تیمی هاریکاری یاسایی لە ڕێکخراوی وادی ئەڵمانی بە (ڕووداو)ی ڕاگەیاند "بەمەبەستی بەرەنگاربوونەوەی خەتەنەکردنی مێینە، لە گوندێکی سەر بە ناحیەی ئاغجەلەر، پڕۆژەیەک لەسەر خواستی دانیشتووانی گوندەکە جێبەجێ دەکەین. بەڵێنیشیان لێوەردەگرین کچەکانیان خەتەنە نەکەن". ڕێکخراوەکە ئێستا سەرقاڵی سازدانی زنجیرەیەک سەمینارە لە هەولێر، سلێمانی و ڕانیە و گەرمیان بۆ ئەوەی مەترسییەکانی خەتەنەکردنی مێینەیان بۆ ڕوونبکەنەوە.



# "ڕۆژانە دوو ژن بە خواردنی حەب هەوڵی خۆکوشتن دەدەن"

**پشتیوان جەمال**
**ڕووداو- سلێمانی**

لەگەڵ هاوژینەکەی لە ژووری گوتەبێژی بەرەنگاربوونەوەی توندوتیژیی دژی ئافرەتان لە سلێمانی دانیشتبوون بۆ چارەسەرکردنی کێشەکەیان، بەڵام نەگەیشتنە ئەنجام. هاوژینەکەی دەستی کوڕەکەی گرت و ڕۆیشتن. گوتەبێژەکە گوتی "ئەو ژنە یەکێکە لەوانەی پێشتر بەهۆی چارەسەرنەبوونی کێشەکەیانەوە، لەڕێی خواردنی حەبەوە هەوڵی خۆکوشتنی داوە".

د.ئەحمەد سەعید، بەڕێوەبەری نەخۆشخانەی فریاکەوتنی هەناوی لە سلێمانی بە (ڕووداو)ی ڕاگەیاند، ڕۆژانە یەک تا دوو حاڵەتی خۆکوشتنی ژنان لەڕێگەی حەبخواردنەوە دەگەیەنرێنە نەخۆشخانەکەیان، بەڵام بەهۆی زوو گەیاندنیان بە نەخۆشخانە چارەسەر دەکرێن و ساڵ بە ساڵیش حاڵەتەکان زیاتر دەبن.

بەگوتەی د.ئەحمەد، ئەو ژنانە بۆ هەوڵی خۆکوشتن زیاتر ئەو حەبانە دەخۆن کە لەماڵدا هەن و بۆ نەخۆشی وەریانگرتوون، بەڵام خەڵکیشیان تێدایە حەبی خەو یاخود حەبی هۆشبەریان دەستکەوتووە، بۆیە ئەگەر ئەو حەبەی بەکاری دەهێنن جێی سەرنجیان بێت، لایەنی ئەمنیی لێ ئاگادار دەکەن.

ئەو پزیشکە باسی حاڵەتی ئەوانە دەکات کە بەهۆی خواردنی حەبەوە دەهێنرێنە نەخۆشخانە و دەڵێت "ئەوانەی تووشی خەمۆکی دەبن، بە هێمنی قسە دەکەن و قسەکردنیان بە یەک شێوازە و سەیری بەرامبەر ناکەن و تاقەتی هیچ شتێکیان نییە، بەڵام ئەوانەی پێچەوانەی خەمۆکین، زۆرجار خەویان نامێنێ و گۆرانی دەڵێن".

ئەو پزیشکە کە بەدواداچوونی بۆ هۆکاری هەوڵی خۆکوشتنی ژنان و کچان کردووە، دەڵێت "بەشێکی زۆریان مەبەستیان خۆکوشتن نییە، تەنیا دەیانەوێ دەوروبەرەکەیان بترسێنن". بەڵام دەشڵێت "هەندێکیان بەهیچ جۆرێک ئاشکرای ناکەن کە بۆچی هەوڵی خۆکوشتنیان داوە".

لە سنووری گەرمیانیش ژنان و کچان بەدەر نین لەو حاڵەتانە، بۆیە بەڕێوەبەرایەتی بەرەنگاربوونەوەی توندوتیژی دژی ئافرەتان لەوێ ناچار بووە سەنتەرێکی هۆشیارکردنەوە بکاتەوە.

لەمیعە محەممەد، بەڕێوەبەری ئەو بەڕێوەبەرایەتییە ڕوونیکردەوە، هەوڵدانی کچان و ژنان بۆ خۆکوشتن زۆربەی لەڕێگەی حەبخواردن و خۆسووتاندنە. سەبارەت بەو کەسانەی هەوڵی خۆکوشتن دەدەن، موقەدەم لەمیعە گوتی "ئەوانە هەندێکیان خوێندکارن و لە تاقیکردنەوەکان دەرناچن، یان ئەوانەن کە باری دەروونییان تەواو نییە".

بەپێی ئاماری بەڕێوەبەرایەتیی گشتی بەرەنگاربوونەوەی توندوتیژیی دژی ژنان، ساڵی ڕابردوو 11 ژن لە شاری سلێمانی و لە گەرمیانیش 3 کەس خۆیان کوشتووە. هەر ساڵی ڕابردوو 18 ژن لە سلێمانی خۆیان سووتاندووە، لە گەرمیانیش 10 ژن.

هەر بەپێی ئاماری ئەو بەڕێوەبەرایەتییە، تەنیا لە شەش مانگی یەکەمی ئەمساڵدا 11 ژن لە شاری سلێمانی خۆیان کوشتووە و 17 ژنیش خۆیان سووتاندووە. لە گەرمیانیش دوو ژن خۆیان کوشتووە و 8 ژنیش خۆیان سووتاندووە.

ڕائید هیوا کەریم، گوتەبێژی بەڕێوەبەرایەتی بەرەنگاربوونەوەی توندوتیژیی دژی ئافرەتان لە سلێمانی دەڵێت ساڵ بە ساڵ هەوڵدانی ژنان و کچان بۆ خۆکوشتن، بەتایبەتیش لەڕێگەی حەبخواردنەوە زیاد دەکات، بەڵام دوای چاکبوونەوەیان لە نەخۆشخانە و سەردانکردنیان بۆ لای ئەوان، جگە لەوەی سکاڵا تۆمار ناکەن، هەندێجار کێشە ڕاستەقینەکەشیان نادرکێنن.

### چوار ئەوەندی پیاوان

سامان سیوەیلی، بەڕێوەبەری سەنتەری ڕاوێژکاریی خێزانی، بە پشتبەستن بە توێژینەوە زانستییەکان ڕایگەیاند کە لە جیهاندا نێرینە سێ ئەوەندەی مێیینە خۆیان دەکوژن، بەڵام مێیینە چوار ئەوەندەی پیاوان هەوڵی خۆکوشتن دەدەن.

سیوەیلی ڕۆژانە هەوڵی چارەسەرکردنی کێشەی ئەو کەسانە دەدات کە هەوڵی خۆکوشتنیان داوە. هۆکارەکانی بۆ چەند کێشەیەک گەڕاندەوە کە هەندێکیان لە ژێر کاریگەریی زۆری گوشاری دەروونیدان.

سیوەیلی گوتی "چیرۆکەکانیان جیاوازن، هەندێکیان کچن و بەهۆی ئاشکرابوونی پەیوەندی خۆشەویستییان لەلایەن خێزانەکانیانەوە هەراسان دەکرێن، یاخود ژنان بە زۆر بەشوودراون، یاخود هۆکارەکەی کەسییە، بۆ نموونە مێردەکەی خیانەتی لێکردووە، یان توندوتیژیی لەگەڵ کردووە".

لەیلا عەبدوڵڵا، توێژەری کۆمەڵایەتی باسی بەشێک لە هۆکارەکانی پەنابردنی ژنان بۆ خۆکوشتن دەکات و دەڵێت "کاتێک ئەو ژنانە بێ هیوا دەبن لە بەدیهێنانی ئارەزووەکانیان، هەوڵی خۆکوشتن دەدەن، بەتایبەتیش لەو قەیرانە داراییەی دروستبووە و کێشەی کۆمەڵایەتی لێکەوتووەتەوە".

لەیلا دەڵێت ڕۆژانە دوو ژن لە ڕێگەی حەبەوە هەوڵی خۆکوشتن دەدەن و ئەو ژمارەیەش زۆر و مەترسیدارە، چونکە ئەگەر ئێستاش نەهێڵرێت خۆی بکوژێت، لە دوارۆژدا هەر جێبەجێی دەکات.

د.ئەحمەد پێیوایە هەندێک لەو کێشانەی ژنان هەیانە زۆر سادەن و شایستەی ئەو قوربانییە نین، بۆ نموونە کچ هەیە لە تاقیکردنەوە دەرنەچووە، یان لەچارەسەرکردنی کێشەیەکدا بێ هیوا بووە، یاخود ژنێک لەسەر کێشەیەک لەگەڵ مێردەکەی ناگەنە ئەنجام. د.ئەحمەد دەڵێت "ئەوانەی هەوڵی خۆکوشتنیان داوە لەلای ئێمە دەڵێن پەشیمانین".



# تەرمی ژنێکی بێ خاوەن دەدۆزرێتەوە



**پشتیوان جەمال**
**ڕووداو- کەرکووک**

تەرمی ژنێک لە نزیک پردی چوار لە گەڕەکی نەسری شاری کەرکووک دۆزرایەوە و دوای پشکنین دەرکەوت ژنەکە بە دوو گوللە کوژراوە. تەرمەکە تاوەکو ئێستا لە پەیمانگەی دادپزیشکی کەرکووکە و کەس خۆی لێ نەکردووەتە خاوەن.

هەفتەی ڕابردوو لە نزیک پردی چوار لە گەڕەکی نەسری شاری کەرکووک تەرمی ژنێک دۆزرایەوە و دەستبەجێ بنکەی پۆلیسی لێ ئاگادار کرایەوە.

سەرچاوەیەک لە بنکەی پۆلیسی عروبە کە دۆسیەی ژنە کوژراوەکەیان لەلایە و لێکۆڵینەوەیان تێدا کردووە، بە (ڕووداو)ی ڕاگەیاند، پێدەچێت ژنەکە تەمەنی لە نێوان 30 — 35 ساڵاندا بێت، بەڵام لەبەرئەوەی ناسنامەی پێ نەبووە، نازانرێت سەر بە چ نەتەوەیەکە.

ئەو سەرچاوەیە گوتیشی "ئەو ژنە بە دوو گوللە کوژراوە، گوللەیەک لە سەری و گوللەیەکی دیکەش لە سنگی دراوە". بەپێی قسەی ئەو سەرچاوەیە، ژنەکە ماکسییەکی سەوز و عەبایەکی ڕەشی لەبەردا بووە.

بە مەزەندەی پۆلیسی عروبە، پێدەچێت ئەو ئافرەتە لە شوێنێکی دیکە کوژرابێت و پاشان تەرمەکەیان لەو شوێنەدا فڕێدابێت. سەرچاوەکەی پۆلیس گوتی "لە شوێنی دۆزینەوەی تەرمەکەدا کەمێک خوێن بینراوە، بۆیە پێدەچێت ئەو ژنە لە شوێنێکی دیکە کوژرابێت و تەرمەکەیان لەو شوێنە فڕێداوە".

تەرمەکە لەلایەن پەیمانگەی دادپزیشکیی کەرکووکەوە توێکاریی بۆ کراوە. بەگوتەی سەرچاوەیەک لەو پەیمانگەیە "ئەو ژنە کە تەرمەکەی دۆزرایەوە، پێدەچوو 24 کاژێربێت کوژرابێ. ژنەکە بە دوو گوللە کوژرابوو، هیچ شوێنەواری ئەشکەنجەدان بە جەستەیەوە دیار نەبوو".

هەر تەرمێکی بێ خاوەن بدۆزرێتەوە، بەپێی یاسای ژمارە 37ی ساڵی 2013ی یاسای دادپزیشکیی هەموارکراو مامەڵەی لەگەڵدا دەکرێت. بەپێی یاساکە تەرمەکە بۆ ماوەی دوو مانگ لە پەیمانگەی دادپزیشکی دەهێڵدرێتەوە، ئەگەر خاوەنی نەبوو ئەوا لەلایەن شارەوانییەوە دەنێژرێت، بەڵام ئەگەر تەرم زۆر بوو یاخود کارەبا خراپ بوو، ئەوا بە وەرگرتنی ڕەزامەندیی دادوەر، پێش تەواوبوونی دوو مانگەکە بە خاک دەسپێردرێت.

### "لەسەر کێشەی کۆمەڵایەتی کوژراوە"

بەپێی ئاماری ڕێکخراوێکی مەدەنی لە شاری کەرکووک، توندوتیژی دژی ژنان لەو پارێزگایە لە بەرزبوونەوەدایە و ئەمەش بووەتە هۆی ئەوەی خۆکوشتن و خۆسووتاندنی ژنان زۆر بێت، بەڵام ئەمساڵ ئەمە یەکەمین حاڵەتی دۆزینەوەی تەرمی ژنانە کە خاوەنی نەبێ.

سروود محەممەد، بەڕێوەبەری ئۆفیسی کەرکووکی کۆمەڵەی هیوای عێراق کە ئاگاداری دۆزینەوەی تەرمەکەیە، گوتی پێدەچێت ئەو ژنە لەسەر کێشەی کۆمەڵایەتی کوژرابێت، نەک لەشفرۆشی.

سروود گوتی "لەبەر ئەوەی دوو گوللە لە سەر و سنگی دراوە و جەستەی نەشێوێندراوە و جلیشی لەبەردا بووە، پێدەچێت هەر لەسەر کێشەی کۆمەڵایەتی کوژرابێت".

سروود بە پشتبەستن بەو زانیاریانەی دەستیکەوتوون، گوتی "ژنەکە کەمێک خوێن بە دەموچاوییەوە بووە و بە ڕوخساریش ژنێکی جوان بوو. پێناچێ لەسەر تۆڵەسەندنەوەش کوژرابێ، چونکە ئەگەر وا بووایە جەستەی دەشێوێندرا".

# خۆی بە دەمانچەی براکەی دەکوژێت



**پشتیوان جەمال**
**ڕووداو- دوکان**

ژنێکی تەمەن 36 ساڵ بەناوی ئاڵتوون ئیسماعیل، نیشتەجێی گوندی شاقووڵی سەر بە شارۆچکەی دوکان، نیوەڕۆی ڕۆژی 2015/8/13 دەمانچەی براکەی دەبات و لە حەساری ئاژەڵەکانیان فیشەکێک لە خۆی دەدات، پاشان لەڕێی گەیاندنی بۆ نەخۆشخانە دەمرێ.

عوسمان ئیسماعیل، برای ئاڵتوون بە (ڕووداو)ی گوت کە خوشکەکەی هەر لە زگماکییەوە خاوەن پێداویستیی تایبەت بووە و بەهۆی ئەوەشەوە تووشی نەخۆشیی دەروونی هاتووە.

عوسمان سەرەتا خوشکەکەی نەبردووەتە لای پزیشکی دەروونی، بەڵکو بە گومانی ئەوەی جنۆکە چووەتە لەشی، بردوویەتییە لای چەندین شێخ لە شارەکانی هەولێر و سلێمانی.

عوسمان بەسەرهاتی خوشکەکەی لەگەڵ شێخێک دەگێڕێتەوە و دەڵێت "جارێک بردم بۆ لای شێخێک لە سلێمانی، کاتێک شێخ ویستی پشکنینی بۆ بکات، بە شێخەکەی گوت خۆ من شێت نەبووم، تۆ دوعامان بۆ بکە کاکم نەگیرێت".

هەرچەندە شێخەکە بە عوسمان دەڵێت خوشکەکەت نە شێتە و نەجنۆکەش لە لەشیدا هەیە، بەڵام عوسمان هەر کۆڵی نەداوە بۆ گەڕان بە دوای چارەسەری نەخۆشییەکەی ئاڵتوون، بۆیە دوو ساڵ لەمەوبەر بردوویەتی بۆ لای پزیشکێک لە شاری هەولێر و ئەوە بووەتە فریادڕەسی "ئەو پزیشکە سەرەتا چارەسەری مانگانە و پاشان بە دوو مانگ و سێ مانگ جارێک حەبی بۆ دانا و بەوەش زۆر باش بوو".

بەپێی گێڕانەوەکانی عوسمان، زستانی ساڵی ڕابردوو کاتێک بردوویەتییەوە بۆ لای پزیشکەکە لە شاری هەولێر، خوشکەکەی بە پزیشکی گوتووە کە ئیدی باش بووە و جارێکی تر ناگەڕێتەوە بۆ لای.

عوسمان گوتی تاوەکو دوو ڕۆژ بەر لە ڕووداوەکە ڕەوشی دەروونیی ئاڵتوون ئاسایی بووە.

براکەی بەنیاز بووە ڕۆژی 2015/8/18 ئاڵتوون بباتەوە بۆ لای پزیشک، جگە لەوەش لە ڕۆژی ڕووداوەکەدا لە دەوام بووە "ئەو ڕۆژە بەیانییەکەی ئاڵتوون و منداڵەکانم لە ڕەز و باخ بوون. نیوەڕۆکەی کە هاتوونەتەوە ئاڵتوون دایکمی خەبەر کردووەتەوە بۆ ئەوەی نوێژ بکات. دواتر دەمانچەکەی منی بردووە و لە حەساری ئاژەڵەکاندا گوللەیەکی لە سکی خۆی داوە".

لەگەڵ بیستنی دەنگی دەمانچە، یەکێک لە منداڵەکانی عوسمان چووەتە حەسارەکە و بینیویەتی ئاڵتوون دەمانچەیەکی بە دەستەوە گرتووە. ئاڵتوون لەوێ تەنیا یەک قسەی لەگەڵ منداڵەکە کردووە و گوتوویەتی "خۆم کوشت".


ئەو ڕووداوە بەلای خێزانی ئاڵتوونەوە زۆر چاوەڕواننەکراو بووە. عوسمان گوتی "ئاڵتوون پێشتر بەهیچ شێوەیەک باسی خۆکوشتنی نەکردووە. کەسیش نازانێت چۆن ئەم دەمانچەیەی بردووە و چۆنیش توانیویەتی بەکاری بهێنێ".

ئەو ڕەتیکردەوە کە خوشکەکەی هیچ کێشەیەکی کۆمەڵایەتی هەبووبێت و گوتی "ئەم ماوەیە زۆر بیری دەکردەوە و دەیگوت دەترسم شتێکمان لێ بێت، دیارە هەر بەهۆی ئەو نەخۆشییەوە بێزار بووە و خۆی کوشتووە، ئەگینا هیچ کێشەیەکی دیکەی نەبوو. تەنانەت هەموو پارەکانی منیش لای ئەو بوو".

ئاڵتوون تەنیا لەلای خێزانەکەی خۆشەویست نەبوو، بەڵکو جێگەی خۆی لە دڵی دانیشتووانی ئاواییەکەشیان کردبووەوە، هەربۆیە ئاواییەکەیان بە پەرۆشن بۆ لەدەستدانی ئاڵتوون.

دوای ڕووداوەکە پۆلیس دەستیان بە لێکۆڵینەوە کردووە، مولازم ئاسۆ مەجید لێپرسراوی کارگێڕیی بنکەی پۆلیسی دوکان بە (ڕووداو)ی گوت "بەپێی لێکۆڵینەوەکان و بەپێی ڕاپۆرتی پزیشکی، ئەو کچە نەخۆشیی دەروونی هەبووە، بۆیە خۆی کوشتووە".

## بکوژی پەیوەست خۆی رادەست دەکات



**رووداو- هەولێر**

بکـوژی گەنجەکەی شـاری هەولێر کە لە رووسـیا دەیخوێند، خۆی رادەسـتی هێزەکانی ئاسـایش کردووە. موقـەدەم کاروان عەبدولکەریم، گوتەبێژی بەڕێوەبەرایەتی پۆلیسی هەولێر بە (رووداو)ی گوت "رۆژی 2015/8/22 بکوژی پەیوەست، خۆی رادەستی هێزەکانی ئاسایشی ناوخۆ کردووە و ئێستاش لەلایەن پۆلیسی هەولێرەوە لێکۆڵینەوە لەگەڵ دەکرێت. رۆژی 2015/8/11 قوتابییەک بەناوی پەیوەست تەها کە خوێندکاری ماستەر بوو لە رووسیا، لەنێو شاری هەولێر لەلایەن چەند کەسێکەوە رفێندراو دواتر کوژرا. ئامۆزایەکی پەیوەست کێشەی لەگەڵ رفێنەرانی هەبووە و پێشتر کەسێکی لێ کوشتوون.

لەماوەی ئەمساڵدا..

# 5 پیاو لەلایەن ژنەکانیانەوە کوژراون

**پشتیوان جەمال**
**رووداو- سلێمانی**

سـکرتێری یەکێتـی پیاوانـی کوردسـتان دەڵێـت توندوتیژیـی ژنان بەرامبـەر پیاوان لە هەڵکشاندایە و لەماوەی ئەمساڵدا پێنج پیاو بە دەسـتی ژنەکانیان کوژراون. پۆلیسیش دەڵێت رێژەی خۆکوشتنی پیاوان روو لە هەڵکشانە.

بورهـان عەلی، سـکرتێری یەکێتی پیاوانی کوردسـتان، دڵخـۆش نییە بە ئاماری شـەش مانگی رابردووی رێکخراوەکەی کە حاڵەتەکانی توندوتیـژی و خۆکوشـتن و کوشـتنی پیاوان روویان لە زیادبوون کردووە.

یەکێتی پیاوانی کوردسـتان هەشـت ساڵە دامـەزراوە و 7500 ئەندامـی هەیـە و تاکـە رێکخراوی بەرگریکارە لە مافی پیاوان لە هەرێمی کوردستان.

بەپێـی ئامـاری شـەش مانگی ئەمسـاڵی رێکخراوەکـە کە دراوەتـە (رووداو)، دەردەکەوێ حاڵەتەکانی توندوتیژی بەرامبەر پیاوان روویان لە زیادبوون کردووە.

لە سـەرەتای ئەمسـاڵەوە تاوەکـو کۆتایی مانگـی رابـردوو 309 سـکاڵا، 43 حاڵەتـی خۆکوشتن و پێنج حاڵەتی کوشتنی پیاو لەلایەن هاوژینەکانیانـەوە بە هاوکاریی کەسـانی دیکە تۆمـار کراون. بەڵام لە شـەش مانگی یەکەمی سـاڵی رابردوودا 203 حاڵەتی توندوتیژی و 32 حاڵەتـی خۆکوشـتن و دوو حاڵەتی کوشـتنی پیـاوان بە دەسـتی هاوژینەکانیـان لەلای ئەو رێکخراوە تۆمارکرابوون.

### لە سلێمانی سـکاڵا و لە هەولێر کوشتن

هەرچەنـدە تاوەکـو ئێسـتا جۆری سـکاڵا لە توندوتیژییەکان و پاشـان بـەراوردی نێوان شـارەکان بۆ ئـەو حاڵەتانە لەلایـەن یەکێتی پیاوانـەوە جیانەکراونـەوە، بـەڵام وەک سـکرتێرەکەیان ئامـاژەی بـۆ کرد، سـکاڵا و توندوتیـژی لە پارێـزگای سـلێمانی زۆرترە و خۆکوشتن و کوشتنیش لە پارێزگای هەولێر.

بورهان ئاماژەی بە یەکێک لەو توندوتیژیانە کـرد کە بەرامبەر پیاوێک کـراوە و گوتی "لەم ماوەیەی رابـردوودا پیاوێکی تەمەن 56 سـاڵ سـەردانی کردم کـە لەلایەن هاوژیـن و کوڕ و کچەکانیـەوە هەمـوو گیانـی شـین کرابووەوە لەبەرئـەوەی کوڕەکـەی داوای کردبـوو پارەی پێبدات و بچێتە دەرەوەی وڵات، ئەویش پارەی نەبووە".

هـەر بە گوتـەی بورهـان عەلی، بەشـێک لـەو گەنجانـەی خۆیان کوشـتووە لە خوێندن دەرنەچـوون. چەند پیاوێکیش بەهۆی قەیرانی دارایی و ئیفلاسبوونیانەوە پەنایان بۆ خۆکوشتن بردووە.



### کوشتنی پیاوان بە دەستی ژنان

بورهان چیرۆکی دوو پیاوی بیر ناچێتەوە کە لەلایەن هاوژینەکانیانەوە بە هاوکاریی کەسانی دیکە کوژراون. یەکێکیان سەرەتای ئەمساڵ بووە لە سنووری سـلێمانی کە پیاوێکی نانەوا بووە و بەرەبەیانـی لە کاتی رۆیشـتنی بۆ کارکردن، لەلایـەن ژنەکـەی و خەڵکانی دیکـەوە بەپێی پلانی پێشوەختە کوژراوە. پیاوێکی دیکەش بە هەمانشێوە لە نێو ئۆتۆمبێلەکەیدا سووتێنراوە، ئـەو گوتی "ئەو حاڵەتانـەش بەهۆی خیانەتی هاوژینییـەوە بووە یاخود ژنەکان ویسـتوویانە بگەن بە سەروەت و سامانی مێردەکانیان".

هـەر لەم ماوەیـەی رابـردوودا، هەریەکە لە سـەلاح شـێخ لەنگەری کەسـایەتی ناسـراوی گەرمیان و لیوا جەمال سیساوەیی بەڕێوەبەری پێشووی پۆلیسـی فریاکەوتنی هەولێر کوژران و دواتریش دەرکـەوت لەلایەن خێزانەکانیانەوە پلانی کوشتنیان بۆ دانراوە.

ئـازاد جەلال، توێـژەری کۆمەڵایەتی گوتی "رێژەی توندوتیژییەکان زۆر مەترسیدارە، دەبێت چەندی دیکە هەبن و ئاشکرا نەکرابن، تاڕادەیەک ئاسـاییە پیاو خۆی بکوژێ، بـەڵام ئەگەر بەو شـێوەیە بەردەوام بێت، رەنگە چەند ساڵێکی دیکە چەندین پیاوی دیکە لەلایەن ژنەکانیانەوە بکوژرێن، بەڕاستی کوشتنی پیاو لەلایەن ژنەوە زۆر نامۆیە".

### گلەیی لە ژنان هەیە

زۆرجار خودی ژنان و رێکخراوەکانیشـیان پیـاوان تۆمەتبـار دەکەن بـەوەی کەمترین مافیـان داوەتـە ژنان، یـان هەڵسـوکەوتی خراپیـان بەرامبەر دەکەن، بەڵام سـکرتێری یەکێتـی پیاوانیـش گلەیـی لـە ژنـان هەیە و پێیوایـە ئەوەنـدەی بیـر لـە مافەکانیـان دەکەنـەوە، ئەوەنـدە بیـر لـە ئەرکەکانیان ناکەنەوە.

بورهـان گوتی "بەداخـەوە ژن ئەوەندەی ئیش لەسەر مافەکانی دەکرێت، ئیش لەسەر ئەرکەکانی ناکرێت، بۆیە توندوتیژیی خێزانی سـەرهەڵدەدات، چونکـە ژنـان ئەرکـی زۆر دەخەنە سەر مێردەکانیان".

بـەڵام شـۆخان حەمەڕەشـید، پارێزەر و بەڕێوەبـەری رێکخـراوی هاریکاریی یاسـایی ژنان دەڵێت ئەگەر لە شەش مانگدا ئەو رێژە توندوتیژییـە بەرامبەر پیـاوان کرابێت، ئەوا رەنگـە لە مانگێکدا هێندەی ئەوە توندوتیژی بەرامبـەر ژنان بکرێ، جگـە لەوەش پێیوایە توندوتیژییەکانـی پیـاوان زیاتـر خێزانین و دەروونین، نەک جەستەیی، بەڵام ژنان جگە لە نێو خێزانەکانیان، لە شوێنە گشتییەکانیشدا توندوتیژییان بەرامبەر دەکرێ.

شـۆخان گوتـی "ئێمـە لـە کاتـی هۆشیارکردنەوەی ژناندا هەمیشە باسی ماف و ئەرکەکانیانمـان کـردووە، بـەڵام زۆرجـار ژنان بە هەڵە لە مەبەسـتی هۆشیارکردنەوە تێگەیشتوون".

### خۆکوشتنی پیاوان زیادی کردووە

نەقیـب سـەرکەوت ئەحمـەد، گوتەبێژی پۆلیسـی سـلێمانی هەرچەنـدە ئامارێکـی وردی لـەلا نەبوو سـەبارەت بـە توندوتیژی بەرامبـەر پیاوان، بـەڵام ئاشـکرای کرد کە ئەمسـاڵ خۆکوشـتنی پیاوان زیاترە بەراورد بـە کوشـتنی ئەنقەسـت، ئـەوەش بەهـۆی کێشـەی کۆمەڵایەتی لە نێوان خێزانەکانیان و نەخۆشیی دەروونی، یاخود نەبوونی هەلی کار و خراپیی باری دارایی.



موقەدەمی مافپەروەر
ژیلەمۆ عەبدولقادر

## جیابوونەوەی بەر لە پەردە

کچێکی تەمەن 19 ساڵ کە لە قۆناغی یەکەمـی زانکـۆدا بـوو، بۆ کێشـەیەک پەیوەندی پێوەکردین و گوتی بڕیارێکی بـە پەلـەم داوە، بـەڵام ئێسـتا لێـی پەشیمانم.

کچەکـە گوتـی "دوای تەواوکردنـی قۆناغـی ئامادەیـی، ئامۆزایەکـم هاتـە خوازبێنیـم، منیـش بەبـێ بیرکردنەوە یەکسەر رازی بووم، کەسوکارەکەشم هیچ رێگر نەبـوون، مارەیان کردم و چووینە دادگا و گرێبەسـتی هاوژینیمـان کـرد، بەڵام کە نمرەی پۆلی شەشی ئامادەییم وەرگرتـەوە و لـە زانکۆ وەرگیـرام، زۆر راڕابووم لەو شـووکردنە. رۆژ بەڕۆژ دڵم لەسـەر ئامۆزایەکـەم سـارد دەبووەوە. سـەرەتا هەندێـک بیانـووم دۆزییـەوە بـۆ ئـەوەی زوو نەمگوازێتـەوە، دواتـر خۆشەویستی ئامۆزاکەمم بە یەکجاری لە دڵی خۆم دەرهێنا. بەڵام لەبەر شەرم و خزمایەتی نەمدەزانی چۆن بە ئامۆزاکەم بڵێـم کـە گرێبەسـتی هاوژینییەکەمان هەڵبوەشێنینەوە و بەرۆکم بەردات".

دواجـار کچەکـە هەر چۆنێـک بێت، غیرەت دەداتە بەر خۆی و بە ئامۆزاکەی دەڵێـت کـە مـن ناتوانم ئێسـتا شـوو بکـەم و دەمەوێـت جـاری بخوێنـم، بـەڵام ئامۆزاکەی پێیدەڵێـت: "من تۆم خۆشدەوێت و ناتوانم دەستبەردارت بم".

کچـە دەیـەوێ جیاببێتـەوە، ئامۆزاکەشـی دەسـتبەرداری نابێـت، کێشـەکە پەرییەوە نێو خێزانەکانیان و لە یەکدی زویر بوون.

بە کچەکەمان راگەیاند کەوا کێشەکەی پەیوەنـدی بە دادگای باری کەسـییەوە هەیـە، بـەڵام کچەکـە حـەزی نەدەکرد کێشـەکەی بچێتـە دادگا. داوای دەکرد بانگی کوڕەکـە بکەیـن و ئامۆژگاریـی بکەین بۆ ئەوەی دەستبەرداری ببێت.

کاتێـک بانگـی دەزگیرانەکـەی کرا، بـۆی روون کرایـەوە کـە ژیانـی ژن و مێردایەتی بەزۆر نابێت و ئەگەر ئەمڕۆش بیگوازێتەوە، مادام خواستی هەردوولای لەسەر نەبێت، لە ئایندەدا تووشی کێشە دەبـن. جگـە لـەوەش دەزگیرانەکـەت ئامادەیە هەموو ماڵ و هەقە مارەییەکەی بگەڕێنێتـەوە بۆت، بـەڵام کوڕەکە رازی نەدەبـوو، گوتـی "خـۆم مـن بـە زۆر مارەم نەکردووە، کـە چووم خوازبێنی خـۆی و خێزانەکـەی رازی بوون، بەڵام لەوەتـەی چووەتـە کۆلێـژ دڵـی لە من سـاردبووەتەوە. من دەستبەرداری نابم، چونکـە نازانـم چـۆن جوابـی خەڵک و خزمان بدەمەوە، ناڵێن ئەو کوڕە بۆچی ئەو کچەی نەگواستەوە و تەڵاقی دا؟".

هەرچەندە پێیگوترا کە دەزگیرانەکەت حـەزدەکات بەخۆشـی دەسـت لێـک هەڵگـرن و ئاشـتەوایی بکەوێتـە نێـو خێزانەکەتانـەوە و نایەوێـت کێشـەکە بگاتـە دادگا، بەڵام کوڕەکە هەر سـوور بوو لەسـەر قسەی خۆی و گوتی "کەس لـە زمانـی منـەوە ئـەو جیابوونەوەیە نابیستێ".

بۆیـە ناچاربوویـن رێنوێنیـی کچەکە بکەین کـە بچێتە دادگای باری کەسـی و لـەوێ داوایەک بۆ لێکجیابوونەوە بەرز بکاتەوە. بەپێی یاساش کچەکە دەتوانێت ئـەم کارە بـکات. چونکـە لـە برگـەی دووی مادده 43ی یاسـای باری کەسیدا هاتـووە "کچ بـۆی هەیە بـەر لەچوونە پەردە، واتە بەر لە گواسـتنەوەی داوای جیابوونـەوە بـکات. پێویسـتە لەسـەر دادگا بڕیـاری لێجودابوونەوەکـە بدات، دوای ئەوەی کچەکە هەموو ئەو مارەییە و خەرجیانـەش دەداتەوە بە مێردەکەی کە بۆ مەبەستی هاوژینییەکەیان خەرجی کردووە".

*** بەڕێوەبەری بەرەنگاربوونەوەی توندوتیژی دژی ئافرەتان/ هەولێر**

# پیرەمێردەکان بۆ ژنهێنان دەچنە لای پەیمان

## پیاوێکی تەمەن 92 ساڵ:

## هیچ لەوە خۆشتر نییە لەم تەمەنەدا ژنت هەبێت

**پشتیوان جەمال**
**رووداو- سلێمانی**

(ئـە.م) بـە پلیکانەی سـەنتەرەکەدا هاتە خوارەوە و بە روویەکی خۆشەوە گوتی "ئەگەر ئـەو بێوەژنـە رازیبووایـە زۆر بـاش دەبـوو، پێشـتریش هاتم بۆ بینینی بێوەژنێکی دیکە، بەڵام قسمەت نەبوو".

(ئـە.م) تەمەنـی 85 سـاڵە و تاڵی رەش لـە قژیدا نەمـاوە، بەڵام کـوردەواری گوتەنی دەیـەوێ لێفەکـەی نـوێ بکاتەوە. ئـەو پیرە پیـاوە، ژنەکـەی چوار سـاڵ لەمەوبەر کۆچی دوایی کردووە و ئێستا بە تەنیا لە خانوویەکدا دەژی.

ئەو ئێسـتا دەیـەوێ ژن بهێنێتـەوە، بۆیە ناوی خۆی لە سەنتەری پەیمان تۆمار کردووە بۆ ئەوەی ژنێکی بـۆ بدۆزنەوە. (ئە) لەلایەن سـەنتەرەکەوە ئاگادار دەکرێتەوە کە ژنێکیان بـۆ دۆزیوەتەوە. رۆژێک دەچێتە سـەنتەرەکە و بـۆ مـاوەی 20 خولەک لەگـەڵ بێوەژنێکی تەمەن 53 ساڵدا گفتوگۆ دەکات، بەڵام وەڵامی کۆتایی لێ دەسـت نەکەوت. ئەو بە (رووداو)ی گوت "ئەوە کەسـێکی باش بوو ئەگەر رازی ببووایە".

چیرۆکـی هاوشـێوەی ئەو پیـاوە زۆرن کە رۆژانە روو لەو سەنتەرە دەکەن بۆ دۆزینەوەی هاوژیـن. لـەو سـەنتەرەش فۆرمێکیان پێ پڕ دەکرێتـەوە، بـەڵام ژنـی دووەمیـان بە مەرج بـۆ دەدۆزرێتەوە "ئەگەر ژنـی یەکەمی تەڵاق دابێـت، یـان مردبێت، هەروەهـا ئەگەر لەلای دادنـووس نووسـراوێک ببـەن کـە هاوژینـی یەکەمیان رازییە".

(س.ع) پیاوێکـی تەمـەن 92 سـاڵە، چەند سـاڵێک لەمەوبەر ژنی یەکەمی مردووە. هەرچەنـدە یاسـاکانی حکومەتـی هەرێمـی کوردسـتان و رێنماییەکانـی ئەو سـەنتەرەش رێگـەی پێداوە جارێکـی دیکە بچێتەوە نێو قەفەسـی زێڕیـن، بـەڵام منداڵەکانـی رێگەی پێنادەن.

ئـەو پیـاوە بـە تەمەنـە بـە (رووداو)ی گـوت "بێوەژنێکیـان بۆ دۆزیمـەوە، بەڵام خـوا منداڵەکانـم بگرێ نەیانهێشـت بیخوازم، ئێستاش لای یەکێک لە کوڕەکانمم، بەڵام هیچ لەوە خۆشتر نییە لەم تەمەنەدا ژنت هەبێ".

جیـاواز لـەو پیـاوە بەتەمەنانـەی کە ژنی یەکەمیـان مـردووە و دەیانـەوێ ژنـی دووەم بهێننەوە، پیاویش هەیە کە سـەرەڕای ئەوەی ژنیان هەیە، دەچنە سەنتەری پەیمان و داوای دۆزینەوەی ژنیان لێ دەکەن.

(ج.ر) پیاوێکـی خانەنشـینی تەمەن 65 سـاڵە و باوکـی 11 منداڵـە. ئـەو هاتبـووە سـەنتەری پەیمـان و دەیویسـت قەناعەت بە بەڕێوەبـەری سـەنتەرەکە بهێنـێ بـۆ ئەوەی فۆرمێکی بداتێ، بەڵام بەڕێوەبەری سەنتەرەکە کارتێکی سووری پێدا.

(ج) دەیگـوت "ژنەکـەم رازی نییـە ژنـی دووەم بهێنـم. لەڕێگـەی منداڵەکانیشـمەوە هەوڵـم داوە رازی بکەم، بـەڵام قایل نابێت".

(ج) ئامـادە نەبوو روونـی بکاتەوە کە بۆچی ژنـی دووەم دێنـێ و گوتـی "ئـەوە لـە دڵی خۆمدایە و نایڵێم".

سـەنتەری پەیمان لە سـەرەتای 2009ەوە کراوەتـەوە، تاوەکـو ئێسـتا 450 کـەس لـە رێگـەی ئەو سـەنتەرەوە ژنیان هێنـاوە، یان شوویان کردووە.



### ژووانێک بە 15 هەزار دینار

هـەر کەسـێک بیـەوێ لـە رێگـەی ئـەو سـەنتەرەوە هاوژیـن بدۆزێتـەوە، فۆرمێکـی زانیـاری کـە 18 پرسـیاری لەخۆگرتـووە، پـڕ دەکاتـەوە و لەبەرامبەریشـدا بـڕی 15 هـەزار دیناری لێ وەردەگیرێـت، لەو فۆرمەدا مەرجەکانی ئەو کەسە دەنووسرێت کە دەیەوێ ببێتە هاوژینی. دوای دۆزینەوەی کەسـێک کە مەرجەکانی کەسـی داخوازیکـەری تێدا بێت، پەیوەندی پێوە دەکرێتەوە.

بۆ یەکەم چاوپێکەوتنی ئەو دوو کەسـە لە سەنتەرەکە بڕی 15 هەزاریان لێ وەردەگیرێت، بـەڵام ئەگـەر ئەو دوو کەسـە یەکدییان بەدڵ بوو، ئـەوا هەر لەوێ چەنـد جارێکی دیکەش بەبێ بەرامبەر دەتوانن یەکدی ببیننەوە.

### داواکاری بۆ ژنی دووەم زۆرە

فایـەق حەمەسـوور، خاوەنی سـەنتەرەکە رۆژانە پێشوازی لەو کەسانە دەکات کە بەدوای ژنـدا دەگەڕێن. ئەو دەڵێت ئێسـتا ئەوەندەی پیـاوان بـۆ ژنـی دووەم سـەردانی دەکـەن، ئەوەندە کوڕی سەڵت سەردانی ناکەن.

کاری سـەنتەرەکەی فایـەق تەنیـا بەیەک گەیاندنـی هاوژینەکانـە و هیـچ گەرەنتییەک نادەنە ئەو کەسـانەی سـەردانیان دەکەن کە ئایا پرۆسەکە سەرکەوتوو دەبێت یان نا.

فایـەق گوتـی "ئێمـە گەرەنتـی هیـچ پرۆسـەیەکی هاوژینـی ناکەیـن، کاتێـک ئەو کەسـانە بـۆ یەکـدی دەدۆزینـەوە، دەتوانن چەندینجـار لێرە یەکدی ببینـن و رای یەکدی بزانن، دواتر کە رۆیشتنە ژیانی هاوژینی، ئێمە هەقمان بەسەریانەوە نییە".

فایـەق لە کاتی قسـەکردنی بـۆ (رووداو) هەر فریای وەڵامدانەوەی ئەو کەسانە دەکەوت کـە پەیوەندییان پێوە دەکـرد بۆ دۆزینەوەی هاوژین. سـەبارەت بەو پیـاوە بە تەمەنانەش کـە دەیانـەوێ دووبـارە ژن بێنـن، فایـەق گوتی "چەندین پیـاوی بەتەمەن ناوی خۆیان لای ئێمـە تۆمـار کـردووە، بـەڵام هەندێکیان منداڵەکانیـان رازی نابـن و هەندێکیشـیان لەگـەڵ ئەو بێوەژنانە رێـک ناکەون بۆ ئەوەی بیانخوازن".

سەبارەت بەوانەی ژنیان هەیە و داوای ژنی دووەم دەکەن، فایـەق گوتی "ئەوانە دەنێرین بـۆ لای دادنووس بۆ ئـەوەی رەزامەندیی ژنی یەکـەم بهێنـن، بەڵام تاوەکو ئێسـتا 1%یان توانیویانە رەزامەندیی ژنی یەکەم بهێنن".

# بە تەکنەلۆژیای نوێ ژینگەی بازیان کۆنترۆڵ دەکرێ

پشتیوان جەمال
ڕووداو- سلێمانی

بەڕێوەبەرایەتی ژینگەی سلێمانی ئامێرێکی نوێی هێناوە بۆ چاودێریکردنی هەوای ناوچەی بازیان کە زۆرجار تەپوتۆزی کارگەکان ئاسمانی ناوچەکە دادەپۆشێت. ئەو ئامێرە ڕۆژانە سەرپێچیی کارگەکان تۆمار دەکات.

ناحیەی بازیان لەڕووی کارگێڕییەوە سەر بە قەزای ناوەندی سلێمانییە و ژمارەی دانیشتووانەکەی کە هەندێکیان ئاوارەن، زیاتر لە 60 هەزار کەسە.

ناحیەکە خەریکە لە ناوچەیەکی کشتوکاڵییەوە دەگۆڕێت بۆ ناوچەیەکی پیشەسازی، پاش ئەوەی 184 کارگەی لە بوارەکانی ئاسن، ئاو، پیپسی، چیمەنتۆ، قیر، چیپس و بۆڕیی لێ دامەزرا.

بەڕێوەبەرایەتی ژینگەی سلێمانی کە ئەرکی چاودێریکردنی ئەو کارگانەی لە ئەستۆدایە، ئامێرێکی هێناوە تاوەکو بەشێوەیەکی ورد و زانستیانە چاودێریی سەرپێچیی کارگەکان بکات.

ئەو ئامێرە گازەکانی وەک ئۆکسیدی کاربۆن، گۆگردی هایدرۆجین $H_2S$، گرووپی ئۆکسیدی نایترۆجینەکان NOX، دووانۆکسیدی نایترۆجین $NO_2$، دووانۆکسیدی گۆگرد $SO_2$، گازی ئۆزۆن دەناسێتەوە.

مستەفا جومعە، بەرپرسی هۆبەی تاقیگەی ژینگە لە فەرمانگەی ژینگەی سلێمانی بە (ڕووداو)ی گوت "ئەو ئامێرە بۆ چاودێریکردنی کواڵیتی هەوا بەکاردێت و یەکەمجارە دێتە کوردستان".



پێش دانانی ئەو ئامێرە، بەرپرسانی ژینگە لە ڕێگەی بینین و بۆنکردنەوە هاووڵاتیانیان لە مەترسیی غازەکانی ئەو کارگانە ئاگادار دەکردەوە، بەڵام لەمەودوا ئەو ئامێرە هەر دوو خولەک جارێک داتایەکی نوێ تۆماردەکات و مانگانەش ڕێژەی سەرپێچیی کارگەکان کۆدەکاتەوە.

بە گوتەی ئەو بەرپرسەی ژینگە، کارگەی چیمەنتۆکان ئەو گازانەیان تێدایە و کاریگەریی راستەوخۆشی لەسەر ژیانی هاووڵاتیان هەیە، بەتایبەتیش $SO_2$ لەگەڵ NOX.

مستەفا گوتی "پێشتر بەهۆی نەبوونی ئامێری پێشکەوتوو، خاوەن کارگە دەیگوت بەشێوەی ستاندارد کارم کردووە و ئەگەر سەرپێچیم کردووە بۆم بسەلمێنن، بۆیە لەمەودوا بەشێوەیەکی ئەکادیمی سەرپێچییەکان دەستنیشان دەکەین".

بەڕێوەبەرایەتی ژینگەی سلێمانی، جگە لەو ئامێرە، لە پلانیدایە ئامێرێکی دیکەش لە ئەڵمانیاوە بۆ چاودێریی هەوای شاری سلێمانی بهێنێ.

محەممەد سەعید، بەڕێوەبەری فەرمانگەی ژینگەی سلێمانی بە (ڕووداو)ی ڕاگەیاند "پلانی کڕینی ئامێرێکی دیکەمان هەیە کە بە 900 ملیۆن دینارە. ئامێرەکەش بۆ چاودێریکردنی هەوای شاری سلێمانییە".

بەرپرسانی ناحیەی بازیان دانانی ئەو ئامێرەیان بەلاوە گرنگە بۆ چاودێریکردنی هەوای ناوچەکەیان و داواش دەکەن لەمەودوا ڕێگە بە دامەزراندنی کارگەی زیاتر نەدرێ.

لوقمان ڕەئوف، بەڕێوەبەری ناحیەی بازیان ڕایگەیاند، لە ناوچەکەیاندا چەند کارگەیەکی ئاسنی تێدایە کە کاریگەریی خراپیان لەسەر ژینگەی ناوچەکە داناوە، چونکە کەرەستەی خاو بەکارناهێنن، بەڵکو ئاسنی کۆن دەهێنن و جارێکی دیکە دەیتوێننەوە، بەو هۆیەشەوە هەوای ناوچەکە پیس دەکەن.

بەشێک لەو کارگانە بەپێی یاسای وەبەرهێنان و لەلایەن دەستەی وەبەرهێنانەوە مۆڵەتیان پێدراوە، بەڕێوەبەری ناحیەی بازیان ڕەخنەی لە دەستەی وەبەرهێنان گرت کە لە کاتی پێدانی مۆڵەتدا ڕای ئەوانی وەرنەگرتووە و گوتی "یەکێک لە گرفتەکانی یاسای وەبەرهێنان ئەوەیە لە کاتی پێدانی مۆڵەتی ئەو کارگانە ڕای ئیدارەی خۆجێیی سنوورەکەی وەرنەگرتووە، بەڵکو ڕاستەوخۆ شوێنی بۆ کارگەکان دەستنیشان کردووە".

بەڵام فەرمان غەریب، بەڕێوەبەری گشتیی وەبەرهێنانی سلێمانی دەڵێت کاتێک مۆڵەت دەدەنە وەبەرهێنەرێک، نووسراو بۆ لایەنەکان دەکەن بۆ دابینکردنی زەوی، لەوانەش بەڕێوەبەرایەتیی خانووبەرەی میری و کشتوکاڵ.

فەرمان گوتی "ئێمە زەوی بۆ وەبەرهێنەر دیاری ناکەین، بەڵکو کشتوکاڵی ناحیەکە دابینی کردووە و پێویستە کشتوکاڵ پرس بە بەڕێوەبەری ناحیە بکات".

بەگوتەی لوقمان ڕەوف، بەم دواییە لەلایەن فەرمانگەی ژینگەوە داوا لەو کارگانە کراوە فلتەر دابنێن. بەدواداچوونیشیان بۆ کارەکانیان کردووە و هەندێکیشیان غەرامە کردوون. ڕەخنەشی لە دروستکردنی ئەو ژمارە زۆرەی کارگەکان هەبوو "ناوچەکەمان پێشتر کشتوکاڵی بوو، بەڵام ئەگەر وا بڕوات دەبێتە ناوچەیەکی پیشەسازی. بۆیە بەنووسراو داوامان کردووە چیدی کارگەی لێ دانەنرێ".

27 ساڵە خێزانێکی ئێرانی بەخێوی دەکەن

# هاوناز هێشتا عەوداڵی دۆزینەوەی برایەکی ونبوویەتی



پشتیوان جەمال
ڕووداو- هەورامان

هاوناز بە دایکی و برایەکی شادبووەوە و خەمی دۆزینەوەی کەسوکاری کەمێک ڕەوییەوە، بەڵام ئێستا عەوداڵی دۆزینەوەی نیازی برایەتی و چاوەڕوانە ڕۆژێک مەراسیمێکیش بۆ دۆزینەوەی براکەی ڕێکبخرێ.

دوای چەند مانگێک لە چاوەڕوانی، شەوی 2015/8/18 ناوی خێزانی ڕاستەقینەی مریەم باروتچیان، کچە ونبووەکەی هەڵەبجە ڕاگەیەندرا و دەرکەوت کچی گێلاس ئەسکەندەرە و ناوی ڕاستەقینەشی هاوناز ئەحمەد قادرە.

هاوناز، 27 ساڵ لەمەوبەر بەهۆی کیمیابارانی هەڵەبجەوە لە کەسوکارەکەی دابڕا و لە خانەی بێ سەرپەرشتانی شاری ساری سەر بە پارێزگای مازندەرانی ئێران خۆی بینییەوە، پاشان خێزانێکی ئێرانی باوەشیان بۆ کردەوە.

## چۆن ون بووە؟

گێلاس ئەسکەندەر، 50 ساڵ، دوای تێپەڕبوونی پێنج ساڵ بەسەر کارەساتی هەڵەبجەدا، شوو بە پیاوێکی شاری پاوەی ڕۆژهەڵاتی کوردستان دەکاتەوە.

گێلاس باسی ونبوونی منداڵەکانی دەکات و دەڵێت لە کاتی کیمیابارانی هەڵەبجەدا، هاوناز تەمەنی دوو ساڵان بوو. لە ڕۆژی کیمیابارانەکەدا بەرەو ناوچەی گۆلان بەڕێکەوتوون، لەو کاتەشدا برایەکی مێردەکەی لە ئێرانەوە بە هاواریانەوە هاتووە و بردوونی بۆ نزیک مەرزێکی نێوان عێراق و ئێران، بەڵام دیسان فڕۆکە بۆردومانی کردوون.

گێلاس کە چەکی کیمیایی کاری لەچاوەکانی کردووە، گوتی "هیچ ئاگام لە خۆم نەبوو، چاوەکانم بینایيان نەمابوو. پاسدارێک هەندێک ئاوی بەدەم و چاومدا کرد. تا ئەوکاتەی هۆشم هەبوو، ڕێباز و هاوناز لەلام بوون. پاشان ژنێکی خزممان نیازی لێ وەرگرتم و گوتی کە چاک بوویتەوە دەتدەمەوە، ئەوکات نیاز تەمەنی 40 ڕۆژ بوو".

گێلاس لە بیری ماوە کە ئەو و چەند کەسێکی دیکە سواری فڕۆکەیەک کراون، دواتر خۆی لە نەخۆشخانەیەکی تاران بینیوەتەوە.

وەک گێلاس باسی کرد، دوای مانگێک کەسوکارەکەی ئەویان لە نەخۆشخانەیەک لە تاران دۆزیوەتەوە و لەوێ پێیانگوتووە کە هاوناز و ڕێباز لە شاری شیرازن.

گێلاس باری تەندروستی بەرەو باشی دەچێت و سۆراخی منداڵەکانی دەکات "هەواڵی منداڵەکانم پرسی، گوتیان لە نەخۆشخانەن. دواتر دوو برای مێردەکەم هاتن و گوتیان هەموویان مردوون، ئیدی پرسەمان بۆ دانان".

بەڵام گێلاس دڵی ئۆقرە ناگرێت و لەگەڵ ماڵی باوکیدا بەدوای ڕێباز و هاونازدا دەگەڕێن. گێلاس دەڵێت "لە شیراز پێیانگوتین منداڵەکانت لە نەخۆشخانەی شیراز بوون، کوڕەکەت باری تەندروستیی زۆر خراپ بوو بۆیە بردوویانەتە دەرەوەی وڵات، ڕەنگە کچەکەشت مردبێت. بەڵام دواتر ڕێبازمان دۆزییەوە".

سەبارەت بە چارەنووسی نیازیش، گێلاس گوتی "ئەو ژنەی خزممان نیازی بردبوو بۆ تاران، هەفتەیەک لە نەخۆشخانە بەدیارییەوە دانیشتبوو، لەوێ پێیانگوتبوو تۆ بڕۆوە ماڵەوە خۆمان چارەسەری دەکەین و دوای دوو هەفتەی دیکە وەرە بیبەرەوە، بەڵام کە چووبووەوە منداڵەکە لەوێ نەمابوو، پرسیبووی کوا منداڵەکە، بەڵام وەڵامێکی وەرنەگرتبوو".

گێلاس ئەوەندەی عەوداڵی دۆزینەوەی نیاز بووە، هێندە بە تەمای دۆزینەوەی هاوناز نەبووە، چونکە پێشتر پێیانگوتووە مردووە، بەڵام دواتر لەلایەن لوقمان عەبدولقادر، سەرۆکی کۆمەڵەی قوربانیانی هەڵەبجەوە داوای لێکراوە نموونەی خوێنەکەی بنێرێ.

پێنج ساڵ لەمەوبەر گەنجێکی ونبووی هەڵەبجە بەنێوی زمناکۆ دۆزرایەوە و ئەوکات لەکاتی پشکنینی DNAدا گێلاس دڵنیاکراوەتەوە کە ئەوە نیازی کوڕیەتی، بەڵام لەکاتی ڕاگەیاندنی ئەنجامەکەدا دەرکەوت کوڕەکەی ئەو نییە.

گێلاس گوتی "بە هیوای دۆزینەوەی هاوناز نەبووم، بۆیە نەمدەویست لە تەلەفزیۆنیشەوە سەیری بکەم، بەڵام بۆ ڕۆژی مەراسیمەکە ئاگاداریان کردمەوە کە ئامادە بم، منیش کاژێر چواری پاشنیوەڕۆ گەیشتمە هەڵەبجە".

لەو کاتەی هاوناز هاتووەتە هۆڵەکەوە، لەدڵی خۆیدا دوعای کردووە "لە دڵی خۆمدا گوتم خودایە تۆ بڵێی هاوناز بێت، خودایە وەکو جاری پێشووم لێ نەکەیت، ئەگەرنا جەڵتە لێمدەدات".

## حەز ناکات لە هەڵەبجە بژی

هاوناز کاتی خۆی باوکی ئەو ناوەی لێ ناوە، بەڵام خێزانە ئێرانییەکە ناویان ناوە مریەم، ئەو زۆرتر حەزی لە ناوە کوردییەکەیە. هاوناز باسی کاتی ئاشکراکردنی دایکی دەکات و دەڵێ "ژنێک باوەشی پێداکردم، نەمدەزانی کێیە، چونکە هیچ هەستێکم نەمابوو، دواتر گوێم خستە سەر دڵی و زانیم دایکمە".

گێلاسی دایکی لە شاری پاوە دەژی، بەڵام هاوناز بڕیاری نەداوە لە چ شوێنێک بمێنێتەوە. سەبارەت بەوەی دەیەوێ لە هەڵەبجە بژی یان نا، گوتی "لەبەرئەوەی باوکم لە هەڵەبجە شەهید بووە، حەز ناکەم لەوێ بژیم، چونکە دەمخاتەوە بیری باوکم".

هاوناز و دایکی، شەوی 2015/8/19 لە دوای 27 ساڵ دابڕان پێکەوە خەوتن، هاوناز گوتی "ئەو شەوە سەرم خستە سەر دڵی و فرمێسکم دەڕشت و ئەویش دەستی بە قژمدا دەهێنا و بە ئارامی خەوتم".

مانگی ئاب بووە مانگێکی پڕ لە خۆشی بۆ خێزانی هاوناز، بەتایبەتی دوای ئەوەی ڕۆژی 2015/8/23 ڕێبازی برای کە ساڵانێکە لە هۆڵەندا دەژی، گەڕایەوە کوردستان.

هاوناز لە ئێران خوێندنی تەواوکردووە، بەڵام پلانی داناوە لە بەشی یاسای نێودەوڵەتی لە زانکۆی ئەمەریکی- سلێمانی دەست بە خوێندن بکاتەوە.

کۆمپانیاکان قەیرەکچیان ناوێت

# ڕێکخراوێک بە 20 هەزار دینار قەیرەکچان فێری پیشە دەکات



پشتیوان جەمال
ڕووداو- سلێمانی

نەدا، دڵخۆشە بەوەی کە دوو خولی لە بواری دروومانی و فۆتۆگرافەریدا بینیوە، حەزیش دەکات لەمەودوا ئەو وانانەی بەشێوەی تیۆری وەریگرتوون، بیانکات بە پراکتیک و لەو ڕێیەوە نانێک بۆ خۆی و خێزانەکەی پەیدا بکات.

نەدا حەمەڕەوف، کچێکی باڵا مامناوەندی تەمەن 39 ساڵە، لەو ساڵانەی دوایی پۆلی شەشی ئامادەیی تەواوکردووە، بەڵام بەهۆی هەڵکشانی تەمەنی لە زانکۆ حکومییەکان وەرنەگیراوە.

نەدا پێشتر هیچ ئیشێکی نەکردووە، بەڵام دوای بەشداریی لە دوو خول، یەکێکیان دروومان لە کۆمەڵەی ئایندە و خولێکی فۆتۆگرافەری، ئێستا حەز دەکات بەری ڕەنجی خۆی بخوات.

ئەو گوتی "ئێمە لە ماڵەوە حەوت کەسین، توانیم سوود لە خولەکانی کۆمەڵەی ئایندە وەربگرم، بەڵام بە داخەوە کۆمپانیاکان ئەگەر کچێک خاوەنی بڕوانامە و گەنج نەبێت وەریناگرن".

کۆمەڵەی ئایندە بۆ کچانی بە تەمەن لە سەرەتای حوزەیرانی 2011ەوە دامەزراوە. کۆمەڵەکە خولی فێربوونی پیشە بۆ ئەو کچانە دەکاتەوە کە تەمەنیان هەڵکشاوە و شوویان نەکردووە.

هەر کچێکی بە تەمەن بەشداری لە خولێکی کۆمەڵەکەدا بکات، دەبێتە ئەندامیان، ئێستا کۆمەڵەی ئایندە لە سنووری شاری سلێمانی خاوەنی 600 ئەندامە.

ناسک عومەر، 39 ساڵ، شەشی ئامادەیی تەواو کردووە و بەشداری خولەکانی ئیشی دەست و دروومانی ئەو کۆمەڵەیەی کردووە، ئەو گوتی "بەشێوەیەکی زۆر باش سوودمان لە خولەکان بینیوە و لەگەڵ هاوڕێکانیشماندا پێمان باشە ئەگەر لەڕووی داراییەوە بۆمان بگونجێت شوێنێک بۆ کارکردن بە کرێ بگرین".

قومریە ئەحمەد، 45 ساڵ کە شەشی سەرەتایی تەواو کردووە، بەهۆی سەرقاڵبوونی بە کاروباری خێزانەکەیەوە مەیلی کارکردنی نەبووە، بەڵام دوای بەشداریکردنی لە خولەکانی ئیشی دەست و سیرامیک توانیویەتی سوودێکی باش وەربگرێ.

ئەو گوتی "ئەمساڵ لە ڕۆژی جیهانیی ژینگەدا بە دروستکردنی چەند ئیشێکی دەست بەشداربووم و بەلامەوە زۆر خۆش بوو، بۆیە ئەگەر شوێنێکیش هەبێت بتوانین کاری تێدا بکەین، ئامادەم و پێمخۆشە".

بەرپرسانی ئەو کۆمەڵەیە دڵخۆشن بە بەرەوپێشچوونی کارەکەیان و جەخت دەکەنەوە ئەگەر خێرخوازان هاوکارییان بکەن دەتوانن شوێنێک بۆ کارکردنی ئەو کچانە دابین بکەن.

ئامینە عەلی، بەڕێوەبەری کۆمەڵەی ئایندە بۆ کچانی تەمەندار مەبەستی خۆیانی لە کاری کۆمەڵەکەیان ڕوونکردەوە کە ئەویش کردنەوەی خولە بۆ ئەوەی چیدی کچانی بەتەمەن لە ماڵەوە نەمێننەوە، بەڵکو فێری کارکردنیان بکەن تاوەکو بتوانن لە دواڕۆژدا کار بکەن، بۆیە ئێستا لە بری ئەوەی کچان ڕووبکەنە لایان، خۆیان لە گەڕەکەکاندا خولیان بۆ دەکەنەوە.

ئەو گوتی "پێشتر هەموو خولەکانمان بێ بەرامبەر بوو، بەڵام ئێستا بۆ هەر خولێک کە 20 ڕۆژ دەخایەنێت تەنیا 20 هەزاریان لێوەردەگرین، ئەویش بۆ مامۆستاکانە".

ئامینە خۆشحاڵە بەو پێشوازییەی لەلایەن کچانەوە لە کارەکانیان دەکرێ، ئەو گوتی "ئەوەندەی هەستی پێدەکەین ئەو کچانە زۆر دڵیان پێی خۆشە، چونکە لەلایەکەوە کەشوهەوایەک دەگۆڕن و لەلایەکی دیکەشەوە فێری پیشەیەک دەبن".

ئەو کۆمەڵەیە جگە لە کردنەوەی خول بۆ ئەو کچانە، دەیەوێ لە شوێنەکانیش کاریان بۆ پەیدا بکات، بەڵام ئامینە گوتی "ئەمڕۆ کۆمپانیاکان کار بە کچانی گەنج دەدەن، ئەگەر کەسانی خێرخواز بتوانن شوێنێک دابین بکەن، یاخود ئەگەر خێرخوازان بتوانن مەکینەی دروومانمان بۆ بکڕن، دەیدەین بەو کچانە تاوەکو لە ماڵەوە بتوانن کار بکەن".

ئامینە گوتی کە ئەو کارەی دەیکات وەکو شەڕێک وایە لەگەڵ دابونەریتی کۆمەڵگە "بەداخەوە هەرچەندە ئێمە لە نێو قوتابخانەی گەڕەکەکانیشدا ئەو خولانە دەکەینەوە، هێشتا بەشێک لە خێزانەکان ناهێڵن کچەکان بێنە دەرەوە و بەشداری ئەو خولانە بکەن، بەڵام ئێمە کۆڵنادەین و بەردەوام دەبین".



د.هاوڕێ مەنسووربەگ

# کەمترین یەدەگی نەوتی کوردستان لە سلێمانییە

هەموو شارێکی کوردستان و هەموو کونج و کەلێنێکی ئەم وڵاتە بۆ من یەک بەها و ئەرزشی هەیە، نەوت لە تاوکێی زاخۆی دەلال بێت یان لە کێڵگەی نەفتخانەی خانەقینی ئەلوەند، هەمووی هەر خێروبێرە بۆ کورد و ئایندەی کورد، بێگومان ئەگەر بە کارامەیی و دانایی ئەم سەروەتە نیشتیمانییە بەکاربێنین.

ماوەیەک پێش ئێستا لە سایتی بەڕێزی سبەی، وتارێک بڵاوکرایەوە، گوایە پارێزگای سلێمانی زۆرترین یەدەگی نەوتی کوردستانی لەخۆگرتووە. بەشبەحاڵی خۆم پێموایە لە رووی زانستییەوە ئەو زانیاریانە نا دروست و نا مەدرووسن، لەلایەکی دیکەشەوە وا هەست دەکەم، وتارەکە بە نەفەسی دوو ئیدارەیی سلێمانی و هەولێر نووسراوە، هێندەی پشت بە پەیامی سیاسیی چەواشەکار دەبەستێ، هێندە پشت بە داتا و ئامار و بەڵگەی زانستی نابەستێ. سەردێڕی وتارەکە باسی پارێزگای سلێمانییە وەک ناوچەیەکی جوگرافیی دیاریکراو. بەڵام کە دێیە سەر ناوەڕۆک، دەبینی نووسەر دەخزێتە نێو ئیدارەی کۆنی سلێمانی کە لە ئاکامی شەڕی خۆکوژیی کورد، بۆ ماوەی چەند ساڵێک حوکمڕانی بەشێکی کوردستانی کرد. من دەپرسم، مەگەر پارێزگای سلێمانی (پێش راگەیاندنی پارێزگای هەڵەبجە) بریتی نییە لە شارەزوور، هەڵەبجە، پێنجوێن، چوارتا، ماوەت، دوکان، رانیە و قەڵادزە؟ لە کام لەو شوێنانە هەتا ئێستا یەک راپۆرت بڵاوکراوەتەوە کە باس لە بوونی یەدەگی گرنگی کوردستان بکات؟ لە تۆڕی کۆمەڵایەتیی فەیسبووک، لە پێگەی خۆی، بەڕێز پرۆفیسۆر کەمال حاجی، سەرۆکی بەشی زەویناسی لە زانکۆی سلێمانی، باسی یەک بە یەکی ئەو ناوچانەی پارێزگای سلێمانیی کردووە لەگەڵ چەند ناوچەیەکی دیکەی کوردستان کە نزیکن لە سنوورەکانی ئێران و بەڵگەی زەویناسیی بۆ هێناونەتەوە کە بۆ نەوت سەختە لەوێ بدۆزرێتەوە. هەرچەندە من زۆر لەگەڵیشی هاوڕانیم و لەو ماوەیە توێژینەوەیەکمان پێشکەش بە گۆڤارێکی زانستیی نێودەوڵەتی کردووە کە هەندێک کۆنسێپت دەخەینە ڕوو بۆ زیادکردنی شانسی دۆزینەوەی نەوت و گاز لەو شوێنە ئاڵۆزانەی پێکهاتە زەویناسییەکانی یاریدەدەر نین بۆ کۆبوونەوەی نەوت و گاز لە ژێرخاکەکانیان. پرۆفیسۆر حاجی، لە پۆستێکی سەرنجڕاکێشدا لە پێگەی فەیسبووکی خۆی نووسیویەتی: "گەڕان بەدوای نەوتی کوردستان لەو شوێنانە وەک گەڕان بە دوای کەشتیی نووحە لە جەمسەری باشوور".

ساڵی 2009 کۆمپانیای هێریتج رایگەیاند کە نەوتێکی زۆری دۆزیوەتەوە لە بلۆکی میران نزیک شاری سلێمانی، بێگومان دەنگۆی دۆزینەوەی نەوت پشکی کۆمپانیای ناوبراوی فڕاندە ئاسمان و هەموو کوردێکیش تەزووی خۆشی بە لەشیدا تێپەڕی کە لە ناوچەیەکی ئارامی کوردستان، دوور لەو شوێنانەی عەرەب بە ناحەق پێیان دەڵێن جێناکۆک، نەوت دۆزراوەتەوە و دەبێتە بڕبڕەی پشتی پیشەسازیی نەوتی کوردستان. هەندێک لە راپۆرتەکان تا ئەوڕاددەیە دوور رۆیشتن کە رەنگبێت نەوتی میران گەورەترین دۆزینەوە بێت لەسەر وشکانی لەسەر ئاستی جیهان. بە داخەوە دوای پشکنینی وردی ئەندازیاری و ئەنجامدانی تێستە پێویستەکان، دەرکەوت کە کێڵگەکە نەوتێکی ئەوتۆ لە خۆناگرێت و لە بری نەوت، گازێکی زۆری هەیە، گازەکەش کۆندێنسەیتە، جۆر و کواڵیتییەکەی بەشێوەیەکە دەبێت بە پرۆسەی خاوێنکردنەوەدا تێپەڕێت. کۆگاکردن و گواستنەوەی سەرمایەیەکی زۆری گەرەکە کە لەم نووسینەدا نامەوێ باسی کێشە تەکنیکیەکانی بەردەم گازی کۆندێنسەیت بکەم. لە راپۆرتێکی شیکاریی رۆژنامەنووس John Harrington کە بۆ سایتی http://www.iraqenergy.org ئامادەی کردبوو، ئاماژەی بەوە دابوو کە کێڵگەی میران، نائومێدییەکی ئەوتۆی دروستکرد و پشکی کۆمپانیای هێریتج لە بازاڕەکانی بۆرسەی جیهاندا 17%ی بەهای خۆی لەدەست دا. دۆزینەوەی وەک ئەوەی کێڵگەی میران، لە نزیک هەولێریش لە بنەباوی وەک خۆی ماوەتەوە و ئێستا حکومەتی هەرێمی کوردستان مۆڵەتی کارکردنی هەردوو کێڵگەی میران و بنەباویی بەخشییە کۆمپانیای Genel Energy بۆ ئەوەی بە یەک پلانی هاوبەش بتوانرێت گاز بەرهەم بهێنێت.

بێگومان باسکردن لە یەدەگ، باسێکی ئاڵۆز و زانستیی تێکهەڵکێشە. لە زمانی ئەدەبیاتی پیشەسازیی نەوتی کوردستاندا زاراوەی یەدەگ زۆر بە ناقۆڵایی بەکارهاتووە و چەندین جار لە بری بەرچاوڕوونی، خۆڵ دەکاتە چاوی خوێنەر و چاودێران. لەسەر ئاستی جیهانیش، یەدەگ بووەتە مایەی مشتومڕی گەورەی نێوان کۆمپانیاکان و نێوەندە ئەکادیمییەکان، چونکە هەندێک کۆمپانیا پێناسەی تایبەت بەخۆیان بۆ یەدەگ هەیە. چەند ساڵێک پێش ئێستا گەورە بەرپرسێکی کۆمپانیای شێل لەسەر کار لادرا، چونکە بە وردی نەیتوانیبوو پێناسەیەکی دروست بۆ چەمکی یەدەگ لە راپۆرتەکانیدا بخاتەڕوو. ساڵی 2005، نووسەری ئەمریکی Matthew Simmons هەموو جیهانی تووشی شۆک کرد کاتێک لە کتێبەکەیدا بەناوی Twilight in the Desert (شەفەق لە بیابان) رایگەیاند کە سعودیە فێڵ لە هەموو جیهان دەکات و زانیاری ورد لەسەر یەدەگی خۆی شاردووەتەوە و زۆر لەوە کەمتر نەوتی هەیە کە رایگەیاندووە، هەروەها ناتوانێت بەو شێوەیە بەردەوام بێت لە بەرهەمهێنان.

Simmons داوای لە دەسەڵاتدارانی سعودیە کرد کە داتاکانی زەویناسی و ئەندازیاری بخاتەڕوو بۆ جیهان، ئەگەر دەیەوێت بۆ جیهانی بسەلمێنێ کە خاوەنی ئەوەندە یەدەگی نەوتەیە. هەربۆیە، ژمارە فڕێدانە سەر مێز و مزایەدەکردن بە یەدەگێک کە هێشتان نەسەلمێندراوە، بۆ مەرامێکی نادیار، لە جێی خۆی نییە.

لە هەندێک راپۆرتی نازانستیدا کە لەلایەن کەسانی کەم شارەزاوە نووسراون، هەندێ جار هەست بەوە دەکەین کە جیاوازییەکی ئەوتۆ لە نێوان یەدەگ و بلۆکی تەرخانکراو بۆ پشکنین، یان یەدەگی نەسەلمێندراو لەگەڵ یەدەگی مسۆگەر ناکەن، تاڕادەیەک جیاوازی لە نێوان یەدەگ و سامانیش ناکرێت. یەدەگ ئەو بڕە نەوت و گازە دۆزراوەیەیە کە قەبارەکەی زانراوە، زانیاریی تەواوی زەویناسی لەسەر کانە دۆزراوەکە هەیە. هەروەها نەوت و گازی دۆزراوە، بە تەکنەلۆجیای ئێستا دەتوانرێت بەرهەم بهێنرێت و بەبازاڕ بکرێت و نرخی دۆزینەوە و دەرهێنان و بەبازاڕکردنی (بۆ هەر یەکەیەکی پێوانەیی) بە شێوەیەکی بەرچاو کەمتر بێت لەو نرخەی کە لە بازاڕ ساغ دەبێتەوە. لە وتارێکی پێشووترمدا لە هەفتەنامەی (رووداو) زیاتر باسی یەدەگم کردووە و کێشەکانی پێناسەکردنی یەدەگم خستبووە روو.

ئەگەر سەیری ئەو نەخشە زەویناسییە بکەین کە زەویناسانی کۆمپانیای سویسری Oryxpetroleum ئامادەیان کردووە و سوودێکی زۆریشیان لەو نەخشانە وەرگرتووە کە ساڵانێکە کۆمپانیای westernzagros ئامادەی دەکات. هەندێک نەخشەی نهێنیش هەن کە تەنیا لە بازنە داخراوەکانی نێو کۆمپانیاکانی نەوت و وەزارەتی سامانە سروشتییەکاندا لەبەردەستن. هەموویان پێکەوە ئاماژە بۆ ئەوە دەکەن کە بەشی شێری کانەکانی نەوت لە کوردستان لە دەرەوەی پارێزگای سلێمانی دۆزراونەتەوە و سلێمانی یەدەگێکی نەوتی مسۆگەری ئەوتۆی نییە، تا رادەیەکی زۆر وتەکانی سەرۆکی بەشی زەویناسیی زانکۆی سلێمانی، تا ئێستا، لەجێی خۆیەتی. بێگومان بەپێی چالاکیی کۆمپانیاکانی نەوت و دەزگا ئەکادیمییەکان بۆی هەیە، هەم بیروبۆچوون هەم ژمارەکان گۆڕانکارییان بەسەردا بێت.

ئەو 600 هەزار بەرمیلە نەوتەی کوردستان کە ئێستا لە رێگەی بۆڕیی نەوتی خورمەڵە-جەیهان دەنێردرێتە دەرەوەی وڵات، نەوتی کانەکانی تەقتەق و خورمەڵە و تاوکێ دەباتە دەرەوە و هیچیان لە پارێزگای سلێمانی نین. بە گوێرەی نەخشە راگەیاندراوەکەی کۆمپانیای Oryxpetroleum هەر یەکە لە کێڵگە نەوتییەکانی چیاسورخ و کوردەمیر و سەرقەڵا کە لە گەرمیانن، پێکەوە خاوەنی کەمتر لە یەک ملیار بەرمیل نەوتن (http://www.oryxpetroleum.com/uploads/PDF/Kurdistan_Region_of_Iraq_Investors_Map.pdf).

هەر بەپێی نەخشە راگەیەندراوەکان، بەشێک لەو کێڵگانە، تێکەڵەیەکن لە نەوت و گازی کۆندێنسەیت کە بەرهەمهێنان و بەبازاڕکردنیان کارێکی ئاڵۆز و پڕ لە گێرمە و کێشەی تەکنەلۆجییە و سەرمایەی گەورەی پێویستە. پێمخۆشە لەڕێگای وەزارەتی سامانە سروشتییەکانەوە داوایەک بکرێت کە ئەو نەخشە نهێنیانەی لە بەردەستیانە، ئاشکرا بکرێن و بە حاسیبەیەکی سادە سەرجەم ئەو کێڵگانەی کە لە سایتی سبەی ناویان هاتووە، یەک بە یەک یەدەگی نەوتەکەیان کۆبکرێتەوە، با بزانین ئەو هەموو ملیار بەرمیل نەوتە لە کوێن؟ بۆ زانیاری خوێنەری بەڕێز، لەسەر ئەو نەخشانە زاراوەی سامان resource بەکارهاتووە لە بری یەدەگ reserve ، ئەو ژمارانەی راگەیەندراون پڕن لە ناڕوونی و لەڕووی ئەندازیاری و زەویناسییەوە یەکلایی نەبوونەتەوە.

زۆر لەو ناوچانەی کە لە راپۆرتەکەی (سبەی)دا هاتوون، سەر بە پارێزگای کەرکووکن لە پێش پرۆسەی تەعریبکردن، مەگەر خۆشمان بمانەوێت پیلانی تەعریبکردنی کەرکووک لەسەر خۆمان بکەین بە ئەمری واقیع؟

زۆربەی ئەو کێڵگانەی کە لە ئایندەدا لەسەر هێڵن بۆ ئەوەی بەشدار بن لە هەناردەکردنی نەوتی کوردستان، بریتین لە کێڵگەی نەوتی شێخان کە بڕی یەدەگ تێیدا بە سێ ملیار بەرمیل خەملێندراوە. کۆمپانیای گەڵف کیستۆن کە سەرکاری کێڵگەی شێخانە، لە راپۆرتی ساڵانەی خۆیدا لە ساڵی 2012، رایگەیاند کە یەدەگی شێخان نزیکەی چواردە ملیار بەرمیل نەوتە (http://www.gulfkeystone.com/media/50610/gulf_keystone_ar12.pdf). کێڵگەی نەوتی سەرسەنگ کە بڕی نەوتەکەی رانەگەیەندراوە، بەڵام نەخشەکەی Oryxpetroleum مەزەندە دەکات کە لە توانای ئەو کێڵگەیەدا بێت رۆژانە پەنجا هەزار بەرمیل نەوت بەرهەم بهێنێت، کێڵگەی نەوتی ئەتروش کە کۆمپانیای TAQAی ئیماراتی سەرکارە تێیدا، یەدەگەکەی دەگاتە نزیکەی 700 ملیۆن بەرمیل نەوت و پلان وایە ئاستی بەرهەمهێنانی بگاتە 30 تا 50 هەزار بەرمیل لە رۆژێکدا (http://www.oryxpetroleum.com/uploads/PDF/Kurdistan_Region_of_Iraq_Investors_Map.pdf).

ئەوە جگە لە دەیان کێڵگە و دۆزینەوەی دیکە لە دەوروبەری هەولێر، وەک بیرە نەوتەکانی زێی گەورە و دەمیرداغ و بێنێنان و بەستۆرە و بەردەڕەش، هەروەها دۆزینەوە ئومێدبەخشەکانی مامەجەلکە و حەریر و گیسک کە کۆمپانیای ماراسۆن و تۆتاڵ بە هاوبەشی کاری تێدا دەکەن. هەموو ئەو کێڵگانە، ئایندەی پیشەسازیی نەوت و گازی کوردستان دیاری دەکەن و پێکڕا کاریگەریی گرنگیان دەبێت. بۆیە حکومەتی هەرێمی کوردستان پشتئەستوورە بەو کێڵگانەی کە باسمان کرد بۆ پلانی ستراتیجیی بەرهەمهێنانی یەک ملیۆن بەرمیل نەوت لە رۆژێکدا تاوەکو کۆتایی ئەمساڵ. ئەوەی کە منی خۆشحاڵ کردووە، هەردوو بیرە نەوتی گیسک و میراوەیە بە هاوبەشی لەلایەن کۆمپانیای ماراسۆنی ئەمریکی و تۆتالی فەڕەنسی لە نزیک شاری هەولێر. سەرەڕای بڕێکی زۆری نەوتی کواڵیتی بەرز 39-45 API، پشکنینی سەرەتای پێشانی دا کە هەندێک لە چینە بەردییەکان بە رێژەی 20-30 ملیۆن پێ سێجا گازی سروشتیی تێدا بەرهەم دەهێنرێت. بوونی گازی سروشتیی خاوێن لە نزیک هەولێری پایتەخت، گرنگییەکی ستراتیجیی زۆری هەیە، بێگومان کاری زۆر ماوە بۆ گۆڕینی باری ئەو بڕە گاز و نەوتە، لە سامانەوە بۆ یەدەگ (http://www.total.com/en/media/news/press-releases/total-announces-jisik-discovery-kurdistan-region-iraq?%FFbw=kludge1%FF).

ئایا راستە کۆمپانیا کەم ناردراونەتە سلێمانی؟ گرنگترین و زەبەلاحترین کۆمپانیاکانی جیهان لە سلێمانین بە گوێرەی ئەم راستیانەی خوارەوە:


لە رۆژهەڵاتی سلێمانی لە بلۆکی عەربەت، کۆمپانیای ئێکسۆن مۆبیل سەرکارە، لە باشوور لە هەڵەبجە، کۆمپانیای زەبەلاحی رووسی گازپرۆم سەرکارە. لە باکووری سلێمانی لە پیرەمەگروون، کۆمپانیای ناوداری ئیسپانیا و ئەوروپا رێپسۆل سەرکارە. لە قەڵادزێ جگە لە کۆمپانیای سەرکار (رێپسۆلی ئیسپانی) کۆمپانیای بەتوانا و ناوداری دانیمارکیش مێرشک هاوبەشە. پتر بەرەو باشوور برۆین، لە بلۆکی بەرانان، کۆمپانیای تۆتاڵی فەرەنسی خەریکی کارکردنە، لە قەرەداغ کۆمپانیا بەتوانا موحافزکارەکەی ئەمریکی شێڤرۆن لە مەیدانە، ئەگەر زیاتر بەرەو گەرمیان بچین، یەکێک لە بلۆکە هەرە سەرنجڕاکێشەکانی کوردستان پێشکەش بە بەهێزترین کۆمپانیای جیهان ئێکسۆن مۆبیل کراوە. نازانم بوونی ئەو لەشکرە لە کۆمپانیای رەسەن و خاوەن نوێترین تەکنەلۆژیا و پاڵپشتیی دارایی سەرسوڕهێنەر، چۆن دەکرێت گومان بکەیت لە نیازی حکومەتی هەرێمی کوردستان کە گوایە بە پیلان ژمارەیەکی کەمی کۆمپانیا بۆ ئەو ناوچانە دەنێرێت بە مەرامێکی سیاسی؟!. هەندێک لە چاودێران نازانن، کۆمپانیا گەورە و رەسەنەکان، خۆیان بە سەختی رازی دەبن کە شەریک قەبووڵ بکەن و تەماحیان لەوەیە کێکەکە بەتەنیا بخۆن، بەڵام کۆمپانیای بچووک و لاواز لەڕووی دارایی و تەکنەلۆژی، زۆرتر خوازیاری دۆزینەوەی شەریکن، هەر بۆیە لە هەندێک کێڵگە دەبینین چەندین کۆمپانیای بچووک یەکدەگرن بۆ ئەوەی لەڕووی دارایی و تەکنەلۆژی بتوانن لە ئاست کار و چالاکییەکانی دۆزینەوە و دەرهێنانی نەوتدا بن. ئەو کۆمپانیایانەی کە لە دەوروبەری سلێمانیش کار دەکەن، لەو جۆرە کۆمپانیا رەسەن و پتەوانەن کە هەم لەڕووی تەکنەلۆژی هەم لەڕووی دارایی، زۆر حەز بە شەریک ناکەن، هەتا ئەوکاتەی بۆیان بلوێت. سەرۆک وەزیرانی هیندستان Manmohan Singh ساڵی 2000 هانای بۆ سەرۆکی پێشووی ئەمریکا جۆرج بوش هێنا بۆ ئەوەی ئێکسۆن مۆبیل کۆمپانیای نیشتیمانیی هیندی بەشدار بکات لە پشکی چەند ناوچەیەکی کەنارەکانی دوورگەی Sakhalin لە رووسیا، بوش بە سەرۆک وەزیرانی هیندستانی راگەیاند کە کەس ناتوانێ بە ئێکسۆن مۆبیل بڵێت چی بکات. هەر بۆیەش لە بلۆکەکانی قەرەهەنجیر و عەربەت و بلۆکی بێتواتە و پیرمام و باشیک و ئەلقوش، ئێکسۆن مۆبیل خۆی تەنها خاوەن ماڵە، کەس ناکات بە هاوبەش و لە شوێنێکیش ئێکسۆن مۆبیل بوونی هەبێت وەک ئەوە وایە دەیان کۆمپانیای بچووک و مامناوەندیی لێبێت. بێگومان کۆمپانیاکانی دیکەش کە لە سلێمانی کار دەکەن وەک تۆتال و گازپرۆم تا رادەیەک، لە زەبەلاحیدا هاوشانی ئێکسۆن مۆبیلن. رەنگبێت لە ئایندەدا بە خواستی خۆیان بێت یان لەژێر فشاری یاسای نەوت و گازی کوردستان، ئەو کۆمپانیایانە هاوبەش بۆ خۆیان پەیدا بکەن و ئەو قەرەباڵغییە دروست بێت کە راپۆرتەکەی سایتی سبەی پێی گرنگە!.

راستییەکی حاشا هەڵنەگریش هەیە، کاتێک کۆمپانیایەک دەچێتە وڵاتێک، یەکێک لە پێوەرە هەرە گرنگەکانی، بەدەر لە پارامیتەری زەویناسی و سیاسی، پارامیتەری رێچکەی بەبازاڕکردنە، کۆمپانیاکان هەمیشە بیر لەوە دەکەنەوە لە کام رێگاوە نەوتی بەرهەمهێنراو رەوانەی دەرەوە بکەن، هەر ئەم هۆکارەش بوو کە کۆمپانیای نەرویجی DNO تاوکێی هەڵبژارد بە ئومێدی ئەوەی بە ئاسانترین و خێراترین شێوە نەوت لە رێگای تورکیاوە هەنارده بکات. هەربۆیەش لە ناوچەکانی دەوروبەری پارێزگای دهۆک جگە لە پارامیتەری زەویناسی و ئارامیی سیاسی، پارامیتەری نزیکبوون لە تورکیاش سەرنجی کۆمپانیاکانی نەوتی راکێشا. کۆمپانیا کە دێتە وڵاتێک زۆربەی جارەکان خۆی پێداگری دەکات لەسەر ئەوەی کە لە چ شوێنێک کاری پشکنین ئەنجام بدات، هەر ئەوەش بووەتە هۆیەکی گرنگی پێشبڕکێ، کێ دەتوانێت باشترین شوێن هەڵبژێرێت کە کەمترین ریسکی سیاسی و زەویناسی و لۆجیستیکی لەخۆ بگرێت. چونکە دۆزینەوەی نەوت هێندە کارێکی ئاڵۆزە، پەیوەستە بە چەندین پارامیتەری تێکهەڵکێشی ئاڵۆز لە ڕووی زانستی زەویناسی. لە پیشەسازیی نەوت و گازدا حیکمەتێک هەیە دەڵێت: نەوت لەو شوێنەیە کە دەیدۆزییەوە، واتە هیچ خەیاڵپلاوێک و عەسایەکی سیحری دادت نادات. زۆربەی زۆری ئەو نەوتەی کە دۆزراونەتەوە تاوەکو ئێستا، لە دەرەوەی پارێزگای سلێمانین، ئەویش چونکە، زەویناسیی سلێمانی و دەوروبەری لەبار نین. بەو هیوایەم، کۆمپانیا ناودارەکانی کە ئێستا لەو شارە خۆشەویستەی کوردستان کار دەکەن، بتوانن کۆنسێپتی نوێ بخەنەڕوو، بەپێچەوانەی چەمکی پرۆفیسۆر کەمال حاجی و بە پێچەوانەی دەرئەنجامی ئەو وتارەی منیش، دۆزینەوەی نەوت لە سلێمانی هاوتا نەبێت بە دۆزینەوەی کەشتیی نوح لە جەمسەری باشوور.



(فۆتۆ: فەرزین حەسەن)

# "بۆ یەک نەخۆشی 21 نەخۆشییان لێ دۆزیمەوە"



سەروەر سالار
رووداو- سلێمانی

کاوە حوسێن، 30 ساڵ، رۆژنامەنووسێکی شاری سلێمانییە، لەو تەمەنەدا زۆرتر لە 13 هەزار دۆلاری بۆ باری تەندروستیی خۆی خەرج کردووە بێ ئەوەی بە دروستیی بزانێ نەخۆشییەکەی چییە. ئەو دەڵێت "بۆ یەک نەخۆشی سەردانی 21 پزیشکی شاری سلێمانیم کردووە، سوێند بە خوا هەر 21 پزیشکەکە 21 نەخۆشی جیاوازیان لێ دۆزیمەوە و 21 چارەسەری جیاوازیان بۆ نووسیوم".

کاوە حوسێن لە پزیشکی کورد نائومێد بووە و دەڵێت چیدی متمانە بە قسە و ئەنجامی پشکنینەکانیان ناکات و دڵنیایە ئەگەر بچێتە لای بیست و دووەمین دکتۆر، نەخۆشییەکی دیکەی لێ دەبینێتەوە.

ئەمە بە تەنیا کێشەی کاوە نییە، زۆر خەڵکی دیکەش بە دەست دەستنیشانکردنی جیاوازی پزیشکەکانەوە دەناڵێنن، بەڵام پزیشکەکان دەڵێن مەرج نییە هەموو جیاوازییەکی تەشخیس لە نەخۆشێکدا هەڵە و نائاسایی بێت.

د.زانیار نووری، پزیشکی پسپۆڕی هەناوی، بە (رووداو)ی گوت "ئاساییە ئەگەر پزیشکەکان رای جیاواز بدەن لەسەر رێوشوێنی چارەسەر و پێشبینیکردنی نەخۆشییەک، بەڵام ئەگەر رای جیاواز لەسەر دەستنیشانکردنی نەخۆشییەکە بێت، یەکێکیان بڵێت شەکرەتە و یەکیان بڵێت شەکرەت نییە، ئەوە کارەساتە".

هەر لەوبارەوە د.فەرەیدوون جاف، پزیشکی نەشتەرگەریی دڵ و بۆریەکانی خوێن دەڵێت "شێوازی شیکردنەوەی نەخۆشییەکە بۆ نەخۆش و تەنانەت چارەسەرییەکانیش دەکرێ لە پزیشکێکەوە بۆ یەکێکی دیکە جیاواز بن، بەڵام هەڵە دەستنیشانکردنی نەخۆشی، ئەوە هەڵەیە و نابێت روو بدات".

ئەی کاوە حوسێن چۆن بزانێت کامە پزیشک راستە لە دەستنیشانکردنی حاڵەتەکەی؟ د.زانیار دەڵێ "هیچ کات نەخۆشەکە ناتوانێت بزانێت کام دکتۆریان راستە! ئەمەش قەیرانەکەیە، نەخۆشەکە دەگەڕێت بۆ رای جیاواز و لە کۆتاییدا خۆشی نازانێت کام دکتۆریان راستە، چونکە زانستی پزیشکی زۆر ئاڵۆزە و تەنیا دەرچووی کۆلێژی پزیشکی درکی پێدەکات".

## هۆکار چییە؟

کاوە حوسێن بەهۆی سەردانی ژمارەیەکی زۆر لە پزیشکان، لە ئەزموونی تایبەتی خۆیەوە، هۆکاری ئەو جیاوازی خوێندنەوەیە دیاری دەکات "لەبەر زۆریی نەخۆش، پزیشک کاتی تەواو نادات بە نەخۆش بۆ ئەوەی لێی تێبگات. نۆرینگەی دکتۆر هەبووە 3 و 4 نەخۆشی بەجارێک کردووەتە ژوورەوە، ئەمە لەکاتێکدایە لەکاتی تەواوکردنی کۆلێژی پزیشکی سوێند دەخۆن کە نهێنیی نەخۆشەکانیان بپارێزن "

د.زانیار پێیوایە بەشێک لە هۆکارەکان بۆ نەخۆش دەگەڕێتەوە "نەخۆش نابێت بۆ یەک نەخۆشی بچێتە لای چەندین پزیشکی پسپۆڕ، چونکە ئەوانە هەریەک لە پەنجەرەی پسپۆڕێتیی خۆیانەوە نەخۆشییەکە دەخوێننەوە، پێویستە بۆ هەر حاڵەتێک، نەخۆش بچێتە لای پزیشکی گشتی یان پزیشکی هەناو، ئەگەر حاڵەتەکە سادە بوو، ئەوان راستەوخۆ چارەی دەکەن، خۆ ئەگەر ئاڵۆزیش بوو بەپێی شارەزایی خۆیان نەخۆشەکە بۆ لای پزیشکێکی پسپۆڕ دەنێرن".

د.رێبوار حەمەغەریب، پزیشکی پسپۆڕی نەخۆشییە دەروونییەکان پێیوایە بە هەند وەرنەگرتنی نەخۆشییە دەروونییەکان هۆکارێکی هەڵە دەستنیشانکردنی نەخۆشییەکانە "هەندێکجار نەخۆشیی دەروونی بە نیشانەی جەستەیی خۆی دەنوێنێ و پزیشکەکان تەنیا سەرکوتی نیشانەکان دەکەن، بێ ئەوەی هۆکاری بنەڕەتیی حاڵەتەکە بدۆزنەوە کە رەنگە نەخۆشییەکی دەروونیی وەک خەمۆکی بێت، یان خەمۆکییەکە بە هەڵە وەک نەخۆشییەکی جەستەیی دەستنیشان دەکەن".

## پلانەکەی وەزارەتی تەندروستی

بەرپرسانی وەزارەتی تەندروستی لەو باوەڕەدا نین تەنیا هۆکاری دیاردەکە قەرەباڵخیی یەکە تەندروستییەکان بێت.

د.خاڵس قادر گوتەبێژی وەزارەت بە (رووداو)ی گوت "قەرەباڵخیی هۆکارێکە، بەڵام هەندێکجار سروشتی نەخۆشییەکە وەهایە کە ئاڵۆزە و درەنگ دەستنیشان دەبێت، لەو ماوەیەش نەخۆش سەردانی چەندان پزیشک دەکات، یاخود نەخۆشییەکە پەیوەندی بە پسپۆڕیی ئەو پزیشکەوە نییە و بە نەخۆشەکەش ناڵێت کە ئەوە پەیوەندی بە فڵانە پزیشکەوە هەیە، یاخود پزیشکەکە لە شوێنێکە کە هەموو پشکنینە تاقیگەیی و تیشکییەکانی لێ نییە. لەوانەشە هۆکار پەلەکردنی پزیشک و دابیننەکردنی کاتی پێویست بێ، بۆ گەیشتن بە دەستنیشانکردنی حاڵەتەکە".

گوتەبێژی وەزارەتی تەندروستی حکومەتی هەرێمی کوردستان دەڵێت پلانیان بۆ رووبەڕووبوونەوەی دیاردەکە، کەمکردنەوەی قەرەباڵخیی یەکە تەندروستییەکانە "دەستمان بە فراوانکردنی بەشەکانی پزیشکیی خێزانی کردووە، دوو بنکەی پزیشکی خێزانیی نموونەییمان لە هەولێر و سلێمانی کردووەتەوە. ژمارەی نەخۆشخانە پسپۆڕییەکانمان زیاد کردووە".

### چارەسەر چییە؟

د.زانیار نووری چەند پێشنیازێکی بۆ چارەسەری دیاردەکە هەیە، ئەوانیش:

1- نەخۆش سەرەتا تەنیا بچێتە لای پزیشکی گشتی یان هەناوی.

2- پزیشکی گشتی یان هەناوی ئەوەندە راهێنراو بێت کە حاڵەتە سادەکان لە مەترسیدارەکان جیابکاتەوە، ئەوەش رەنگە پێویستی بە خولی پزیشکیی خێزانی بێت.

3- دەبێت رێگای چوونی نەخۆش بۆ لای پزیشک تەسک بکرێتەوە، نەخۆش نەتوانێت بە ویستی خۆی بچێتە لای ئەو پزیشکەی خۆی دەیەوێت، خۆی داوای جۆری پشکنین یان چارەسەر و نەشتەرگەری نەکات، بەڵکو بوار بە زانستی پزیشکی بدات ئەو بڕیارانە بدەن، چونکە لەوانەیە پزیشکێک هەبێت بێ ویژدان بێت و ببێتە هۆی بەهەڵە چارەسەرکردنی نەخۆشییەکە و دواتر بڵێت نەخۆشەکە خۆی سوور بووە لەسەر ئەوە.

4- جیاکردنەوەی کاری حکومی و ئەهلی لە یەکدی.

5- هەموو کەناڵێکی راگەیاندن بەرنامەی تەندروستی هەبێت، لە رێگەی ئەم بەرنامەیەوە رێنمایی بدرێتە هاووڵاتیان کە لە چ حاڵەتێکدا سەردانی پزیشک بکەن.

5 راستی دەربارەی لەبارچوونی منداڵ

# هێلکە و تۆوەکانتان لە بانکی پزیشکی هەڵبگرن



رووداو- مێلسکۆم

دەگوترێت خەڵکی کەمتر باسی ئەزموونەکانی لەبارچوونیان دەکەن و ئەو بابەتە لەنێو کۆمەڵگەدا وەک بابەتێکی لێڵ و نامۆ ماوەتەوە.

مانگی رابردوو مارک زوکەربێرگ، خاوەنی تۆڕی کۆمەڵایەتیی فەیسبووک گوتی، دوای سێ ئەزموونی لەبارچوون، ئەو و هاوژینەکەی چاوەڕوانی منداڵەکەیان دەکەن لەدایک ببێ. زوکەربێرگ گوتی وەک هاندانێک بۆ خەڵکی، ئەو راستییەم ئاشکرا کردووە تاوەکو لەلایان ئاسایی ببێتەوە باسی ئەزموونەکانی لەبارچوونیان بکەن و ببێتە بابەتی دیبەیت و دۆزینەوەی چارەسەر.

ئەو دانپێدانانەی زوکەربێرگ کە لەسەر تۆڕی کۆمەڵایەتیی فەیسبووک بڵاوی کردەوە، ئەوەندە سەرنجراکێش بوو کە 1.7 ملیۆن لایک کراو و 117 هەزار جاریش شەیر کرا.

دوای ئەو پۆستەی زوکەربێرگ، بابەتی لەبارچوون زۆرتر بووەتە جێی باس و خواسی رۆژئاواییەکان.

## ئەمانە پێنج راستین دەربارەی لەبارچوون:

**1- لەوە بڵاوترە کە بیری لێ دەکەیتەوە:**

پێت سەیر نەبێ ئەگەر بزانی 25-30%ی هەموو سکپڕییەکان بە لەبارچوون کۆتاییان دێت. ئەم رێژەیە لەگەڵ تێپەڕبوونی تەمەن زیاد دەکات. بۆ نموونە ئەو ژنانەی لە بیستەکانی تەمەندان ئەگەری لەبارچوونیان 9-17%یە. لە 35 ساڵیدا ئەگەرەکە دەگاتە 20% و لە چلەکاندا 40% و لە 45 ساڵیدا دەگاتە 80%، ئەوەش بەپێی ئاماری کۆمەڵەی ئەمریکی بۆ نەخۆشییەکانی ژنان و منداڵبوون.

**2- تەمەنی باوکیش رۆڵی هەیە:**

ئەوە تەنیا تەمەنی دایک نییە کە ئەگەری لەبارچوون زیاد دەکات، بەڵکو تەمەنی باوکی کۆرپەکەش رۆڵ دەبینێ. بەپێی توێژینەوەیەکی زانکۆی کۆڵۆمبیا، ئەو پیاوانەی تەمەنیان 40 ساڵ و زیاترە، ئەگەری لەبارچوونی منداڵەکانیان بەڕادەی 60% زیاد دەکات. خۆ ئەگەر ژنەکە تەمەنی سەرووی 35 ساڵ و پیاوەکە سەرووی 40 ساڵ بێت، ئەوە ئەگەرەکە زۆر زیاترە. توێژینەوەیەکی دیکە دەریخستووە کە تەمەنی پیاو ئەگەر بگاتە 35 ساڵ و زیاتر، ئەگەری لەبارچوونی منداڵەکەی بەڕادەی 27% زیاد دەکات.

**3- دووبارەبوونەوەی مەترسیدارە:**

ئەگەر لەسەریەک 2-3 جار منداڵت لەبارچوو، دەبێت سەردانی پزیشکێکی پسپۆڕ بکەیت. چونکە هەندێکجار نەخۆشی و حاڵەتێکی ئەوتۆ هەیە کە دەستێوەردان لە سکپڕی دەکات و لەباری دەبات، چارەکردنی ئەو نەخۆشی و حاڵەتەش رەنگە کۆتایی بە گرفتەکە بهێنێ.

لە نموونەی ئەو حاڵەتانەش: زۆر کلۆبوونی خوێن، ناتەواوی لە شێواز و پێکهاتەی منداڵدان، ناتەواوی لە کۆئەندامی بەرگری و هۆکاری بۆماوەیی.

نەخۆشییەکانی پەیوەست بە کلۆبوونی خوێن و ناتەواویی کۆئەندامی بەرگری دەکرێ بە دەرمان چارە بکرێن، ناتەواویی توێکاریی منداڵدان بە نەشتەرگەری چارە دەبێت، بەڵام چارەی حاڵەتە بۆماوەییەکان سەختە و رەنگە پزیشک پێشنیازی منداڵی بلووریت بۆ بکات.

**4- ناتەواویی کرۆمۆسۆمەکان:**

تۆو 23 کرۆمۆسۆم و هێلکە 23 دانەی هەیە و یەکگرتنی هەردووکیان خانەیەکی ئاسایی 46 کرۆمۆسۆمی دروستدەکات. کاتێک هێلکەی پیتێنراو ژمارەیەکی نائاسایی لە کرۆمۆسۆمی هەیە، جا کەم بێت یان زۆر، ئەگەری لەبارچوون زۆر زیاتر دەبێت.

هێلکەی ژنانی بەتەمەن ئەگەری زیاترە ژمارەیەکی نائاسایی لە کرۆمۆسۆمی هەبێت. بۆیە ئامۆژگاریی ژنان دەکرێت لە تەمەنی گەنجییاندا هێلکەی کواڵێتی باش لە بانکە پزیشکییەکاندا هەڵبگرن ئەگەر بە نیاز نین زوو منداڵ دروست بکەن. بۆ پیاوانی بەتەمەنیش هەمان شت راستە سەبارەت بە تۆوەکانیان.

**5- پێویست بە چاوەڕوانیی ناکات:**

جاران دەگوترا ئەگەر ژنێک منداڵی لەبارچوو، دەبێ سێ مانگ چاوەڕێ بکات بەر لەوەی جارێکی دیکە هەوڵی دروستکردنی منداڵ بداتەوە. بەڵام زانستی پزیشکی مۆدێرن لەگەڵ ئەمە نییە و دەڵێت ئەگەر هەر دوای لەبارچوون منداڵت دروستکردەوە، ئەگەری لەبارچوونت زیاتر ناکات. لە ژنانی بەتەمەندا کات کوشتن و دواخستنی منداڵ دروستکردن دوای لەبارچوون، کردەوەیەکی نازانستییە، چونکە لەواندا هەر سوورێکی مانگانە سەنگی خۆی هەیە و دەبێت سوود لە هێلکەکە وەربگیرێ، ئەویش بەهۆی ئەوەی لەگەڵ بەرەوپێشچوونی تەمەن کواڵێتی هێلکەکان خراپتر دەبێت و بەوەش ئەگەری لەبارچوون زیاتر دەکات.



دکتۆر ئیکرام حوسێن

# کۆچی پزیشکان قەرەبوو ناکرێتەوە

باو باوی کۆچە بۆ دەرەوەی کوردستان و لەو باوەشدا پزیشکان پشکی شێریان بەردەکەوێت. ئەوە لەدەستچوونی سەروەتێکی گەورەی نیشتمانییە، جۆرێکی سەروەت کە لەکیس چوو، ئیتر قەرەبوو ناکرێتەوە.

کامە پزیشکەی کوردە و هاونیشتمانیی ئەم کوردستانەیە، کامە زۆرترین گلەیی لەسەرە، چەندین گیانی لە مردن رزگار کردووە، چارەسەری نەخۆشی کردووە و گەرمی و ساردیی چەشتووە، ئەوە جگە لەوەی خوێندکارێک لە باخچەی ساوایانەوە تا دەگاتە کۆلێژی پزیشکی و تا قۆناغەکانی کۆلێژی پزیشکی تەواو دەکات و دواتریش وەک پزیشکی خولاو و پلەبەند و پاشانیش پسپۆڕی وەردەگرێت، لانیکەم زیاتر لە 300 هەزار دۆلار لەسەر حکومەت دەکەوێت، بەڵام لەبەر بێ هیوایی بەم وڵاتە، خۆی و زانستەکەی و 300 هەزار دۆلارەکەش دەباتە وڵاتێکی دیکە.

خراپترین خاسیەتی کۆچکردنی پزیشکان ئەوەیە، زیاتر پزیشکە زۆر زیرەکەکان کۆچ دەکەن، ئەوانەی خوا بۆ ئەوە خەڵقی کردوون ببنە پزیشک، هەمیشە خەریکی خوێندنەوە و توێژینەوەن و ئاستێکی بەرزی زانستییان هەیە، هەموو ژیانیان پێشکەش کردووە بە پیشەکەیان، بەڵام کاتێک رێیان دەکەوێتە وەزارەت یان بەڕێوەبەرایەتییەک، ئەو هەموو رۆتینە دەبینن، کاتێک سێ مانگ مووچە وەرناگرن، کاتێک ئەو هەموو جنێوەیان پێدەدرێت، مێشکیان ئیتر هەڵیناگرێت و جگە لە بەجێهێشتنی وڵات چارەیەکی دیکەیان نامێنێ.

خراپیی پزیشکان، تەنها بۆ خراپیی خۆیان ناگەڕێتەوە، بۆ خراپیی وڵاتەکە دەگەڕێتەوە کە لە بەڕێوەبەری ناحیەیەکەوە تا بەرزترین دەسەڵاتی ئەم وڵاتە کێشەی هەیە، هەموو میللەت خەریکی سیاسەتە و هەموومان فێری جوێنفرۆشی بووین، چونکە لە جوێندان زیاتر، دەسەڵاتێکی دیکەمان نییە، بەڵام ئەوانەی دەسەڵاتی جێهێشتنی وڵاتیان هەیە، لە جیاتی جنێو، دەڕۆن و جێیدەهێڵن.

ئەو پزیشکانەی لێرە جێیان نابێتەوە، ئەو پزیشکانەی لە زانکۆ سەقەتەکانی هەرێمی کوردستان خوێندنیان تەواو کردووە، ئەوانەی خەڵکی ئەم وڵاتە پێیان رازی نابن و بەردەوام قسەی رەق لە روویان دەدەن، هەر ئەوانە وڵاتێکی پێشکەوتووی وەک ئەڵمانیا ئامادەیە وەریانبگرێت و مافی مانەوە و دواتریش رەگەزنامەیان پێبدات.

چەند پزیشکێک بەرتیل دەخۆن و ناهەقی دەکەن، برادەر هەیە لەو ئەوروپایەوە هاتووەتەوە و لێرە خۆی بە دکتۆر ناساندووە، بە پشتگیری برادەرانی حیزبیش بە فەرمی کراوەتە دکتۆر، وەک ئەوەی دکتۆری تەنیا قات لەبەرکردن بێت، پاشانیش کە نازانێت چارەسەری نەخۆش بکات، یان کە دەیکەنە بەرپرسی شوێنێک و نازانێت کاروبار چییە، گۆزەکە لەسەری هەموو پزیشکاندا دەشکێت، ئاخر لەم وڵاتەدا، لە سیاسییەکان زیاتر جنێو بە پزیشکان دەدرێت، بەڵام کاتێک کۆچ دەکەن بۆ وڵاتێکی دیکە، هەر ئەو پزیشکانەی لێرە رێزیان لێ ناگیرێت، لەو وڵاتانە بەهۆی داهێنانەکانیانەوە دەبنە مانشێتی رۆژنامەکان، لێرەش بەرپرسان بە هاوردەکردنی پزیشکی هیندی هەڕەشە لە پزیشکانی کوردستان دەکەن.

رێگای کۆچکردن بۆ پزیشکان ئاسانترە، پزیشکان شوێن پرۆگرامەکانی ئەڵمانیا و کەنەدا دەکەون و هەندێکیشیان بۆ ئەمریکا کۆچ دەکەن، ئەوانەشی کە دەڕۆنە بەریتانیا بۆ خوێندن، هەندێکیان گەڕانەوە بۆی مسۆگەر دەکەن و بۆی دەگەڕێنەوە، لە کۆچی پزیشکانیشدا، زۆرترین چانس بۆ زیرەکەکانە، پزیشکە بلیمەتەکان ئاسانتر فرسەتی کۆچکردنیان دەست دەکەوێت، وڵاتانیش باشتر پێشوازییان لێدەکەن.

ئێوە هەر خەریکی کۆبوونەوەی پێنج قۆڵی بن، هەموو یاساکان بگۆڕن و چۆنتان دەوێت بە بەری خۆتان بیدوورن، با نەخۆشەکانی ئێمە بێ چارە بمێننەوەو پزیشکە بلیمەتەکانمان بڕۆن خزمەتی وڵاتان بکەن.

ھەمەجۆر
ژمارە (372) دووشەممە 2015/8/24

## کوردستان بە کرێ دەدرێت



**پشتیوان جەمال / رووداو- سلێمانی**

نوێترین بەرھەمی شانۆیی د.شێرکۆ عەبدوڵڵا لە پرۆڤەکردندایە بۆ ئەوەی لە داھاتوویەکی نزیکدا نمایش بکرێت. وڵاتێک بۆ کرێ، ناونیشانی شانۆگەرییەکی کۆمێدییە کە تێکستەکەی لەلایەن د.شێرکۆ عەبدوڵڵاوە نووسراوە. د.شێرکۆ بە (رووداو)ی گوت "شانۆییەکە باسی رووداوەکانی ئێستای ھەرێمی کوردستان و عێراق دەکات". چەند ھونەرمەندێکی دیاری شاری سلێمانی شانۆگەرییەکە نمایش دەکەن، لەوانەش رزگار باھیر، حیکمەت ھیندی، نەرمین قادر و سامان عوسمان. بورھان قەرەداخیش دەرھێنەری شانۆگەرییەکەیە.

## سوپەرستارەکەی کرواتیا بۆ پێشمەرگە ئامادەیە



**دەریاز یونس**
**رووداو- زەکریب**

کریستینا ڤوکاس، سوپەرستار و گۆرانیبێژی بەناوبانگی کرواتی دەڵێت "ئامادەیە بە زمانی کوردی گۆرانی بۆ پێشمەرگە بڵێت".

ڤوکاس، لە چەند رۆژی رابردوودا نوێترین کلیپی گۆرانییەکانی خۆی بەناوی مامی می، مامی بە زمانی کرواتی بڵاوکردەوە، پلانیشی ھەیە لە داھاتوودا لەگەڵ ئەستێرەیەکی ئەمەریکی بەیەکەوە گۆرانی بڵێن.

کریستینا ڤوکاس، لە لێدوانێکی تایبەتدا بە (رووداو)ی گوت "زانیاری زۆرم لەسەر پێشمەرگە ھەیە، کرواتییەکان بەگشتی کورد و کوردستان و پێشمەرگە دەناسن، ئامادەم بەبێ بەرامبەر گۆرانی بەزمانی کوردی و کرواتی و ئینگلیزی بۆ پێشمەرگە بڵێم".

## کاتی مستەفا رەئوف بەسەرچوو



**میوا سەلاح**
**رووداو- ھەولێر**

سبەی (سێشەممە) ساڵێک بەسەر کۆچی دوایی میوزیکژەنی کورد مستەفا رەئوف تێدەپەڕێت و لە ساڵیادەکەیدا فیلمێکی دۆکیومێنتاری بەناوی "کات چۆن بەسەرچوو؟" نمایش دەکرێت.

ماندی مستەفا دەرھێنەری فیلمەکە بە (رووداو)ی راگەیاند" لەسەر ئەرکی خۆمان وەک بنەماڵەی ھونەرمەند فیلمێکی دۆکیومێنتاریمان لەسەر کار و چالاکی و بەخششەکانی ئەم ھونەرمەندە بەرھەمھێناوە، سبەی لە مەراسیمێکدا لە ھۆڵی رۆشنبیریی ھەولێر بۆ یەکەمجار نمایش دەکرێت".

ماندی دەربارەی ستافی فیلمەکە گوتی "من خۆم کاری دەرھێنانم بۆ کردووە، ئارام عومەر و ئیڤان حوسێن کاری وێنەگرتنیان گرتووەتە ئەستۆ. مەسعود مستەفاش مۆنتاژی فیلمەکەی کردووە". ماوەی فیلمەکە 26 خولەکە.

مستەفا رەئوف، لە تیپی میوزیکی ھەولێر ئامێرەکانی عوود و ئۆکۆردیۆن و قانونی ژەنیوە، ساڵانێکی زۆر لەو بوارەدا جێدەستی دیار بووە. ئێوارەی رۆژی 2014/8/25 بەھۆی نەخۆشیی شێرپەنجەوە کۆچی دوایی کرد.

## جەمشید دەیکاتەوە بە فارسی



**رووداو- ھەولێر**

نوێترین بەرھەمی گۆرانیبێژی رۆژھەڵاتی کوردستان جەمشید بە زمانی فارسی بڵاودەکرێتەوە.

جەمشید لەبارەی ناوەڕۆکی ئەم کلیپە بە (تۆڕی میدیایی رووداو)ی راگەیاند "ئەم گۆرانییە مێژوویەکی کۆنی ھەیە، تێکستەکەشی زۆر زەحمەتە، بەڵام من توانیومە بەشێوازێکی تازە کاری لەسەر بکەم و گۆرانییەکە زیندووبکەمەوە، لە گۆرانییەکی سلۆ گۆڕیومە بۆ ریتمێکی شاد".

جەمشید گوتیشی "گۆرانییەکە لە یەکێک لە ستۆدیۆ بەناوبانگەکانی لۆس ئەنجلس کاری وێنەگرتنی بۆ کراوە، لەنێو کلیپی گۆرانییەکەدا چەند سەماکارێک کە سەمای جۆراوجۆر دەکەن، گۆرانییەکەیان رازاوەتر کردووە".

## بەختی رووداو



ئامادەکردنی: ئایار فەلەکی ayarfalak@hotmail.com

**کاوڕ**: دوودڵیت لە پەیوەندیی خۆشەویستی ژیانی ئاڵۆز کردووی، بە تایبەتی لە کارکردندا، لەم ھەفتەیەوە ھەندێک لە کارەکان رێکدەخەیتەوە، تەندروستیت بەرەو باشبوونی یەکجاری دەچێت.

**گا**: گرفتی خۆشەویستی بەرەو چارەسەر دەچێت، بیر لە کارە گرنگەکان بکەرەوە، لەم ھەفتەیەدا بەھۆی ھەواڵێکەوە گەشبین دەبیت و ماڵئاوایی لە خەمەکانت دەکەیت. باری دارایی گۆڕانی بەسەردا نایەت.

**جمک**: ھەفتەیەکی پڕ لە چالاکی دەبێت بۆ تۆ، سۆز و خۆشەویستی لەنێو ماڵ و لەگەڵ ئەندامانی خێزان بەھێز دەکەن. بڕیار دەدەی کۆتایی بە خەمێکی گەورە بھێنی و بۆ ھەتاھەتایە لەیادی بکەیت.

**قرژاڵ**: دیدار و گەڕانەکان دەستپێدەکەنەوە، دەتوانی بەشداری خولێکی فێربوونی نوێ بکەیت، ھاوڕێی نوێ دەناسیت و رەنگە بتوانن پرۆژەی ھاوبەش جێبەجێ بکەن. بیرکردنەوەت لەبارەی داراییەوە زۆرتر دەبێت.

**شێر**: لەم ھەفتەیەوە ھەوڵەکانت لە دەسکەوت و دەرامەت بەگەڕبخە، چونکە لەچەند لایەکەوە سەرچاوەی دەستکەوتنی پارە دەرەخسێ. کارەکانی داھاتوو زۆرن و ھەریەکەیان پێویستیان بە بڕە پارەیەکی ئامادە دەبێت.

**گوڵەگەنم**: بەھۆی بوونی ئەستێرەی ژوپیتەر لە کەلوەکەتدا ساڵێکی بەختەوەری نوێ لە ژیانت دەستپێدەکات، پەیوەندیت لەگەڵ کەسە گرنگەکان بەھێز دەبێت، پلەو پایەیەکی بەرزی کۆمەڵایتیت دەبێت کە پێشتر ئاواتت بۆ دەخواست.

**تەرازوو**: رووداوەکانی رابردوو خەمبارییی زۆری بۆ ھێنایت، بڕیارێکی نوێ دەدەی کە لە ماوەکانی داھاتوودا بە ھێمنی و ئاشتی ژیان بەسەر بەریت و خۆت لە گرفت بەدوور بگریت، ئەم بڕیارەش رێگەیەکی باش دەبێت بەرەو سەرکەوتن.

**دووپشک**: لەم ساتەی ژیانەوە دەکەویتە ماوەیەکی بەختەوەریی نوێوە. ئەو کارانەی لە رابردوودا شکستت تێدا ھێناون، لێرە بەدواوە دەتوانی سەرکەوتووانە جێبەجێیان بکەی. بیرکردنەوەی زۆرت کەم بکەرەوە و خۆت لە گوشاری دەروونیی بەدوور بگرە.

**کەوان**: چالاکی و خۆڕاگری دوو ھۆکاری گەورەی سەرکەوتنن، لەم ماوەیەدا بەو دوو ھۆکارە سەرجەم بەربەستەکان تێکدەشکێنی و دەرگای بەختەوەری نوێت لێ دەکرێتەوە. پەیوەندیت لەگەڵ کەسانی بەتەمەن باش دەبێت.

**کارژۆلە**: دەرگایەکی نوێی بەختەوەریت لەرووی سەفەری درێژخایەن بۆ دەکرێتەوە، ھەواڵێکی خۆش دەربارەی کارێک دەبیستی کە پێشتر نائومێدی کردبووی. وتەکانت کاریگەری لەسەر ھاوسۆز یان ھاوسەرەکەت دەبێت.


**سەتڵ**: کاتێکی باش نییە بۆ ھەر دەستپێشخەرییەکی ئەڤینداری، کاتێکیش دوا دەکەوێت ئەنجامێکی باشتری دەبێت. بەگەشبینییەوە لە کارە نوێیەکەت بڕوانە و ھەوڵ بدە ئاسوودە بیت لەگەڵ چواردەورەکەت.

**نەھەنگ**: کۆنترۆڵی میزاجت بکە و عینادیت بگۆڕە بۆ خۆگونجاندن، خۆت لە ململانێ بەدوور بگرە. خەڵک ھەوڵی نزیکبوونەوە لە تۆ دەدەن، ماوەیەکی بەختەوەریی گرنگ لە ژیانت دەستپێدەکات.

## کورد بە ئەسپی رەش دەچنە کۆریا

**میوا سەلاح**
**رووداو- ھەولێر**

فیلمی بیرەوەریی ئەسپە رەشەکەی دەرھێنەری کورد شەھرام عەلیدی لە فێستیڤاڵی سینەمایی بوسانی نێودەوڵەتی لە کۆریا وەرگیراوە کە بڕیارە لە 1ی ئۆکتۆبەری ئەمساڵ بەڕێوەبچێت.



شەھرام عەلیدی، بە (رووداو)ی گوت "فیلمی بیرەوەریی ئەسپە رەشەکە، لە بەشی پێشبڕکێی سەرەکی فیلمی درێژ لە فێستیڤاڵی بەناوبانگی بوسان وەرگیراوە".

فیلمەکە باس لە کێشەی کورد دەکات، بەڵام پاڵەوانی فیلمەکە ئەسپێکە. ئەو سینەماکارە دەڵێت "فیلمەکە باس لە چەند لاوێک دەکات کە ھەوڵی بڵاوکردنەوەی زمانی کوردی لە گوندەکان دەدەن بۆ ئەوەی لەناونەچێت، بەڵام یەکێک لەوانە کە کچە، شەھید دەبێت، کچەکە وەسیەتی کردبوو ئەسپە رەشەکەی بھێنن بۆ بینینی تەرمەکەی، لە رێگەی بیرەوەرییەکانی ئەو ئاژەڵەوە رووداوەکان دەگێڕدرێنەوە".

## سەیران بە قاچاخ تێیتەقاند



**رووداو- ھەولێر**


کچە گۆرانیبێژی رۆژھەڵاتی کوردستان سەیران ئەحمەد کە چەند ساڵێک بوو لە شاری ھەولێر نیشتەجێ بوو، بڕیاری دا سەفەر بۆ ئەڵمانیا بکات و لەوێ درێژە بەکارەکانی بدات.

سەیران دەربارەی ھۆکاری کۆچکردنی بۆ ئەوروپا بە (رووداو)ی گوت "منیش وەک ھەموو کەسێک حەزم لە پێشکەوتنە، لە کوردستان ھەموو شتێک بووەتە پارە و ھونەر باوی نەماوە. من ھەموو کارە ھونەرییەکانم بۆ کورد بووە نەک بۆ پارە، بەڵام بەداخەوە کەس نەبوو لە من تێبگات".

سەیران پێیوایە لە ئەوروپا باشتر دەتوانێت پەرە بەکارەکانی بدات. ئەو گوتی "لە ئەوروپا دەتوانم زیاتر خزمەت بە ھونەری کوردی بکەم، چونکە لە ئەوروپا گرنگی زیاتر بەھونەر دەدرێت، لەگەڵ ئەوەشدا دەتوانم پەرە بە خوێندنەکەم بدەم".

دوای زیاتر لە 16 رۆژ رۆیشتن بە رێگای قاچاخ، سەیران ماوەی ھەفتەیەکە گەیشتووەتە ئەڵمانیا.

## فۆتۆگرافەرێک چاوەڕێی دەنگە



**رووداو- ھەولێر**

فۆتۆگرافەرێکی کورد کە بە چەند فۆتۆیەکی سروشتی کوردستان بەشداری کێبڕکێیەکی جیھانی کردووە، داوا دەکات دەنگ بە فۆتۆکانی بدەن بۆ ئەوەی پلەی یەکەم بەدەستبھێنێ.

سابیر دری، فۆتۆگرافەرێکی شارۆچکەی سۆرانە و بەشداری لە کێبڕکێیەکی فۆتۆ بۆ وێنەی باڵندەکان لە ھیندستان کردووە. تاوەکو ئێستا 500 فۆتۆ بەشدارییان لە کێبڕکێیەکەدا کردووە و سابیر لە پلەی دووەمدایە.

سابیر دری داوای ھاوکاریی دەکات و دەڵێت "پێویستم بە دەنگی ھەر کوردێکی دڵسۆزە، بە دەنگەکانتان دڵخۆشم، با لەجیاتی سیاسەت بە ھونەر کوردستان پێشبخەین.

لینکی دەنگدان:

Free Bird Photography Contest ←
(Nature Photography Simplified) لە ژێر وێنەکە Vote for This Photo دابگرە.

## خۆڵەمێشی کورد گەیشتە کازان



**میوا سەلاح**
**رووداو- ھەولێر**

سێ فیلمی کوردی بەشداری فێستیڤاڵێکی نێودەوڵەتی دەکەن کە سەرەتای مانگی داھاتوو لە شاری کازانی پایتەختی تەتارستان بەڕێوەدەچێت.

فێستیڤاڵەکە رۆژی 2015/9/5 بەڕێوەدەچێت و سێ فیلمی کوردی بەناوەکانی سیمای خۆڵەمێش، ئاوازی نیوە شەو و #73 بە ناوی ھەرێمی کوردستانەوە بەشداری دەکەن.

شاخەوان ئیدریس، دەرھێنەری فیلمی سیمای خۆڵەمێش بە (رووداو)ی راگەیاند "فیلمەکەم لە بەشی فیلمی درێژ وەرگیراوە و کێبڕکێ لەگەڵ 9 فیلمی بەناوبانگی جیھانی دەکات".

ھەروەھا لە بەشی فیلمی ئەنیمەیشن، فیلمی ئاوازی نیوە شەو کە لە دەرھێنانی کەیھان ئەنوەرە، بەشداری فێستیڤاڵەکە دەکات و فیلمی دۆکیومێنتاری #73 کە لە دەرھێنانی رێکێش شەھبازە، لە بەشی دۆکیومێنتاری فێستیڤاڵەکە وەرگیراوە.

# گرۆتێسک لە ئەدەب و هونەردا

عەزیز حەکیمی

گرۆتێسک، چەمکێکی هونەری و ئەدەبییە، دیاردەیەکی تێکەڵ یاخود پێکدژی پێکهاتوو لە واقیع و خەیاڵە کە دەکرێت دۆخ یا شوێن یا بوونەوەرێکی گاڵتەجاڕی و پێکدژ و نەگونجاو، یاخود ترسێنەر بێت، بۆیە واتای گرۆتێسک دەتوانێ زۆر پێناسە لەخۆ بگرێت.

لە زمانی ئینگلیزیدا وشەی Grotesque بە واتای شتێک دێت کە بە شێوەیەکی بێزارکەر، دزێو یا گاڵتەجاڕییە. بەکارهێنانی ئەو وشەیە لە سەدەی شازدەیەمدا بوو بە باو، بنەمای وشەکە Grotto — ی ئیتاڵییە کە بە واتای ئەشکەوت دێت و ئاماژەیە بۆ ئەو شێوەیانەی کە مرۆڤی سەرەتایی ئەشکەوتنشین، لەسەر دیواری ئەشکەوتەکان وێنایان کردوون.

لەو ڕووەوە کە زۆربەی ئەو شێوەیانە، بنەما هونەرییەکانی سەدەی شازدەیەمیان تێدا نەبوو، بۆ پێناسەکردنی چییەتی هونەریی شێوەکاری ئەشکەوتەکان ، وشەی گرۆتێسک بەکاردەهێنرا، هەندێک لەو شێوەکارییانە زۆر نائاسایین، تێکەڵەی مرۆڤ و ئاژەڵن، بەڵام ئیتاڵییەکان ئەو شێوەکارییانەیان بە بێزارکەر و دزێو و گاڵتەجاڕی دادەنا .

لە سەدەی شازدەیەمدا، وشەی گرۆتێسک چووە ناو ئەدەبەوە، بە تایبەتی ئەدەبی فەڕەنسی. گرۆتێسک زیاتر بۆ باسکردنی دزێوی و نەگونجاویی روخساری فیزیکی و ئەندامانی جەستە بەکاردەهێنرا ، ئەو وشەیە لە سەدەی نۆزدەدا لە بەریتانیا و ئەڵمانیاش بوو بە باو و بە واتای کاریکاتەر یا تەنز (کاریکاتۆری واقیع) بەکاردەهێنرا. ڕۆمانی (پشت کووڕی نۆتەردام) کە تێیدا کاراکتێری سەرەکی ، ڕواڵەتی فیزیکی زۆر بێزارکەرە ، نموونەیەکی کاریگەری گرۆتێسک بوو لە ئەدەبدا.

بەڵام گرۆتێسک هەمیشە ترسێنەر یا بێزارکەر نییە، بۆ نموونە لە چیرۆکی بەناوبانگی (پینۆکیۆ)دا، کوڕە مێردمنداڵەکە ترسێنەر نییە. لە چیرۆکی (ئالیس لە وڵاتی سەمەرە)دا ، هەرچەندە کاراکتێرەکانی دەکرێت وەک خۆیان تۆقێنەر بن، بەڵام هەڵسوکەوتە پێکەنیناوییەکانیان ترسەکە کاڵ دەکاتەوە ، لەو چیرۆکەدا نەک هەر کاراکتێرەکان، بگرە کەشە سەیر و سەمەرەکەیشی ، گرۆتێسکە و جۆرە واقیعێکی چەوت و لارە. لە سەدەی بیستەمدا بزووتنەوەگەلی ئەدەبی و هونەری وەک ئێکسپێرسیۆنیزمی ئەڵمانی، سوریالیزم، شانۆی ئابزۆرد (بێ واتاگەرایی) و شانۆی گرۆتێسک ، مەیلیان بەرەو تێکەڵکردنی کۆمێدیا و تۆقاندن هەبوو، لەو سەدەیەدا گرۆتێسک پێگەیەکی دیاری لە ئەدەبدا بەدەست هێنا و کەشی زۆر بەرهەمی ئەدەبی، گرۆتێسکی خەوناوی پێکیدەهێنێ. ڕۆمانی (مەسخ – بەدگۆڕان)ی کافکا و چیرۆکی (کەپۆ) ی نیکۆلای گۆگۆل، نموونەی ئەو بەرهەمە ئەدەبیانەن، کەشی ئەو جۆرە چیرۆکانە لە سەرەتاوە بۆ خوێنەر نامۆن، دەکرێت ئەو جۆرە کەشە، کۆمێدی و هاوکات ترسناک یاخود سوریالی بێت.

گرۆتێسک تەنیا گرێدراوی ژانرێکی ئەدەبیی دیاریکراو نییە و زۆربەی نووسەران و تەنانەت کەسانێک کە بە شێوەیەکی لاوەکی دەنووسن و شارەزاییەکی ئەوتۆیان لە تیۆریی ئەدەبدا نییە، بە جۆرێک لە جۆرەکان چەمکی گرۆتێسک لە نووسینەکانیاندا بەکار دەهێنن، لە بەرهەمە ریالیستییەکانیشدا دەکرێت ڕەگەزی گروتێسک لە باسکردنی کەشە سەیر و سەمەرەکان یاخود کەسایەتییە تایبەتەکاندا ببینرێت.

گرۆتێسک بە زۆری بۆ وێناکردنی فیزیکی جەستە بەکاردەهێنرێت، لە زۆربەی بەرهەمە ئەدەبییەکاندا بە تێکەڵکردنی مرۆڤ و ئاژەڵ و تەنانەت مرۆڤ و ڕووەک و ڕەگەزەکانی دیکە دەرکەوتووە. لە سینەماشدا، سایبۆرگەکان (مرۆڤی نیوە ڕۆبۆت)، کاراکتێرە سەیر و سەمەرەکانی زنجیرە فیلمی چەتەکانی دەریای کارایب، یان ئەو دارانەی لە شێوەی مرۆڤن ، هەمووان گرۆتێسکن. لە ژانری سینەمایی تۆقێنەر یاخود زانستی–خەیاڵییشدا، گرۆتێسک بە شێوەیەکی فراوان بەکاردەهێنرێ، تەنانەت ئەو وێنە سەیر و سەمەرانەیش کە بە فۆتۆشۆپ و بە مەبەستی کاتبەسەربردن یان بە هونەری دیجیتاڵی بەرهەم دەهێنرێن، دەرخەری چەمکی گرۆتێسکن.

ئەدەب و کولتووری زارەکی و بۆچوونە ئاینییەکانی دانیشتووانی خۆرهەڵاتیش، بە چەمکی گرۆتسێک نامۆ نین، بوونەوەرێک بە ناوی جنۆکە کە پێیەکانی لە سمی ئاژەڵن ، بوونەوەری وەک یاجوج و ماجوج ، دایکی فولادزرە لە چیرۆکی ئەمیر ئەرسەلانی ڕۆمیدا ، دێوی سپی ناو شانامە و دەیان نموونەی دیکە، گرۆتێسکن هەرچەندە بوونەوەرە نائاساییەکان بەشێکن لە بیر و باوەڕی ئاینیی خۆرهەڵاتی و خۆرئاواییەکان و بەشێک لە پێڕەوانی ئەو ئاینانە گومانیان لە راستەقینەبوونی ئەو بوونەوەرانە نییە (وەکو جنۆکە).



**وەرگێڕانی لە فارسییەوە: نادر تلووعی**
**سەرچاوە:**
**/http://nebesht.com/grotesque-in-literature**

# مۆراکامی بە هەشت بەرگی کتێب وەڵامی خوێنەرانی دەداتەوە



ڕووداو- گابان تایمز

هارۆکی مۆراکامی، ڕۆماننووسی ناوداری ژاپۆنی لە ڕێی کتێبێکی هەشت بەرگییەوە وەڵامی پرسیاری خوێنەرانی دەداتەوە و ئێستا ئەم بەرهەمەی یەکێک لە پڕفرۆشترین کتێبەکانی جیهانە.

لەم هەشت بەرگەدا کە بەم دواییە بەشێوەی چاپی ئەلیکترۆنی لە ژاپۆن بڵاوکرایەوە، وەڵامی 3716 نامەی خوێنەرانی داوەتەوە کە بابەتی جیا جیا لەخۆدەگرێت، لەوانە: میوزیکی جاز، پشیلە و پەیوەندییە سۆزدارییەکان.

لە سەرەتای ئەمساڵدا، مۆراکامی ماڵپەڕێکی تایبەت بە خوێنەرانی کردەوە بۆ ئەوەی پرسیاری خۆیان ئاراستە بکەن، لە ئەنجامدا 37 هەزار و 465 پرسیاری ئاراستەکرا، بەڵام ئەو تەنیا وەڵامی 3716 پرسیاری داوەوە و لە کتێبێکی هەشت بەرگیی ئەلیکترۆنیدا بڵاویکردەوە.

دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی "شینچوسا"ی ژاپۆنی، ئەرکی بڵاوکردنەوەی ئەم کتێبەی لە ئەستۆگرت و جگە لە چاپە ئەلیکترۆنییەکە، کتێبێکی دیکەی چاپی کاغەزی چاپ و بڵاوکردەوە کە وەڵامی 473 پرسیار لەخۆدەگرێت. چاپی ئەلیکترۆنیی کتێبەکە لە لیستی کۆمپانیای ئەمازۆندا لە پلەی سێیەمی ڕیزبەندی کتێبە پڕفرۆشەکاندایە لەسەر ئاستی جیهان.

ئەو پرسیارانەی ئاراستەی نووسەر کراون جۆراوجۆرن، یەکێک لە خوێنەران پرسیاری ئەوەی کردووە کە هیچ کاتێک ویستوویەتی پشیلە بێت؟ لە وەڵامدا بە نەخێر وەڵامی داوەتەوە، لەبارەی وەرنەگرتنی خەڵاتی نۆبڵی ئەدەبی کە چەند جارێک بۆی کاندیدکراوە، هەستی خۆی دەربڕیوە.

مۆراکامی، بە ڕۆژنامەی "گابان تایمز"ی ڕاگەیاند، ئەو پێشبینی ئەو ژمارە زۆرەی پرسیاری خوێنەرانی نەدەکرد، گوتیشی: "پێشبینی 10 هەزار پرسیارم دەکرد، بەڵام ژمارەکە چوار هێندەی ئەوە بوو.

هەر لەبارەی ئەم بەرهەمەی گوتی کە بەرهەمەکەی ڕەنگە دیوێکی دیکەی کەسایەتی ئەو بخاتەڕوو.

هارۆکی مۆراکامی، ڕۆماننووس و وەرگێڕی ژاپۆنی، لە 12ی یەنایەری 1949 لەدایک بووە، چەندین خەڵاتی جیهانی لەبواری ئەدەبدا وەرگرتووە، لەوانە خەڵاتی فرانز کافکا کە لە ڕێگەی ڕۆمانی "کافکا لەسەر کەنار دەریا" وەریگرت و ڕۆژنامەی گاردیان وەک یەکێک لە دیارترین ڕۆماننووسە زیندووەکان لەسەر ئاستی جیهان ناساندی.

دیارترین ڕۆمانەکانی ئەو ڕۆماننووسە: "بینبال"، "دەنگی گۆڕانی با دەبیستم"، "باشووری سنوور، خۆرئاوای خۆر"، "سەما..سەما..سەما" و چەندین ڕۆمانی دیکە.

جگە لەم بەرهەمانەی، لە بواری وەرگێڕانیشدا کاری کردووە و بە کولتووری ڕۆژئاوا کاریگەرە، هەروەها دوو بەرهەمی کورتە چیرۆکی بەچاپ گەیاندووە بەناوەکانی "بۆق تۆکیۆ ڕزگار دەکات" و "کتێبخانە ڕۆژئاواییەکان".

# تێکشکاندنی پەرژینی لەشی منداڵ*

زۆرینەی ئەو منداڵانەی پەروەردەی سێکسیان لاوازە، منداڵی ئەو دایک و باوکانەن کە زۆر پەرۆشی منداڵەکانیانن. ئەم دایک و باوکانە، بەهۆی پەرۆشییانەوە، نائاگایانە پەرژینی لەشی منداڵەکانیان دەشکێنن. پێدانی خواردن بە منداڵ، بەستنی قەیتانی پێڵاوەکانیان، داخستنی قۆپچەی کراسەکانیان گران نییە بۆیان و نیگەرانیان ناکات، بە پێچەوانەوە پێیانخۆشە خۆیان ئەم کارانە بکەن و بە ئاسانی ئەنجامی دەدەن... هۆکارەکەی ئەوەیە کە ئەم دایک و باوکانە توانای ئەوەیان نییە هەڵەی منداڵەکانیان ببینن. ئەم دایک و باوکانە خۆیان کۆنترۆڵی منداڵەکانیان دەکەن لەبری ئەوەی کۆنترۆڵی منداڵەکان بدەنە دەست خودی خۆیان. منداڵانی ئەم دایک و باوکانە بەجۆرێک پەروەردە دەبن کە سنوورەکانی خۆیان نازانن و ئەو گرفتانەیان بۆ چارەسەر ناکرێت کە ڕووبەڕوویان دەبنەوە. ئەو دایک و باوکانەی زۆر پەرۆشی منداڵەکانیانن، لەکاتی ڕوودانی هەر شتێکی نەخوازراودا لەبری خۆیان، منداڵەکانیان تاوانبار دەکەن.

لەکاتی نەخۆشی و باری نالەباردا، دایکان و باوکان دەتوانن سنووری منداڵەکانیان ببەزێنن بە مەرجێک مۆڵەتیان لێ وەربگرن. بۆ نموونە ئەگەر منداڵەکەیان نەخۆش بێت و نەتوانێت کارەکانی ڕاپەڕێنێ، دایکان و باوکان لەم بارەدا دەتوانن جلوبەرگ لەبەری منداڵەکانیان بکەن و کارەکانی تریشیان بۆ جێبەجێ بکەن. بەڵام نابێت وەرگرتنی مۆڵەتیان لە منداڵەکانیان لەبیر بچێت. ئەگەر مۆڵەت وەرنەگرن یاخود منداڵەکانیان ڕازی نەبن و سەرەڕای ئەوەش دایکان و باوکان هەر بەردەوام بن لەسەر بەزاندنی سنووری پەرژینی منداڵەکانیان، ئەوا پەروەردەی ڕەگەزیی منداڵەکانیان بەرەو هەڵدێر دەبەن.

منداڵان، لە ناو ڕۆح و هەستەکانیاندا پەرژین بۆ کەلوپەل و یارییەکانیشیان دادەنێن. مامەڵەی خراپ لەگەڵ ئەو شتانەی تایبەتن بە منداڵ، هەڵگرتنیان بەبێ وەرگرتنی مۆڵەت لەخۆی، یاخود بەخشینی بە منداڵی تر، بەجۆرێک کار لەو منداڵە دەکات، وەک بڵێی سنووری پەرژینی لەشی بەزێنراوە. کاریگەرییەکی تری ئەم جۆرە هەڵوێستانەی گەورەکان لەسەر منداڵ ئەوەیە کە هەستی وەرگرتن و بەخشینی کەلوپەلی کەسانی تری بەبێ مۆڵەت لا دروست دەبێت. واتە دەتوانین بڵێین ئەو منداڵانەی ڕووبەڕووی ئەم جۆرە مامەڵانە دەبنەوە، پەرژینەکانیان بە تەواوی هەڵتەکێنراوە.

بۆیە ئەگەر کەلوپەلی منداڵەکان هەڵبگیرێن، کۆبکرێنەوە یان هەر شتێکیان لێبکرێت، دەبێت خۆیانی لێ ئاگادار بکرێتەوە. هەندێک لە منداڵەکان نیگەرانی دەردەبڕن، ئینکاریی دەکەن و قبوڵی ناکەن کەلوپەلەکانیان هەڵبگیرێت. خۆی لەڕاستیدا ئەمە نیشانەی لێکتێنەگەیشتنی دایک و باوک یان سەرپەرشتیار و منداڵەکەیە. چونکە منداڵ لە هەلومەرجێکدا ئەگەر دەروونی ئاسایی بێت، ڕووبەڕووی ئەو گەورانە نابێتەوە کە هاریکاریی دەکەن. سەرەڕای ئەمەش، هەندێک منداڵ دەیانەوێت گەورەکان تاقی بکەنەوە، بۆ ئەوەی بزانن تا چەندێک قسەی ئەوانیش دەخوات و دەڵێن "نەخێر، مەیکە" بەم جۆرە ڕێگە بە گەورەکان نادەن کارەکانیان بۆ جێبەجێ بکەن. ئامانجی منداڵ لێرەدا ئەوەیە بزانێت تا چەند گوێ لە قسەی ئەو دەگیرێت، بۆیە هەندێکجار بە ڕەچاوکردنی ڕێساکانی ماڵ، دایک و باوک دەتوانن گوێ لە منداڵەکەیان بگرن و بەو جۆرە بکەن کە ئەو دەیەوێت. بۆ نموونە ئەگەر منداڵەکە ڕازی نەبوو بە لابردنی کەلوپەلەکانی، بە زمانێکی شیرین پێی بڵێین "باشە کچم/ کوڕم، هەڵیناگرم با لێرە بێت". بەم جۆرە پەیامێک دەدەن بە منداڵەکە کە ئەوان بەڕێزەوە بۆچوونی منداڵەکەیان وەردەگرن، نەک وەک ئەوەی کە باوە بە منداڵان بڵێن "دەی تۆ چی دەزانی بەم بچکۆلەییە..." ئەگەر ڕێز لە بۆچوونی منداڵەکە گیرا، دوای کەمێک خۆی دێت و داوای هەڵگرتنی کەلوپەلەکەی دەکات. چونکە منداڵ بۆخۆی دەزانێت کە پێویستی بە هاریکاریی گەورەکان هەیە. هەر ئەوەندە بەسە کە دایکان و باوکان بۆچوونی منداڵەکانیان وەربگرن و بە کەم سەیری نەکەن.

کاتێک سەرپەرشتیار، ژوور یان کەلوپەلی منداڵ کۆدەکاتەوە، دەبێت بە ئاشکرا پێی بڵێت کە چی بۆ دەکات. بۆ نموونە پێی بڵێت: "ژوورەکەت پاک دەکەمەوە، نوێنەکان دەخەمە ناو دۆڵابەکە، یارییەکانتان بۆ کۆدەکەمەوە و ...هتد" دەستوەردان لە کەلوپەلی منداڵ بەبێ مۆڵەت و ئاگاداری، هەم زیان بە پەروەردەی ڕەگەزیی منداڵ دەگەیەنێت، هەم زیان بە شێوازی ژیانی ڕۆژانەی.

**وەرگێڕانی: محەممەد ئیسماعیل**

***ئەم وتارە بەشێکە لە کتێبی (پەروەردەی ڕەگەزیی منداڵ) ی نووسەری تورک ئادەم گیونەش کە وەرگێڕدراوە و بەشێوەی زنجیرە وتار لە (ڕووداو) بڵاودەکرێتەوە.**

# بۆچی زۆربا هەمیشە سەرنجڕاکێشە؟



**بەفراو نووری**


هەندێک شاکاری ئەدەبی هەن کە هەموو سنوورەکانی کات و شوێن تێدەپەڕێنن و گەر دەیان جار بخوێنرێنەوە، هێشتا مرۆڤ ماندوو نابێت لە خوێندنەوەیان، یەکێ لەو شاکارە ئەدەبییە بەرزانەی کە بۆ زۆربەی زمانەکانی دونیا وەرگێڕدراوە و نەوە دوای نەوە لە خوێندنەوەی وەڕس نابن و هێشتا هەر شوێن و گرنگیی خۆی هەیە، رۆمانی بە ناوبانگی (زۆربا)ی یۆنانییە لە نووسینی نیکۆس کازانتزاکیس. کازانتزاکیس ئەو نووسەرەی کە لە رێی خولقاندنی پاڵەوانە ئەفسوناوییەکانیەوە توانی بۆ هەمیشە ناوی خۆی لە مێژووی ئەدەبیاتدا تۆمار بکات، ئێستا ئەوەی کازانتزاکیس خۆشی نەناسێ، زۆربا دەناسێ. کەسایەتیی نووسەر خۆی بە شێوەیەک لە شێوەکان لەنێو پاڵەوانەکانیشدا رەنگی داوەتەوە. خودی نووسەر وەک شاعیر و بیرمەندێکی ئەو سەردەمە دژی هەموو بیروباوەڕێکی توندی ئاینی و فیکری بووە، بە شێوەیەک کە کاتێک کۆچی دوایی کرد، مەسیحییە توندڕەوەکان نەیانهێشت لە گۆڕستانی شاردا بنێژرێت و وەک کەسێکی بێ سەروشوێن و بێ ناو لە دەرەوەی گۆڕستان دەینێژن، تەنانەت رۆمانەکانی لە کاتی خۆیدا قەدەغە دەکرێن و بەرەوڕووی رەخنە و هێرشی زۆری توندڕەوەکان دەبێتەوە.

گرنگیی ئیشی کازانتزاکیس لەوەدایە کە توانیویەتی وێنەیەکی راستەقینە لە مرۆڤ و حەزەکانیمان بۆ دەربخات و باوەڕی وابوو کە گرنگترین تایبەتمەندیی مرۆڤ ئازادبوونیەتی، ئازادی ئەو سەرمایەیە کە مرۆڤ دەبێت بە دەستی بهێنێ گەر لە پێناویشیدا زۆر شتی لەدەست بچێت. زۆربا یەکێ لەو پاڵەوان و سیمبولانەیە کە ئەو ئازادییەی تێدا بەدی دەکرێت و دەبینرێتەوە. رەنگە زۆر شت لەسەر رۆمانەکە نووسرابێت و قسەی لەسەر کرابێت، بەڵام ئەم بەرهەمە لەو ئیشانەیە کە هەر جارە و دەکرێت لە ئاسۆیەکی جیاوازەوە خوێندنەوەی نوێی بۆ بکرێت و هەر دیالۆگێکی پاڵەوانەکانی شایانی تێڕامان و خوێندنەوەیە. رۆمانەکە چیرۆکی گەنجێکی رۆشنبیرە کە بەردەوام سەری لەنێو کتێبدایە و تەواو تێکەڵی کێشەی زەینی و میتافیزیکییە.

ئەم گەنجە بڕیار دەدات بۆ ئەوەی ماوەیەک لەو کێشە و گرفتە زەینیانە دووربکەوێتەوە، سەفەر بکات بۆ دوورگەیەک بەناوی کریت، تاوەکو دەست بکات بە ئاوەدانکردنەوەی کانێکی بەرد کە لە باوکییەوە بۆی ماوەتەوە، بەڵکو لە رێگای چالاکی و سەرقاڵی و ماندووبوونی لەشەوە، بتوانێت خۆی لە کێشە زەینییەکان بدزێتەوە. پێش سەفەر، لەگەڵ پیاوێکی تەمەن شەست و پێنج ساڵ بە ناوی ئەلێکسیس ئاشنا دەبێت و قسەی لەگەڵ دەکات تاوەکو وەک سەرپەرشتیاری ئیشەکە بۆ ئاوەدانکردنەوەی کانەکە لەگەڵیدا دەست بە کار بکات. زۆربا پێچەوانەی گەنجە رۆشنبیرەکە، مرۆڤێکی تەواو مادییە و تەنیا بیر لە چێژەکانی ژیان دەکاتەوە و خۆی دیلی کاتەکانی رابردووە و خەمی داهاتووی نییە، ئەوەی هەیە ئەو دەم و کاتەیە کە تێیدا دەژیت و تەنیا بیر لەوە دەکاتەوە کە ئەو کات و ساتەی تێیدا دەژیت چۆن بتوانێت چێژی لێ ببینێ. پیاوێکی نەخوێندەوارە کە هیچ جۆرە گرفت و کێشەیەکی زەینی و میتافیزکی نییە. زۆربا کە سیمبولی مرۆڤێکی ژیاندۆست و نەترسە و هاوڕێکەی بە کاغەز رەشکەرەوە و مشکی کاغەزخۆر ناو دەبات، لەڕێگای کردار و کردەوەکانییەوە وەک سەماکردن و قسەکردن و ژەندنی سەنتوورەکەی کە لەخۆی خۆشتری دەوێت، دەرسی ژیان فێری هاوڕێکەی دەکات.

گەنجی رۆشنبیر کە زۆربا بە ئاغا بانگی دەکات، لەگەڵ زۆربا دێنە دوورگەی کریت و لە هوتێلێکی کۆنی ئەو شارەدا کە خاوەنەکەی لەشفرۆشێکی فەرەنسییە، دەمێننەوە و دەست دەکەن بە ئاوەدانکردنەوەی کانەکە، لە کاتی سەفەر و ئیشکردنەکەدا، ئاغا ناتوانێت لە بیر و گرفتە زەینییەکانی خۆی تەواو رزگار بکات و بەردەوام بیری لای بودایە کە چۆن بتوانێت وەک ئەو بگات بە نیرڤانا. لە هەمان کاتدا زۆربا-ش بۆ ژیان تێڕوانینی خۆی هەیە و باس لە بۆچوونەکانی خۆی دەکات بۆ ژیان لەگەڵ ئاغادا و لە کۆتاییشدا ئاغا لەڕێگای زۆرباوە دەگات بە روانینێکی نوێ بۆ ژیان و خۆی لە کێشە زەینییەکان رزگار دەکات و دەگات بەوەی کە هەست دەکات لە زەویدا دەژی و چیدی بیر لە بودا و نیرڤانا ناکاتەوە. پرسیارێک کە ئەم رۆمانە بۆ منی دەکاتەوە، ئەوەیە کە ئایا مرۆڤ دەتوانێت تەواو مادی بیربکاتەوە و ئەم جۆرە کاراکتەرە لە کوێوە هاتووە و بۆ هەمیشە سەرنجڕاکێشترە لە مرۆڤی ئاسایی؟

بۆ وەڵامی پرسیارەکەم دەگەڕێمەوە بۆ چەمکی (ئیمانێنت) لە فەلسەفەدا کە بەرامبەر چەمکی (ترانسیدێنت) بەکاردێت. ئیمانێنت کە بە مانای (لەنێودابوون) یان (تێدابوون) دێت، تارادەیەک وەک بەرەی پێچەوانە لە موقابیلی چەمکێکی میتافیزیکیی وەک (ترانسیدێنت) دا دەوەستێ. ئەم چەمکە دەست دەخاتە سەر دۆخی لەجیهاندابوون، پابەندی ئەو شتانەیە کە بە ئەزموون دەرک دەکرێن. بە جۆرێک دەتوانین لەم رۆمانەدا کاراکتەری رۆشنبیر و حکایەتخوان بە خولیا و خەیاڵە میتافیزیکییەکانی بەرامبەر زۆربا ببینینەوە کە ژیان لە دیوە ناواخنی و مادییەکەیدا کورت دەکاتەوە. لای سپینۆزا چەمکەکە ئاماژەیە بۆ هێزی ئیلاهی لەنێو جیهانی مادیاتدا، ئیمانێنت دیوە مادییەکەی ئیرادەی خودایە، بەڵام لای دۆلۆز لەو پەیوەستە میتافیزیکییە پاک دەکرێتەوە و تەواو دەبەسترێتەوە بە جیهانی مادی و ئەزموونی ژیانەوە. ئیمانێنت هەموو ئەو جۆرە هەستانەیە کە لای سوژە و لە هەستدا هەیە و ئاماژەن بۆ ئەزموونی ژیان و هەست. لەگەڵ چەمکی ئیمانێنتدا هەموو رەهەندێکی میتافیزیکی بەلاوە دەنرێت و مرۆڤ وەک کەسێکی گەمارۆدراو لە ئەزموونددا سەیر دەکرێ. لای دۆلۆز ئیمانێنت ئاماژەیە بۆ هێزی گۆڕان و ژیان لەناو بووندا، بێ ئەوەی پێویستی بە هیچ جوڵەیەکی دەرەکی هەبێت، وشەکە زۆرجار وەک هاومانای وشەی ژیان بەکارهاتووە. دۆلۆز ئەم واتایە لە بەرامبەر دیالەکتیکی هیگڵی و بیرۆکەی نەفی دیالەکتیکیدا رادەگرێ کە بە بڕوای ئەو چەمکێکی میتافیزیکییە. بە هۆی چەمکی ئیمانێنتەوە دۆلۆز مرۆڤ تەنیا وەک بوونەوەرێک لە ناوەڕاستی ژیاندا دەبینێت، وەک جەستەیەک کە بوونی لەناو شتەکان و پەیوەندییەکاندا دروست دەبێت، وەک شتێک کە تەنیا لەڕێگای پەیوەندییە مادییەکانەوە پێناسەی بۆ دەدۆزرێتەوە. زۆربا نموونەی مرۆڤی ئیمانێنتییە، مرۆڤێک کە باوەڕی بە دیوێکی میتافیزیکی نییە، ژیان لای ئەو وابەستەی ساتەکان و ئارەزووەکان و شەپۆلەکانە، مرۆڤ بوونەوەرێکە لەنێو جیهانداییە، لەنێو شتەکاندایە، گەر ژیانی مانایەکی هەبێت، ئەوا لەوێدا بە دەستی دەهێنێت. مرۆڤی زۆربایی، مرۆڤێکە دیوە میتافیزیکییەکەی ون کردووە، بیر لە شتە ئەودیوییەکان ناکاتەوە، ئەم مرۆڤە ژیانی وەک خۆی دەوێت لە دەرەوەی دەستوەردانی خودایەک یان دینێک، خۆی یاساکان بۆ خۆی دادەنێت، ئەو ئازادییەش جێگای هەموو فیکر و مەزهەبێکی بۆ دەگرێتەوە. زۆربا لەوەدا کاراکتەرێکی سەرسوڕهێنە کە تەواو پێچەوانەی وێنەی مرۆڤە لە جیهانی ئێمەدا، کە مرۆڤەکان بە ئایدۆلۆژیا و مەزهەب و مۆراڵەوە گرێدراون. مرۆڤی کولتووری ئێمە، مرۆڤێکی ئەنتی زۆرباییە کە بەردەوام تەنیا خۆی بە دیوە ترانسدێنتەکەی دونیاوە سەرقاڵ دەکات و دیوە ئیمانێنتەکەی خۆی لەیاد کردووە.




# کولتووری لە کورتی بڕینەوە



**حەمەسەعید حەسەن**

باشتر کە باوەڕم نەبوو، ئەگەرنا دەبوو هەمیشە ترسی ئەوەم هەبێت، لە دەستی بدەم.

ئینسان بەرلەوەی فێری ئاخاوتن ببێت، فێری نزا و نوێژ بووە.

نیرڤانا: ڕزگاربوونە لە هەموو کۆت و پێوەند و زنجیرێک ، لووتکەی ئازادییە و ئەوپەڕی ئاسوودەیی، بەڵام کە لە (بودا)یان پرسی: نیرڤانا چییە؟ هیچی نەگوت، تەنیا بزەیەک هاتە سەر لێوی.

ئەوە سروشتییە ڕا و بۆچوونت هەبێت، کارەسات ئەوەیە، باوەڕێکت هەبێت. هەر کە تووشی باوەڕدارێک دەبم، لە دڵی خۆمدا دەڵێم: ئاخۆ عەقڵی گیرۆدەی کام نەخۆشیی ترسناک بووبێت، وا باوەڕی هێندە قایمە؟

بڕوام بەو بیرمەندانە نییە کە گوتاربێژان ئیلهامیان لێ وەردەگرن.

فەلسەفە بەوە دەستی پێ کرد کە (هەموو شتێک تژییە لە خوا،) بەڵام بە (هەموو شتێک خاڵییە لە خوا،) دوایی دێت.

کە خۆمان لە هەموو شەڕێک دزییەوە، کە هیچ بەرهەمێکمان نەبوو، کە نە پرسیارێکمان وروووژاند و نە بەرسڤی پرسیارێکمان دایەوە، ئەوانە نیشانەکانی ئەو ڕاستییەن کە بڕوامان بە خۆمان نەماوە.

ڕەنگە بڕوامان بە خوا نەبێت، بەڵام لەگەڵ ئەوەیشدا هەندێک جار، کەس لەو بە گونجاوتر نازانین ڕازی دڵی خۆمانی بۆ بدرکێنین.

سەروەختی نووسین، گرنگ وروووژاندنی پرسیار نییە، گرنگ داهێنانە لە داڕشتنی پرسیاردا.

زمانێک بزانین و تێیدا قووڵ ببینەوە، باشترە لەوەی خۆمان بە فێربوونی چەند زمانێکەوە خەریک بکەین. بۆ نووسەر دەمەتەقێ لەگەڵ دەرگەوانێکدا بە زمانی دایک، بەسوودترە لە دیالۆگ لەگەڵ زانایەکدا بە زمانێکی بێگانە.

تاقە ڕێسایەک کە لە نووسیندا پیرۆزە و پێویستە هەمیشە ملکەچی بین، ڕێسای لە کورتی بڕینەوەیە، هەمیشە دەبێت بە کەمترین وشە زۆرترین شت بڵێین.

بە شێوەی ئاخاوتنی ڕەوانی گوندێکی دوورەدەست بنووسین باشترە، لە زمانێکی بەناو ستانداردی تژی لە هەڵە و گرێوگۆڵ.

هەمیشە بە هۆی نووسینەوە، بەرەو ڕووی غەریبی دەبینەوە، ئەگەر لە دژی دەسەڵات بنووسین، ناچار دەبین لە نیشتمان هەڵێین و لە مەنفا بگیرسێینەوە، ئەگەر لە قازانجی دەسەڵات بنووسین، گەل پشتمان تێ دەکات و لە زێدی خۆماندا هەست بە غەریبی دەکەین.

چۆن هەست بە غەریبی نەکەین کە لە دونیایەکدا بژین، نەتوانین هیچی پێشکەش بکەین؟

چۆن بژین، ئەگەر پاڵنەرێک شک نەبەین، بۆ درێژەدان بە ژیان هانمان بدات؟

ژیان بۆ ئەوانە خۆشە، ئاوەزیان بە دونیا ناشکێت. ئەوە خۆفریودانە لە دونیا تێبگەین و دڵیشمان بە ژیان خۆش بێت.

(وەختم نەما بۆ ژیان.) ئەوە جوانترین و چاکترین ڕستەیە، ئاخر بۆ هەموو سەردەمێکی ژیانمان دەگونجێت، تەنانەت بۆ ساتەوەختی یەکەمیشی.

کە مردن گەڕانەوەیە بۆ سەردەمی پێش لەدایکبوون، ئیدی چ پێویستمان بەو سەفەرە سەختە هەیە کە ناوی ژیانە؟

چونکە پێنجسەد هەزار ساڵی دیکە ئینگلستان ژێر ئاو دەکەوێت، ئینگلیز بوومایە، هەر لە ئێستاوە چەکم دادەنا.

چونکە هیچی تازەمان پێ نییە بۆیان، هەقە لێیان گەڕێن، نووستوان هەر نوقمی خەو بن، قەت کەسیان بێدار نەکەینەوە.

ڕۆڵێکی بچووک لە خەونێکدا ببینم، پێم باشترە لەوەی قارەمانی سەرەکیی مۆتەکەیەک بم.

پێویستە هەمیشە، لە هەموو هەلومەرجێکدا، با لەسەر هەقیش نەبن، لە بەرەی چەوساوەکاندا بین، بەڵام بە مەرجێک ئەوەیشمان لە بیر نەچێت کە لە هەمان ئەو قوڕە خوڵقاون کە چەوسێنەرانی لێ چێ کراوە.

ئەگەر گەوجایەتیمان گەییشتە ئاستێک، نهێنیی خۆمان بۆ کەسێک گێڕایەوە، تاقە ڕێگە بۆ ئەوەی لەوە دڵنیابین، لای کەس نایدرکێنێت، ئەوەیە دەستبەجێ بیکوژین.

مەسیح وەک پێشبینیی کۆتاییی خۆی کردبێت، دەیگوت: (قوڕ بەسەر ئەوەی هەمووان بە چاک ناوی دەبەن.)

ئاژەڵ هەست بە وەڕزبوون ناکات و دەتوانێت، بێ ئەوەی هیچ بکات، یان هیچ لەبەر چاوی ڕوو بدات، چەندان سەعات خۆی کڕ بکات و لە جێی خۆی نەبزوێت. ئاژەڵ نەک بەو دووبارەبوونەوە و لە یەکچوونە بێزار نابێت، بەڵکوو بەوە هەراسان دەبێت، ئەو ڕەوشەی لێ تێک بدرێت، بەڵام ئینسان بەرگەی هەلومەرجی وا ناگرێت، لێی وەڕز دەبێت و پێی باشە ئەگەر بە هەر نرخێک بووە، شتێکی تازە ڕوو بدات و بێزارییەکەی بڕەوێتەوە.

تێکشکان گەیشتبووە بەر دەرگەی ماڵی هیتلەر، کەچی هەر باسی سەرکەوتنی دەکرد، هەڵسوکەوتیشی لەوە دەچوو، وەک لە سەرکەوتنەوە نزیک بێت و تا کۆتایی هەر دیلی دەستی ئەو گەشبینییەی خۆی بوو. سەددامیش تا سەعاتی کۆتایی بڕوای نەدەکرد تووشی نسکۆ ببێت، وەک ستەمکاری و گەشبینی تەواوکەری یەکتری بن.


هەندێک بیرمەند و نووسەر، لە تافی لاوییاندا، بە هیتلەر سەرسام دەبن و سەنگەری نازیزم هەڵدەبژێرن، وەک ئێمیل سیۆران و گونتەر گراس، کە دواتر یەکەمیان بە لێهاتووییەوە ململانێی فیکریی لەگەڵ سارتەردا دەکات و دووەمیان نۆبێڵ لە ئەدەبدا وەردەگرێت!

14ی ئابی 2015
ستۆکهۆڵم

**(*) اميل سيوران، مثالب الولادة، ترجمة: ادم فتحي، منشورات دار الجمل ٢٠١٥ بيروت.**

**(**) مۆتەکە: کابووس.**

# “ئاگادارکردنەوە” پڕفرۆشترین رۆمانە









**رووداو- نیۆیۆرک تایمز**

رۆمانی "ئاگادارکردنەوە" لە نووسینی جێمس باتیرسۆن و مایکل لیدڤیدج، لە پلە یەکی لیستی ئەم هەفتەیەی رۆمانە پڕفرۆشەکانی "نیۆیۆرک تایمز"ـدایە.

رۆمانی "پاسەوانێک بۆ خۆت دابمەزرێنە" لە نووسینی هاربەر لی، لە پلەی یەکەمی لیستەکەدا بەرەو پلەی دووەم دابەزی.

هەر لە لیستەکەدا، رۆمانی "کچی شەمەندەفەر" لە نووسینی پاولا هۆکنیز لە پلەی سێیەم، رۆمانی "خۆڵەمێشی" لە نووسینی ئەی. ئێڵ. جێمس لە پلەی چوارەم و رۆمانی "مەریخنشین" لە نووسینی ئاندی وایەر، لە پلەی پێنجەمدا بەرچاو دەکەون.

لەمساڵدا رۆمانی "خۆڵەمێشی" بەهێزترین بەرهەمی ئەدەبی چاپکراو بووە لە رووی فرۆشەوە و بۆ ماوەی چەند هەفتەیەک لە پلە یەکی ئەو لیستەدا بوو.

لە لیستی کتێبەکانی دیکە کە ئەدەبی نین، کتێبی "تاڵانکردن و فێڵکردن" لە نووسینی مارک لیڤین لە پلەی یەکەمی لیستەکەدا هات و کتێبی "لە نێوان من و جیهاندا" لە نووسینی تانیسی کۆتس لە پلەی یەکەمەوە بەرەو پلەی دووەم دابەزی.

کتێبی "منداڵەکان لە بەلەمدان"ـی دانییێل جێمس لە پلەی سێیەم، "هەردوو برا رایت"ـی لە نووسینی داڤێد مەکۆلۆگ لە پلەی چوارەم و کتێبی "رۆمانسییەتی نوێ"ـی عەزیز ئەنساری و ئێریک کلینبێرگ لە پلەی شەشەمی لیستی ئەو کتێبەنەدا هاتن کە ئەدەبی نین.

رۆژنامەی "نیۆیۆرک تایمز" هەفتانە دوو لیستی جیاوازی تایبەت بە رۆمانە پڕفرۆشەکان و ئەو کتێبانەی کە ئەدەبی نین بڵاودەکاتەوە، لە هەر لیستێکدا ناوی پێنج کتێبە پڕفرۆشەکان بەهەردوو چاپی کاغەزی و ئەلیکترۆنی ئاشکرا دەکات.



محەممەد حاجی کەریم

# بە چاکسازیەکەی عەبادی هەڵمەخەڵەتێن

ئەوەی عەبادی بەناوی چاکسازی، لە ژێر فشاری خەڵک و بە پشتیوانیی مەرجەعیەتی باڵای شیعە دەیکات، کارێکە تەنیا ئامانج لێی چاکسازی نییە، بەڵکو بە پلەی یەکەم رازیکردنی خەڵک و بە پلەی دووەمیش لێدانێکی هێواشانەی نەیارەکانیەتی.

پرسیار ئەوەیە، ئایا عەبادی لە رەوشی ئاڵۆزی هەنووکەیی عێراقدا، توانای ئەوەی هەیە وڵات لە گەندەڵی و پاشاگەردانی رزگار بکا و وێنایەکی دیکە بە باڵای عێراقی پڕ لە قەیراندا ببڕێ؟ حەقیقەت ئەوەیە، چاکسازی لە عێراقدا نەک هەر قورسە، بەڵکو لە مەحاڵ نزیکە.

حکومەتی عێراق لەو قۆناخە پڕ لە ململانێ و شەڕ و توندڕەویەدا، ناتوانێ چاکسازی بکات، عێراق لە لێوارێکدا گیری خواردووە، چارەنووسی هەر بەرنامە و پرۆژەیەکیش، چەندە خواستێکی میللی لەپشت بێ، نارۆشنە.

ناسەقامگیریی سیاسی و ئەمنی، گەندەڵی و بێ دادی، نەبوونی خزمەتگوزاری و شەڕی داعش و ململانێی مەزهەبی، هیچ متمانەیەکی لای هاونیشتمانیانی ئەو وڵاتە نەهێشتووەتەوە.

لە وڵاتێکی لە پەلوپۆکەوتووی بێ هێزدا، چاکسازی لە هەموو شتێک قورسترە، میکانیزمی جێبەجێکردنی ئەوەندە سەختە، زەحمەتە لە توانای عەبادیدا بێ، بەدی بهێنێ.

عەبادی کە هەڵوێستەکانی لەسەر لایەنگیریی مەزهەبی بیناکراون، ناتوانێ هاوسەنگی رابگرێ و بە دوورییەکی یەکسان هەموو لایەنەکان ببینێ. دڵنیام عەبادی لەم پرۆژەیەدا، هەندێک لایەن پەراوێز دەخات و هەندێکی تریش دەکاتە کەڵەگا بەسەر دامەزراوەکانی دەوڵەت و خەڵکی ئەو وڵاتەوە.

جێی خۆیەتی بپرسین، کورد لە کوێی ئەو پرسەدایە؟ پروشکەکانی ئاگری ئەو پرۆسەیە بەر کوێی دەکەون؟ چی پێدەبەخشێ و چی لێ دەستێنێتەوە؟ لەبەر ئەوەی کورد لە ئێستادا لەنێو تەنگژەو قەیرانگەل هەڵدەکات و خاوەن ماڵێکی یەکگرتوو نییە، لەبەر ململانێی سیاسی و شەڕی حیزبەکان بۆ پۆست و کورسی، دەسەڵاتی سیاسی، بە هەموو پێکهاتە و لایەنەکانییەوە، پرسە چارەنووسسازەکانی فەرامۆش کردووە، ئەمە بۆ عەبادی کاتێکی گونجاو دەبێ، ئەوەی پێشتر لە دەستی نەدەهات، هەنووکە دەتوانێ بە بیانووی وەڵامدانەوەی داخوازیی خۆپێشاندەرانی شەقامی عێراقی، لە دەست کوردی دەربهێنێ.

من باسی ئەوە ناکەم بەهۆی ئەو ململانێ و شەڕی ساردەی نێوخۆییەوە، کێرقی بێ خزمەتگوزاری و خراپیی ژیانی خەڵک تا کوێ هەڵکشاوە، باسی ئەوەش ناکەم پرسی سەربەخۆیی و نیازی راپرسی بۆ ئەو پرسە چۆن کاڵبووەتەوە. وەلێ تەنیا مەبەستمە ئەوە بیربێنمەوە، خەریکە بەهۆی مشتومڕ و ناکۆکییەکانی ئەو ماوەیە، ئەو دەستکەوتانەی لە بەغدا بەدەستهاتبوون، لە دەستی دەدەین.

لای من گرنگ نییە جێگری سەرۆک وەزیران کوردبێ یان عەرەب، یاخود ژمارەی وەزیرە کوردەکان زۆر بێ یان کەم، بە بڕوای من بەشداریی کورد لە بەغدا تەنیا شتێکی رووکەشانەیە و وەک جارێکی تریش گوتوومە، ئەگەر هیچ خێرێکی بۆ کورد هەبووبێ، لە ئیمتیازاتی تایبەتی خودی بەرپرس و نوێنەرەکان کورت بووەتەوە، نەوەک دەستکەوتی سیاسی و نەتەوەیی.

وەلێ مادام بڕیار ئەوەیە، کورد لە دەسەڵاتی بەغدا بەشدار بێ، ناکرێ لە ئاست بڕیار و سیاسەتی سەرۆک وەزیران، یان کاربەدەستانی دیکەی ئەو وڵاتە، بێ وردبینی و هەڵوێست بێ. ئێمە نابێ تەنیا سەیری یەک دیوی مەسەلەکە بکەین. لەم ئانوساتەدا، ژینگەی سیاسیی عێراق، نەک هەر چاکسازیی قبووڵ ناکات، بەڵکو هەر هەنگاوێکی لەم چەشنە لە وەهم دەچێت. کاتی خۆی بۆ مالیکیش ئەو دەهۆڵە لێدرا، وەلێ لە بەڵاو نەهامەتی زیاتر، شتێکی تری لێ شین نەبوو.

ئەگەر لە سۆنگەی کوردەوە سەیری سەردەمی دوای ئازادیی عێراق بکەین، زۆر کەس پێیوابوو قۆناخی حوکمڕانیی عەبادی، جیاواز دەبێ لە قۆناخی مالیکی، بەومانایەی پەیوەندی هەرێمی کوردستان لەگەڵ بەغدا ئاسایی دەبێتەوە و کێشەی نەوت و بودجە چارەسەر دەبێ، بەڵام بینیمان وادەرنەچوو. ناتوانین بڵێین عەرەب تێڕوانینی بەرامبەر پرسە گرنگ و جەوهەرییەکانی هەرێمی کوردستان گۆڕاوە.

عەبادی و مالیکی، دوو دیوی یەک دراون، تەنیا ئەو جیاوازییەی لە هەنگاو و ئیدیعاکانی هەردوو قۆناخ بۆ چاکسازی دەخوێندرێتەوە ئەوەیە، عەبادی بە پاڵپشتی مەرجەعیەتی باڵای شیعە بۆ وەڵامدانەوەی خواستی شەقام، گەمەی زیرەکانە دەکات، هەروەها بە نەرمی و شاراوەیی ناحەزایەتیی کورد و سوننە دەکات. وەلێ کاتی خۆی مالیکی، بە ئاشکرا مومارەسەی توندڕەویی خۆی و دوژمنایەتی ئەوانی دیکەی دەکرد و نەیتوانی پشتیوانی مەرجەعیەت بە چەشنی ئێستا مسۆگەر بکات.

نابێ ئەوەمان بیربچێ، ئەو چاکسازییەی کە عەبادی لە ژێر فشار و زۆر بۆهێنان پەنای بۆ بردووە، ئامانجی دیکەی سیاسیی لە پشتە، دەبینین لە سایەی ئەو پیاوەشدا، هەژموونی شیعەگەریی ئەوەندەی دیکە تۆخ دەبێتەوە و بەرەی ژێر پێی کورد و سوننە بەرتەسکتر دەبێتەوە.

کار وابڕوات عەبادی هێدی هێدی جێ بە ئەوانی دیکە، بە تایبەت کورد لەق دەکات، دووریش نییە لە ئایندەیەکی نزیکدا، کار بۆ هەمواركردنەوەی دەستووریش بکات.

کوردیش بێ ئاگایە و تەنیا لە دوورەوە سەیری گەمەکە دەکات. کارەسات ئەوەیە، هەندێک لە بەرپرسانی کورد، وەک ئەوەی بیانەوێت خۆیان و خەڵکی تریش هەڵخەڵەتێنن، جەخت لە دروستیی پرۆژەکەی عەبادی دەکەنەوە. قسەی من ئەوەندەی پەیوەندی بە نائامادەیی و بێ ئاگایی کورد لەو گۆڕانکاریانەدا هەیە، ئەوەندە پەیوەست نییە بە پرسی ریشەکێشکردنی گەندەڵی کە هەموان هیوای بۆ دەخوازین.

بەداخەوە، پرسی گەرمی سەرۆکایەتی هەرێم، هەموو شتێکی لەبیر بردووینەتەوە، دەست لە هەموو داوا و کارێک هەڵگیراوە. لەبەر ئەوەی وڵاتی ئێمە بێ سیستم و بەرنامەیە، هاونیشتمانیان بە چڕی کەوتوونەتە ژێر پاڵەپەستۆی قەیرانەکان، تا ئەو ئاستەی رۆژ بە رۆژ دۆخەکە ئاڵۆز و شێواوتر دەبێ.

دەبووایە فەرمانڕەوایانی کورد، لەجیاتی ئەو هەموو کات بەفیڕۆدان و ململانێ بێ مانایەی نێوخۆ، ئەو وزەیەی بە پرۆسەی چاککردنی ژیانی خەڵکی ماندووی ئەم هەرێمە و پرسی سەربەخۆیی و ئایندەی کوردستان بەخشیبایە.



هێمن عەبدوڵڵا
hemen@rudaw.net

# مشتەکۆڵەی حیزبەکان لە کۆڵان

میدیای حیزبە گەورەکانی کوردستان بە منگەوە هەڕەشەی دابەشکردنەوەی کوردستان بەسەر دوو ئیدارەدا دەکەن. هەرچەندە سەرکردەکان لە راگەیاندندا ئەو بیرکردنەوەیە مەحکوم دەکەن، بەڵام ئەو هەنگاوانەی بنکردەکان لەژێر کاریگەریی ئەو سەرکردانەدا هەڵیدەنێن، پێشانی دەدات کە ئەوەی لەژێر پەردەدا روودەدات تەنیا قسە نییە و هەڕەشەی جدین.

کاتێک باڵندەکان بەئاسمانەوە دەبینین، دەزانین پاییزە و وەرزی کۆچە. کاتێکیش شەپۆلی کۆچکردنی گەنجانی باشووری کوردستان بەرەو ئەوروپا دەستپێدەکاتەوە، دەزانین وەرزی نائومێدبوونی گەنجانی ئەم وڵاتەیە لەو حیزبانەی لەوەتەی هەن هەنگاوێک بەرەو یەکدەنگی رۆیشتبن دوو هەنگاو بەرەو لێکترازان رۆیشتوونەتەوە.

سەیری مێژوو بکەن: لە نیوەی دووەمی حەفتاکاندا کە شۆڕشی کوردستان شکستی هێنا، ئەو گەنجانەی چەند مانگێک پێشتر لە شاخەکانی کوردستان بە برنەوێکەوە و بەئومێدەوە شەڕی تۆپ و تەیارەیان دەکرد، بەلێشاو بەرەو ئەوروپا کۆچیان کرد. هەمان شت لە کۆتایی هەشتاکانیشدا دووبارە بووەوە. لە نیوەی دووەمی نەوەتەکانیشدا، لەپاش دەستپێکردنی شەڕی براکوژی و دروستبوونی دوو ئیدارەیی، دیسان لێشاوی کۆچبەری دەستیپێکردەوە. لەدوای 23ی حوزەیرانی ئەمساڵیش هەمان شت چەندبارە بووەوە.

هەرکاتێک حیزبەکانی کوردستان لەیەکدی نزیک بووبن، خەڵک ئومێدی بە ئایندەی کوردستان هەبووە. ئەو ساڵانەی پارتی و یەکێتی رێککەوتننامەی ستراتیژییان لەنێواندا بوو، خەڵک بێتاقەت بوو، بەڵام وەک ئێستا نائومێد نەبوو. کاتێک گۆڕان دامەزرا، گەنجی تووڕە ئومێدێکیان بە ئایندە بۆ دروست بوو، بەڵام لە یەکێک لە بەرنامەکانی روودوادا گەنجێکی تووڕەی ئامادە بۆ کۆچ دەیگوت: "بەتەمای گۆڕان نەدەڕۆیشتم، بەڵام ئێستا ئومێدم بەوانیش نەما و لەداخی ئەوان دەڕۆم".

ئەو قەیرانە سیاسییەی لە هەرێمی کوردستان دروستکراوە ورەی خەڵکی لە شەڕی دژی داعش دابەزاندووە. خۆڕاگریی خەڵکی بەرامبەر گوشارەکانی بەغدا کەمترکردووەتەوە. ئەویش لەبەرئەوە نا کە لە داعش بترسن و بەغدا بڕستی لێ بڕیبن. نا، بەڵکو لەبەرئەوەی متمانەیان بەوە نەماوە کە ئەو وڵاتەی خۆیانی بۆ دەکەنە قوربانی، ئایندەکەی ناکرێتە قوربانیی لەیەکدی تۆرانی چەند سەرکردەیەک.

بەرپرسیاری یەکەم لەو رەوشەی ئێستا لە کوردستان هەیە بزووتنەوەی گۆڕان و پارتین. چونکە ئەوان پەیامی ئومێدبەخشانەیان دایە خەڵکی کوردستان و ئێستا هەر ئەوان ئەو ئومێدە لە خەڵک دەستێننەوە. لە ساڵی 2009ەوە خەڵک پێیوابووە گۆڕانێکی نەفەس نوێخواز و پارتییەکی ئەزمووندار لە حوکمڕانیدا پێکەوە گۆڕانیان پێدەکرێت. کەچی ئێستا ئەو دوو حیزبە وا دەردەکەون کە خەریکە لەگەڵ یەکدی بیگەیەننە مریشکەڕەشە. خراپتریش لەوە ئەوەیە کە یەکێتی لەو هاوکێشەیەدا رۆڵی پارتیی جاران نابینێت. واتە حیزبێک نییە کە بڕیار و سیاسەتی سەربەخۆی هەبێ و بتوانێت لەگەڵ هەردوو حیزبدا هاوسەنگی بپارێزێت. جاران لەلایەکەوە بارزانی بەپەلە خۆی دەگەیاندە سلێمانی بۆئەوەی لەگەڵ مەکتەبی سیاسیی یەکێتی کۆببێتەوە و هاوپەیمانە ستراتیژییەکەی لە لێکترازان بپارێزێت، لەلایەکی دیکەشەوە بناخەکانی هەماهەنگیکردن لەگەڵ گۆڕانی بۆ حوکمڕانییەکی باڵانسدار لە کوردستان دادەنا. نیگەرانییەکانی نێو سەرکردایەتیی یەکێتی و ئەو یادداشتەی کە دەگوترێ سەرکردەکانی ئامادەیان کردووە، لەسەر هەمان شتە. یەکێتی لە تەماشاکەری مشتەکۆڵەیەکی لاکۆڵان دەچێت کە چاوەڕێیە لایەک گورزی توندی بەربکەوێت و بەلادا بێت، بۆئەوەی ئەویش پەلاماری بدات. نابێ یەکێتییەک چەندین ساڵ کوشتەی دەستی ئەو نێوبانگەی بووبێت کە دەیانگوت "تەسلیمی پارتی بووە"، ئێستا بەتوانجەوە پێی بگوترێت "بە ریمۆت کۆنترۆڵێک کاردەکات کە لە گردی زەرگەتەیە".

باشووری کوردستان پێویستی بەو یەکهەڵوێستی و یەکڕیزییەیە کە لەدوای پێکهێنانی حکومەتی بنکەفراوان و شەڕی داعشەوە دروستبوو. ئەوەش تەنیا بەوە دەکرێت کە باڵانسی هێز لەنێوان لایەنە سەرەکییەکاندا بەباشی بپارێزرێت و هەمووڵا قبوڵیان بێت کە کێکەکەی کوردستان هێندە گەورەیە کەسیان بەتەنیا بۆیان قوت نادرێت.



بەختیار کەریم

# دەستوور و ناوازەیی

لەپاش ساڵی 2003 کاریگەرترین گوتاری سەرکردایەتی هەرێمی کوردستان و نوێنەرەکانی کوردستان لە بەغدا، گوتاری ناوازەیی هەرێمی کوردستان بووە. لەهەناوی ئەم گوتارەدا بەشێک لەو "ماف"انەی لە دەستووری عێراقدا زامن کران، رەوایەتییان بۆ دۆزرایەوە. ناوازەیی کوردستان بۆ ئەمریکای داگیرکەری عێراق روون بوو، هێزە ئۆپۆزسیۆنەکانی دوێنێ و حوکمڕانی عێراقی پاش 2003 نەزان نەبوون بەرامبەر بەم ناوازەییە.

گوتاری ناوازەیی کوردستان، تا ئاستێکی خەیاڵی پاڵی پێوەنرا و هەندێک دەیانگوت، هەرێمی کوردستان دەبێتە نموونەی دیموکراسی لە ناوچەی رۆژهەڵاتی ناوەڕاست، دەبێتە نموونەیەک کە دەوڵەتانی ناوچەکە دەقاودەق کۆپی دەکەن! ئەگەرچی بەشێکی زۆری ئەو راستییانەی ئەم گوتارەی لەسەر هەڵچنرابوو، هەڵە نەبوون، بەڵام لە هەموو ئەو وێستگە مێژووییە گرنگانەدا، کە ئەم ناوازەییە خراوەتە بەردەم تاقیکردنەوەی سەخت، شکستمان خواردووە لەوەی لە ئاستانەی ئەو ناوازەییەدا بین کە بانگەشەمان بۆ دەکرد.

یەکێک لەو کەمپەینە نێودەوڵەتیانەی پەیوەندییە گشتییەکان (Public Relations) کە حکومەتی هەرێمی کوردستان پارەیەکی زۆر باشی تێدا خەرج کرد و کۆمپانیایەکی پەیوەندییە گشتییەکان لە ئەمریکا بەڕێوەی دەبرد، ناوی عێراقەکەی تر (The Other Iraq) بوو. ئامانجی ئەم کەمپینە ئاشناکردنی کوردستان بوو وەک بەشێک لە عێراق، بەڵام بەشێکی تەواو جیاواز لە عێراق. لێرەوە کەمپەینەکە ناوی عێراقەکەی تر بوو تا نیشانی جیهان بدرێت، کە عێراقێک هەیە هەلاهەلایە بە تەقینەوە و کوشتاری مەزهەبی، عێراقێکیش هەیە کە بەهرەمەندە بە ئاوەدانکردنەوە و پەرەپێدان، عێراقێک کە هێزە ئیسلامییە شیعی و سوننییەکان بەزۆر بە ئیسلامیی دەکەن و عێراقێک کە حکومەتی هەرێمی کوردستان کردوویەتی بە پایتەختی پێکەوەژیان و لێبوردەیی ئاینی. بێگومان ئەمانە هەموو راست بوون و ئەم دوو عێراقە لە هزری کۆمەڵگەی نێودەوڵەتیدا جێگیر بووە.

ئەم جیاوازییەی هەرێمی کوردستان سەرئێشەی گەورەی بۆ دەسەڵاتدارانی عێراق دروستکرد. لێرەوە هەموو حکومەتەکانی عێراق، بەشێوەی جیاواز، هەوڵیانداوە ئەم ناوازەییە لە کوردستان بسەننەوە. لە هەندێک قۆناغدا، بەشێکی زۆری ئەو رەخنانەی ئاراستەی حکومەتەکانی عێراق دەکران، هەرێمی کوردستانیان وەک نموونەیەکی نایاب لەناو خودی عێراقدا دەدایەوە بەڕووی سەرکردەکانی عێراقدا، سەرکردەکانی عێراق لەجیاتی هەوڵدان بۆ فێربوون لە ئەزموونی هەرێمی کوردستان، هەوڵیان دەدا بەهەر نرخێک بووە، هەرێمی کوردستان بکەنەوە بە بەشێکی دانەبڕاو لە عێراق، چ وەک خاک و چ وەک جۆری حوکمڕانی. دراوسێکانی کوردستان، بەتایبەتی ئێران، هەمیشە بە نیگەرانییەوە لەم ناوازەییەی روانیوە. هۆکارەکان زۆرن، بەڵام گرنگترینیان ناوازەیی کوردستان هەڕەشەیەکی راستەوخۆ بوو لەسەر شەرعیەتی حکومەتی دەستکەلای ئێران لە بەغدا، هەروەها ئێران ترسێکی گەورەی هەبوو لە کاریگەرییەکانی ناوازەیی کوردستان لەسەر کوردەکانی ناو ئێران.

ئەمڕۆ هەڵمەتێکی گەورە هەیە لەناو خودی هەرێمی کوردستاندا بۆ بەعێراقیکردنەوەی عێراقەکەی تر. چیتر حکومەتی عێراق پێویستی بەوە نییە هەرێمی کوردستان لەسەر وێنەی خۆی کۆپی بکاتەوە، چونکە لەهەناوی هەرێمدا، چەند هێزێک کاردەکەن بۆ تۆخکردنەوەی هاوشێوەییەکانمان لەگەڵ عێراق و سڕینەوەی جیاوازییەکانمان لەگەڵ عێراق. ئەم هێزانە، بەوپەڕی هوشیارییەوە، کاردەکەن بۆ کوشتنی ناوازەیی کوردستان، بۆ سڕینەوەی ئەو شوناسەی ئێمەی لە عێراق جیادەکردەوە.

لە گفتوگۆی حیزبە سیاسییەکاندا لەسەر سیستەمی سەرۆکایەتی تا دەگاتە پێگەی ئیسلام لە دەستووردا، ئێمە لەگەڵ خولیایەکدا رووبەڕووین کە دژی هەموو ناوازەییەکی کوردستانە. لە هەوڵەکان بۆ نووسینەوەی دەستووری هەرێمی کوردستان، زۆر بە روونی ئەو ئاراستە بەهێزە بەدیدەکرێت کە هەوڵدەدات ئێمە لە عێراق بچین، سیستەمی حوکمڕانی ئێمە هەمان سیستەمی حوکمڕانیی عێراق بێت و سەرچاوەکانی یاسادانانمان هەمان سەرچاوەکانی یاسادانانی عێراق بێت. ئەم ئاراستەیە کۆمەڵێک خاوەن بەرژەوەندیی سیاسی - بازرگانی لەپشتەوەیە و بەبێ هەبوونی بچووکترین بەڵگە لەسەر سەرکەوتوویی عێراق و سیستەم و دەستوورەکەی، هەموومان بەرەو بەغدا پەلکێش دەکەن.

گرفتەکە لێرەدا کێشەی نێوان خولیای کوردستانی سەربەخۆ و عێراقچێتی نییە، گرفتە گەورەکە بەرژەوەندپەرستیی ئەم هێزانەیە کە هەرێمی کوردستان بەرەو ئایندەیەکی لێڵ و پڕ لە لێکترازان دەبەن. گرفتەکە ئەوە نییە سیستەمی ئێمە سەرۆکایەتی بێت یان پەرلەمانی، گرفتەکە ئەوەیە کە دەبێت هاوشێوەی بەغدا بین! لە جیهانێکدا کە سەدان نموونەی نایاب هەیە بۆ لاساییکردنەوە، حیکمەتی سیاسیی ئەم هەوڵانە لەکوێدان، ئەگەر تەنها تەسکبینی حیزبی و بەرژەوەندپەرستیی بازرگانی نەبێت؟

پاش ئەوەی ناوازەیی هەرێمی کوردستان بووە جێگەی بایەخی جیهان، بووە هۆکارێک بۆ پاراستنی کوردستان، چاوەڕوان دەکرا هێزە سیاسییەکانی ئێمە هەموو هەوڵێکیان ئاراستەی تۆخکردنەوەی ئەم ناوازەییە بکەن، نەک کاڵکردنەوەی. ئاکامەکانی ئەم کۆپیکردنەوەیەی ئەزموونی عێراق دەستبەجێ دەرناکەون، پاش چەند ساڵێکی تر هەرێمی کوردستان لە عێراقی ئێستا دەچێت. ئەو مەودا بەرتەسکە لە ئازادی کە لە هەرێمی کوردستان هەیە لەناودەبرێت، هەژموونی هێزە سیاسییە-بازرگانەکان دەگاتە ئاستێکی تاقەتپڕوکێن، دامەزراوەکانی حکومەت پڕدەبن لە کەسی نەشیاو و نەزان. هەموو ئەو هەوڵانەی خراونەگەڕ بۆ بەرەنگاربوونەوەی گەندەڵی، بێهوودە کۆتاییان دێت و یاساشکاندن دەبێتە نەریت.

ئەگەر "عێراقەکەی تر"ی پاش ساڵی 2003 تائێستا لانکەی پێکەوەژیان و لێبوردەیی بووبێت، لەسایەی کۆپیکردنی دەستووری عێراقدا، کەمینەکان هەمان چارەنووسیان دەبێت کە لە بەغدای پاش 2003وە هەیانە. لەسایەی دەستووری پێشنیارکراوی هەرێمی کوردستاندا، پێکەوەژیان و لێبوردەیی دەبنە مەرجدار: بەپێی مەرجی زۆرینەی باڵادەست ئەو کەمینانەی دەیانەوێت لەگەڵمان بژین، لێیان دەبوورین! ئەمەش هیچ نییە جگە لە هەمان ستەمکاریی زۆرینە کە بەغدا بەرهەمی هێناوە و پەیڕەوی دەکات و بەرگریی لێدەکات.

هەرێمی کوردستان شایستەی ئایندەیەکی باشترە لەوەی لە خەیاڵدانی هێزە سیاسییەکانی ئێمەدا وێنادەکرێت. خۆمان و جیهان چاوەڕوانیی گەورەترمان هەبوو لەوەی سیاسییەکانمان لە هەگبەیاندایە. ئاراستەکە روونە و نموونەی زیندوو هەیە کە ئەو ئاراستەیە بەرەو کام ئایندەی تاریکمان دەبات. تەنها کارێک کە لەم قۆناغەدا بکرێت بۆ رەواندنەوەی ئەم ترسە، بەردەوامبوونە لە بەڕێوەبردنی هەرێمی کوردستان بەبێ دەستوورێک کە کۆپی هەمان دەستوورەکەی عێراق بێت.

با لیژنەی نووسینەوەی دەستوور پاداشت و شایستەییە داراییەکانی خۆیان وەربگرن و بڕۆنەوە بۆ ماڵەوە، ئێمە پێویستمان بە دەستوورێکی تری عێراق نییە، دەستوورەکەی عێراق بەشی پێویست تاڵاوی کردووە بە گەرووماندا!



بێستوون عوسمان
bestoon.othman@rudaw.net

# دانوستاندن یان سوڵح

پێشهاتەکانی هەفتەی پێشوو لە قەیرانی سەرۆکایەتیدا دوو شتی گرنگیان خستەڕوو. یەکەمیان ئەوەیە کە وەکو کورد هەتا ئێستا شتێکمان نەزانیوە بەناوی دانوستاندن. ئەو رێککەوتنانەی هەتا ئێستا هەبوون، سوڵح بوون، نەک لێکتێگەیشتن لە ئەنجامی دانوستاندن. دووەمیشیان ئەوەیە کە لە ئێستا بەدواوە ئومێدێک دروست بووە لە کوردستان بۆ مومارەسەی سیاسەتی مەدەنی، دوور لە تارمایی تفەنگ و هەڕەشەی شەڕ.

با یەک بە یەک شییان بکەمەوە، کورد دانوستاندن نازانێت و دانوستاندنکاریشی نییە. راستە پێشتر دەیان قەیران هەبوون و بەشێوەیەک لە شێوەکان چارەسەر کراون، بەڵام ئەو چارەسەرانە لە ئەنجامی دانوستاندن نەبوون. بەکورتی چیرۆکەکە بەم شێوەیە بووە: پیاو ماقوڵێک یان ریش سپییەک کەوتووەتە بەینەوە و دەعوەتی بۆ لایەنەکان کردووە و لە ماڵی خۆیدا سوڵحی پێکردوون. دانوستاندن هونەرە و بەدرێژایی ماوەی قەیرانی سەرۆکایەتی هەموو لایەنەکان پێشانیان دا کە خاوەنی ئەو هونەرە نین.

لایەنێکی دیکەی ئەم نەزانینە حاڵەتێکی نەخوازراوی دیکەشی دروستکرد. ئەوەش نەسازان بوو هەتا سازاندن. رۆژی 2015/8/10 لە وتارێکدا ئەم دێڕانەم نووسی: "هەموو لایەنەکان پێویستە زۆر باش ئەوە بزانن کە ئەم مەسەلەیە بەشێوەیەک لە شێوەکان هەر یەکلایی دەبێتەوە. ئەگەر خۆتان نەتوانن بگەنە ئەنجام، یان ئەمریکا یان تورکیا یان ئێران دەبێتە نەخشەسازی ئەو رێککەوتن و یەکلاییبوونەوەیە. بۆیە بارەکە مەگەیەننە ئاستێک کە خۆتان بڵێن دەیکەینە دوو ئیدارە و کەسانی بیانی بێن رێکتانخەن. خۆتان بسازێن باشترە لەوەی وڵاتان بتانسازێنن".

کۆبوونەوە و لێکگەیشتنەکەی 8/18 شاهید بوو لەسەر ئەو راستییە کە نازانین لەنێو خۆمان دانوستاندن بکەین و پێویستمان بەوەیە خەڵکی بێگانە لەسەر مێز کۆمان بکەنەوە. بەڵام دەبێت زۆر باش ئەوە بزانین کە هەتا خەڵکی رێکمان بخات، هیچمان نابێت بە هیچ. سبەی رۆژ ئەگەر چووین و وتمان سەربەخۆییمان دەوێ، ئەمریکا ناڵێت "دانیشن! ئەگەر من نەبوومایە لەسەر کورسییەک یەکدیتان لەناو دەبرد؟!"

وابەستەییمان بە خەڵکی دیکەوە بۆ دانیشتنمان لەگەڵ یەک، لەسەر ئاستی نێودەوڵەتی دەمانگەڕێنێتەوە بۆ ئەو رۆژە رەشانەی نەوەتەکان. ئەو کاتەی هەر مانگە و لە شارێک و لە وڵاتێک، لە دبلن، لە ئەنقەرە، لە واشنتن، جەلال تاڵەبانی و مەسعود بارزانی رێکدەخران و کاتێکیش دەگەڕانەوە شەڕ دەستی پێ دەکردەوە هەتا ئەو کاتەی لە پایەتەختێکی دیکەوە بانگ دەکران بۆ ئەوەی بسازێنرێن.

شکستی خۆمان لە رێککەوتنمان و ناچاریمان بۆ ئەم و ئەو بۆ ئەوەی رێکمانبخەن، لەسەر ئاستی نێودەوڵەتی ئەو تۆزە رێز و شکۆیەشمان لەناو دەبات کە هەمانە! ئەگەر هەمانبێت!

دووەم بابەتی گرنگ کە قەیرانی سەرۆکایەتی خستییە پێش چاومان، شتێکی ئەرێنی بوو. ئومێدی سیاسەتکردنی مەدەنی. پێویستە دان بەو راستییەدا بنێین کە پێش 8/20 بەشێکی خەڵک چاوەڕێی شەڕ و پێکدادانیان دەکرد. بەڵام ئەوە 8/24ەو بارودۆخ ئاساییە. باس باسی دانوستاندنە و قورسترین قسە ئەوەیە کە بە گەڕانەوە بۆ دەنگی گەل هەڕەشە لە یەکدی بکەن.

ئەمە بەرەوپێشچوونێکی زۆر باشە. مانای ئەوەیە کە کۆمەڵگا بە پارتە سیاسییەکانیشەوە هەنگاوێکی ناوە و قۆناغێکی باشی بڕیوە بەرەو پێگەیشتن. لە ئێستا بەدواوە ئومێدێک هەیە کە لە کوردستان قۆناغی کاری سیاسی و مەدەنی دەستپێبکات. لایەنەکان ململانێی سیاسی بکەن، نەک شەڕی براکوژی. بۆ دەنگی گەل بگەڕێنەوە، نەک پەنا بۆ چەک بەرین. دانوستاندن بکەین نەک سوڵحمان پێ بکرێت.

ئەم وتارانە گوزارشت لە رای نووسەرەکانیان دەکەن و بەهیچ شێوەیەک دەربڕی بۆچوونی تۆڕی میدیایی رووداو نین.

WWW.RUDAW.NET

RÛDAW
Rudaw Media Network
Rudaw readers know more



لەیلا چوپانی:
## باوکم رێگەی داوم به رووتی دەربکەوم
« 10


خاوەنی ئیمتیاز : تۆڕی میدیایی رووداو
سەرنووسەر : سەلام سەعدی salam@rudaw.net
جێگری سەرنووسەر : سالّح قادر rodan@rudaw.net
بەڕێوەبەرانی نووسین: نەوزاد مەحموود newzad@rudaw.net
هیڤیدار ئەحمەد hevidar@rudaw.net
بەڕێوەبەری هونەری: حوسێن هیممەتی himati@rudaw.net
ئەندامی شانازی ستاف : عەبدوڵڵا قرگەیی
دیزاینەران : بەختیار مستەفا ، هونەر مەرجان ، شاهۆ محەممەد
هەفتەنامەیەکی سیاسی گشتییە تۆڕی میدیایی رووداو دەریدەکات
نووسینگەی سلێمانی : بەرامبەر پارکی ئازادی 07501130997
ناونیشان: هەولێر ـ شەقامی رووناکی
Tel: 0750 486 34 12 - 0750 488 56 96
rudaw@rudaw.net





